# ڕەهەندەکانی بەشداریی سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی CDI



هێمن هەورامی

رۆژانی ٢١و٢٠١٢/٩/٢٢ لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا، کۆنگرەی فراوانی حزبە دیموکراتە میانڕەوەکانی جیهان Centrist Democratic International کە لە زمانی ئینگلیزی بە CDI ناسراوە و لە زمانی ئیسپانیدا بە IDC ناسراوە، ئەنجامدرا. پێشتر سکرتاریەتی CDI، لە ڕێگەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) داوەتنامەیەکی فەرمیان ئاڕاستەی سەرۆك بارزانی کرد تاوەکو سەرۆکی (پ.د.ك) لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بێت. کۆنگرەکە بە بەشداری حزبەکانی ئەندام لە CDI و چاودێر و مێوانەکان لە ٣٤ وڵاتەوە دەستی بە کارەکانی کرد کە بریتی بوون لە وڵاتانی (ئەمریکا، ئیتاڵیا، ئۆکرانیا، بەلجیکا، بەرازیل، کرواتیا، ئەڵمانیا، هەنگاریا،مۆریتانیا، مەکسیك، پیرۆ، پورتوگال، ئیسپانیا، ئەلبانیا، جەزاییر، ئەنگۆلا، بولگاریا، کوبا، یۆنان، ئێرلەندا، لوبنان، مەدگاسکار، مەغریب،پەنەما، موزامبیق، رۆمانیا، سوید، سان مارینۆ، فەرەنسا، ئێل سلڤادۆر، فیلیپین، پاکستان) لە هەموو رۆژ هەڵاتی ناوەڕاست تەنها (پ.د.ك)و حزبی کەتائیبی لوبنانی بەو پێیەی ئەندامی CDI ین، وەکو ئەندام بەشداربوون. لەناو شاندەکاندا سەرۆك وەزیرانی (ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئەلبانیا، هەنگاریا، ئێرلەندا، یۆنان) و سەرۆکی پەرلەمانی ئیتالیا (فینی) بەشداربوون.

لە ڕێ و ڕەسمی وتار خوێندنەوەدا، تەنیا سەرۆك وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمانی ئیتالیا و جەنابی سەرۆك بارزانی و وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا لە جیاتی هەموو وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپا و ئەمین جومەیل سەرۆکی پێشووی لوبنان، وتاریان پێشکەش کرد.

بەشداری جەنابی سەرۆك بارزانی و پێشکەش کردنی وتارێکی گرنگ، کۆمەڵێك رەهەند و ماناو کاردانەوەی گرنگی هەیە لەوانەش:

- **دیبلۆماسیەتی فرە رەهەند**

(پ.د.ك) وەکو هێزێکی دیار و بەرچاوی خەڵکی کوردستان کە ٦٦ ساڵە قاڵبووی خەباتی رزگاریخوازییە، لەسەر بنەمای کاری دیموکراسی و نیشتمانی، بە وردی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دەخوێنێتەوە، سەرچاوە و رایەڵەی هێزە نێو دەوڵەتیەکان و جیاوازیەکانیان و خاڵە هاوبەشەکانیان لێك دەداتەوە و هەوڵ دەدات بە گرتنەبەری دیبلۆماسییەتی فرە رەهەند (Multi-Dimentional) لە ناو گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، دۆست بۆ کوردستان زیاتر بکات و باشتر و کاریگەرانەتر دۆزی کوردستان بە دنیای دەرەوە بگەیەنێت. لەو رووەشەوە (پارتی) مامەڵەیەکی هاوسەنگ دەکات لەگەڵ پارت و هێزەکانی ناو چوارچێوەی (دیموکراتی،



سێنتەرسیت و پارێزگارەکان کە لە IDU و CDI دا خۆیان دەبیننەوە) و (هێزە لیبراڵەکان) و (هێزە سۆشیال دیموکراتەکان کە لە SI ) خۆیان دەبیننەوە. بۆ (پ.د.ك) لە سیاسەت و پێوەندییەکانی دەرەوەیدا هێندە ئەجیندا نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان زاڵە، بە هیچ کلۆجێ باوەڕە فیکرییەکانی خۆی ناکاتە تاکە پێوەری مامەڵەی دیبلۆماسی و نابێتە بەشێك لە بلۆکبەندی ئایدیۆلۆژی. پێش کۆنگرەی CDI لە ڕۆما، کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتەکان SI لەسەرەتای مانگی ٢٠١٢/٩ لە باشووری ئەفریقیا لە کەیپ تاون ئەنجام درا، لویس ئەیالای سکرتێری (SI) داوەتنامەیەکی فەرمی ئاراستەی سەرۆك بارزانی کردبوو، بڕیار بوو جەنابیان بەشداری بکات، بەڵام لەبەر هاتنی شاندی دیکەو کۆبوونەوەی پێشتر بڕیار لەسەردراو، نەیتوانی بە شەخسی بەشدار بێت و نوێنەری (پ.د.ك) بەشداری چالاکانەی کردو نامەیەکی تایبەتی سەرۆك بارزانی گەیاندبووە لویس ئەیالا. بڕیارە لە مانگی ٢٠١٢/١٠ لە (ساحل العاج) کۆنگرەی لیبراڵەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی بکرێ و بە فەرمی پارتی داوەتکراوەو شاندێکی باڵای پارتی بەشدار دەبێت. پێشتریش بۆ کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین، شاندی پارتی بەشداری کردووەو بڕیارە پاش کۆتایی کۆنگرەی ١٨ی پارتی کۆمۆنیستی چین، لەسەر بانگهێشتی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتی کۆمۆنیست کە ئاراستەی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوە کراوە، شاندێکی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك) کە لە ٨ کەس پێکهاتوون سەردانی پەکین بکەن، لەماوەیەکی نزیکی ئایندەشدا سەرۆك بارزانی، لەسەر بانگهێشتی رووسیا سەردانی مۆسکۆ دەکات.

هەموو ئەمانە ئاماژەی ئەوەن، کە (پ.د.ك) خەمی گەورەی پرسی نەتەوەیی کوردو گەیاندنیەتی بە ناوەندە جیاجیاکانی دنیا و بانگهێشت کردنی و بەشداری کردنی لەم کۆنگرانە، باشترین بەڵگەی سەرکەوتوویی سیاسەت و هەڵوێستەکانی (پ.د.ك) و سەرۆك بارزانین.

**● پەیام و هەڵوێست و سیاسەتی روون**

سەرۆك بارزانی لە وتارەکەیدا لە کۆنگرەی فراوانی CDI، کۆمەڵێك تەوەرو بابەتی زۆر گرنگی وروژاند، کە بووە مایەی جێی سەرنجی سەرجەم ئامادەبووان.

(Ivan Doherty) بەرپرسی پرۆگرامی پارتە سیاسییەکان لە بارەگای سەرەکیی پەیمانگای نیشتمانی دیموکراسی NDI کە لە کۆنگرەکە بەشداربوو پێی وتم (وتارەکەی بارزانی ماناو ئاڕاستەی گرنگی تێدا بوو، گەشبینی و ئایندەبینییەکی جوانی تێدا بوو کە زۆر بە زەحمەت ئەم جۆرە وتارانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێن). لەلایەکی دیکە (Bertil) کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی (CDU)ی فەرمانڕەوای ئەڵمانیایە و لە کۆنگرەکە بەشدار بوو پێی وتم (بەشداریی بارزانی و قسەکانی قورساییەکی زیاتری بەخشیە کۆنگرەکە).

بە پێی تەکنیکی شیتەڵکاری گوتار (Discoures Analysis)، وتارەکەی جەنابی سەرۆك پەیامی روون و کاریگەری تێدا بوو کە خەڵکی کوردستان لە چ رابردوویەکەوە هاتووە، چ قوربانییەکی داوە، ئێستا لە کوێیەو چی بە دەست هێناوەو دەیەوێت بۆ کوێ بڕوات و روانینی روونی هەیە بەوەی کە چۆن بەرەو ئایندە بڕوات. ئەم ستراکچەرە لە وتارەکەی سەرۆك بارزانی، کاریگەری دیاری لەسەر ئامادەبووان هەبوو، بە جۆرێك پاش تەواو بوونی وتارەکەی، (Casini) کە سەرۆکی CDI بوو و کۆنگرەکەی بەڕێوە دەبرد گوتی (زۆر سوپاس بۆ دۆستی نزیك و بەڕێزمان بەڕێز سەرۆك بارزانی کە بە شانازییەوە توانیویەتی رابەرایەتی میللەتەکەی بۆ ئازادی و دیموکراسی و ئاوەدان کردنەوە بکات و ببێتە نموونەو چیرۆکێکی سەرکەوتوو لە ناوچەیەکی هەستیاردا).

**● دیپلۆماسیەت لە سەردەمی جیهانێکی فرەجەمسەردا**

بەشداری سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی (CDI)دا رەهەندێکی دیکەی هەبوو بەوەی کە بتوانێ هەڵوێست و سیاسەت و پێگەی هەرێمی کوردستان و تێڕوانینی بۆ ئایندە بگەیەنێتە زۆرترین وڵاتانی ئەوروپا، چونکە لە کۆی ٢٧ وڵاتی ئەوروپی، حزبە ئەندامەکانی CDI لە ١٦ وڵات حوکمڕانن یان لە ئیئتلافی حوکمڕانین. کەواتە، ئەم حزبانە قورسایی و کاریگەریی گەورەیان لە یەکێتیی ئەوروپا و سیاسەتی دەرەوەی ئەوروپاو بەمەیش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەیە. ئێستا جیهان لەبەردەم کۆمەڵێك جەمسەری هێزدایە و جیهان بەرەو قۆناغی فرەجەمسەری دەچێت (Multi Polar). یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکاو چین و رووسیاو بەرازیل و هیند لەو جەمسەرە سەرەکییانەن. بۆ ئێمە گرنگە لەسەر پرەنسیپ و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ستراتیژییەکانی خەڵکی کوردستان، پەیام و هەڵوێست و دەنگی خۆمان بگەیەنینە ئەو جەمسەرانە. بیسەلمێنین کە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت فاکتەرێکی کاریگەرو کارتێکەری گرنگ بێت لە بەڵانسی هێزی ناوچەکەو ئاسایشی وزەو دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ. بۆیە، بەشداریی سەرۆك بارزانی و جەختکردنەوە لەسەر پێگەو هەڵوێستی کوردستان، جووڵەیەکی دیکەی ئەکتیڤ و دەستپێشخەرە بەو ئاڕاستە فرەجەمسەریەدا.

لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی گۆڤاری Lessentielی فەرەنسیدا

# گەشەی هەرێمی کوردستان گەشەی بەچکە پڵنگێکە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

((ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دیپلۆماتیەتێکی بێ وێنەدا یەکەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی بۆ گەلی کوردستان فەراهەمکردووە، ئەم هەرێمە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووی دوای کشانەوەی دامودەزگا و سوپای عێراق، لەناو ژینگەیەکی جیۆسیاسیی ئاڵۆزدا مۆدیلێکی تازەی بونیادنانەوەی لەدەوڵەوتی ئەمری واقیعدا پیادەکردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیدی کوردەوە وەک بەرهەمی چەندین سەدە تیکۆشان و قوربانیدان سەیر دەکرێت. ئەگەر لەڕووی ئابوورییەوە بەراوردێک لەنێوان دەوڵەتانی هاوشێوەی یەکدی بکەین، ئەوا هەرێمی کوردستان بە حکومی ئەوەی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەرەو هێشتا دەوڵەت نییە، بارودۆخێکی زۆر نائاسایی گەشەی ئابووریمان پیشاندەدات، لەبەر ئەوەی لەماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠ بانک بۆ کاروباری بازرگانی لەم هەرێمە کراونەتەوە، ئەمەش لە قۆناخێکدایە کە هێشتا ئەم هەرێمە سیستمێکی دارایی ئابووری گشتگیری نییە. بەپێی دەستووری عێراق سیاسەتی نەختی و دارایی لە بەغدا بڕیاری لێدەدرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی نییە سیستمی دڵنیایی خۆی هەبێت، یان ببێتە ئەندام لە هیچ ڕێکخراوێکی دارایی لە جیهاندا...بەڵام وێڕای ئەمانەش کاتێک سەیری جووڵەی بازرگانی دەکەین، هەست دەکەین کوردستان لە حاڵەتی ئابوورییەکی باشدایە، دەتوانین بڵێین لە قۆناخی گەشەکردندایە، گەشەکردنێک وەک گەشەی بێچووە پڵنگێکە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)).

گولان

٩

ژمارە (٨٩٨) ■ ٢٠١٢/١٠/١

سیاسی

L'essentiel des relations internationales • No. 43 • September 2012 • €4 Politics • Diplomacy • Economy • Culture

# l'essentiel
DES RELATIONS INTERNATIONALES



**IRAQI KURDISTAN SPECIAL REPORT**

**FRANCE**

**EDUCATION: WHAT'S NEW IN 2012?**
BY CHARLOTTE LE BRUN

**INTERNATIONAL**

**THE UK WILL NOT LEAVE THE EUROPEAN UNION**
BY PHILIPPE MOREAU-DEFARGES

**WHAT ASSESSMENT OF BARACK OBAMA?**
BY MARIE FOREST

# MASSOUD BARZANI
## PRESIDENT OF THE FEDERAL REGION OF IRAQI KURDISTAN

## A DEMOCRAT DEDICATED TO PEACE AND DEVELOPMENT

**IRAQI KURDISTAN: A REGION UNDERGOING RAPID CHANGE**

**AN ECONOMIC DYNAMIC OF GROWTH**

**A NATION ON THE ROAD TO SELF-DETERMINATION**

**ERBIL: A MANY-SIDED CITY**

No. 43 - SEPTEMBER 2012
Canada C$ 7.00 - Maroc 60 DH
M 02411 - 43 - F: 4,00 € - RD

گۆڤـــاری Lessentile کـــە یەکێکـــە لە گۆڤارە دیار و ناســـراوەکانی فەرەنســـا و بایەخ بە پرســـە نێودەوڵەتیـــەکان دەدات و ئۆفیسی ســـەرەکی لە پاریسە، بە هەرسێ زمانی (فەرەنســـی و ئینگلیزی و ڕوسی) بەســـەدان هەزار ژمـــارەی لێ چاپ دەبێت و لەسەرانســـەری جیهاندا بـــڵاو دەبێتەوە، ئەم گۆڤـــارە لە دوایین ژمـــارەی مانگی ٩ و ١٠ ئەمســـاڵدا، ڕاپۆرتێکـــی تایبەتی لەســـەر هەرێمی کوردستان بڵاو کردۆتەوە و ئەم ڕاپۆرتە بـــە دیمانەیەکی تایبەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەســـت پێدەکات و بە جەختکردنەوە لەســـەر پەرەپێدانی گەشتیاری لە کوردستان کۆتایی دێـــت، لە کۆی ١٠٠ لاپـــەڕەی گۆڤارەکە، بێجگە لـــەوەی بەرگـــی گۆڤارەکە بۆ ئەم ڕاپۆرتـــە تەرخانکراوە، وێنەی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بە گەورەیـــی دانراوە، لەهەمان کاتـــدا ٤٣ لاپەڕەش بۆ ڕاپۆرتەکە تەرخانکـــراوە و چەندین بابەتی هەمەجۆری لەخۆگرتووە کە بریتین لە:(دیمانەی سەرۆك بارزانی، دۆزینەوەی گەوهەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مسعود بارزانی. ژیان لە پێناوی خزمەتکردنی کوردســـتاندا، کوردســـتان و عێراق لەســـەر لێواری چەقۆ، کوردســـتانی عێراق. ڕێگە بـــەرەو بڕیاردانی چارەنووس، کوردستان خۆی بانگهێشت دەکات بۆ جەژنی ئیقلیمی، ئابووری: گەشەکردنی نەتەوەیەك، کێشـــە لەســـەر نەوت، بەرەبەیانـــی نەتەوە، کۆمەڵگەیەکی کـــراوە بۆ زانیاری، هەولێر: پایتەختی یەکگرتن بۆ ئایندە، جەختکردنەوە لەسەر گەشتیاری).


## ● گەلێك لە چاوەڕوانی وەدیهاتنی خەونێکی ٥٠٠ ساڵیدا

بەرگی ئـــەم ژمارەیـــەی Lessentel کـــە تەرخانکـــراوە بۆ وێنەیەکـــی گەورەی بەڕێز مســـعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەژێر وێنەکەدا مانشێتێك نووسراوە (دیموکراتێك ژیانی خۆی بۆ چەســـپاندنی ئاشـــتی و پەرەپێدان تەرخانکردووە) ئەمەش لـــە خۆیدا پەیامێکە کە ئەم ســـەرۆکە هەر هەنگاوێك هەڵبگرێت و هەر بڕیارێك بدات، هەمـــووی لەپێناوی ئاشـــتی و پەرەپێدانی تـــەواوی ناوچەکەیە، ئـــەم گۆڤارە دەیەوێت ئەوە بە جیهـــان ڕابگەیەنێت، بارزانی کاتێك دەیەوێـــت گەلەکەی بەســـەربەرزی بژی و خاوەنی کیان و دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆی بێت، ئەوا ئەو دەوڵەتەی داوای دەکات، دەبێتە هەوێنی ئاشـــتی و پەرەپێدان لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، گۆڤارەکە بێجگە لەوەی دیمانەیەکی تایبەتی فرەلایەنی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان ئەنجامداوە، بەڵام لەناو ڕاپۆرتـــە تایبەتەکەیدا بابەتێکی گرنگی بۆ خوێندنـــەوەی خودی گۆڤارەکە بۆ شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ناونیشانی (مسعود بارزانی...ژیان لە پێناوی خزمەتکردنی کوردستاندا) بڵاو کردۆتەوە و لەم بابەتـــەدا، باس لـــەوە دەکات کە دوای هەڵبژاردنەوەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، سەرۆك بارزانی کۆمەڵێك ئەولەویەتی نوێی کردە کارنامەی خۆی، لە نێویاندا هەوڵدان بۆ واڵاکردنی دەرگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان، فراوانکردنی شـــەراکەت لەگەڵ هێزە دەرەکیـــەکان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی ســـەرچاوەی هەمەجـــۆری ئابـــووری بۆ هەرێمەکە، هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە بە ئاشـــکرا بەرەنگاری دەسەڵاتی تاکڕەوی نوری مالیکـــی ســـەرۆك وەزیرانی عێراق بۆتەوە.

گۆڤارەکـــە ســـەبارەت بەو ئاســـتەنگ و گرفتانەی ڕووبەڕووی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان دەبێتەوە بـــۆ پارێزگاریکردن لەو پەرەپێـــدان و پێشـــکەوتنەی لـــە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، ئاماژەی بەوەکردووە کە هێشتا کێشـــەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرێمی کوردســـتان (کەرکوك و ناوچەکانی دیکە) بـــە چارەســـەرنەکراوی ماونەتەوە، ئەمـــەش بۆتەهۆی ئـــەوەی هێندەی دیکە پێوەندییەکانـــی نێوان هەرێمی کوردســـتان و بەغـــدا بەرەو ئاڵۆزبـــوون بچێت، هەروەها مشـــتومڕێکی توند لەبـــارەی ئیمزاکردنی گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا گەورە دەرەکیەکاندا کە گرێبەستیان لەگەڵ هەرێمی کوردســـتان ئیمزاکردووە و لەهەمانکاتدا لە عێراقـــدا کار دەکەن. بـــەڵام وێڕای هەموو ئەمانـــەش بە پشتبەســـتن بـــەو جموجۆڵە سەرنجڕاکێشـــیەی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکە هەیەتـــی، ســـەرۆك بارزانـــی بـــە نیازی درێژەپێدانـــی ڕەوتـــی پەرەپێدانی ژێرخانی هەرێمەکە و شـــەراکەتە بۆ ئەوەی پتر خۆی لە هەژموون و تاکڕەویی و باڵادەستی بەغدا ڕزگار بکات.

**هەرگیز کوردستان هێندەی ئێستا نزیك نەبۆتەوە لە بەدەستهێنانی یەکێك لە دێرینترین و کۆنترین خەونەکانی خەڵکی کوردستان کە بریتییە لە سەربەخۆیی**

لەبەشـــێکی دیکەی ڕاپۆرتـــە تایبەتەکەدا و ســـەبارەت بە خۆزگەی ســـەرۆك بارزانی بـــۆ دامەزراندنـــی دەوڵەتی کوردســـتان و بەدیهێنانـــی خەونی لـــە مێژینەی گەلی کوردســـتان، کە گۆڤارەکـــە دەیگێڕێتەوە بۆ دابەشـــکردنی کوردســـتان لەنێوان سەفەوی و عوســـمانییەکاندا، ئەویش دابەشـــکردنی کوردســـتان بووە، بۆیە گۆڤارەکە خۆزگەی بەڕێز مســـعود بارزانی بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە قۆناخی سەرفرازی یەکجاری بەوە گرێدەداتەوە کـــە بارزانی دەیەوێت لـــەو هەنگاوانەی کـــورد بڕیوویەتی، نەگەڕێتەوە بۆ داواوە و پارێزگاری بەو دەسکەوتانە بکات کە بەدەست هاتوون و لێرەوە هەنگاو بۆ دەســـکەوتی گەورەتر هەڵبگرێت، بۆیە لـــەم چوارچێوەیەدا گۆڤـــاری Lessentiel بەمجۆرە دەیخاتە ڕوو و نووسیوویەتی:(پێدەچێت ســـەرۆك بارزانی کە بە پەرۆشە بۆ ئەوەی «پارێزگاری لە سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا» بـــکات، ئامادەبێت بۆ ئەوەی خاڵی نەگەڕانەوە تێپەڕێنێت، ئەو خاڵەی کـــە ســـەرکردەکانی پێـــش خۆی نەیانتوانـــی لێـــی نزیـــك ببنەوە. ســـەرچاوەی ئیلهامیشی بۆ ئەم خۆزگەیە کە دەوڵەتی کوردستانە، ئیعتیرافکردنەکانی ئەم دواییەی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بوو بە کۆمەڵێك دەوڵەتـــی نوێ، وەك کۆسۆڤۆ و باشـــووری سوودان، بـــەم دواییە ســـەرۆك بارزانی ڕایگەیاند کـــە «لە ڕەوتی دە ساڵی ڕابردوودا، گۆڕانکاری گەورە لە جیهاندا ڕوویاندا کە بوونەهۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر ئازادی بەدەست بهێنن.... بۆ مـــن جێی سەرســـوڕمان نابێت ئەگەر شتێکی هاوشێوە لـــە ناوچەکـــەی ئێمەشـــدا ڕووبـــدات.»،.. دوای



**کێشەی کورد ئەو پرسە تەقلیدیەی وروژاندووە کە چۆن نەتەوەیەك دەتوانێت لە سیاقێکی جیوپۆلەتیکی ئاڵۆزدا مافی بڕیاردانی چارەنووس بەدەست دەهێنن**

شەڕی کەنداوی دووەم لە ساڵی ١٩٩١دا، خەڵك و پێشمەرگە ڕاپەڕینیان کرد. بەڵام ڕاپەڕینەکە سەرکوتکرا و سەرەنجام کۆڕەوە دوو ملیۆنییەکەی لێکەوتەوە، کاروانی یەك لەدوایەکی کۆچبەران لە سنوورەکانی تورکیا و عێراق کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پیشاندەدرا، بۆیەکەمجار لە مێژوودا ویژدانی ڕۆژئاوای جووڵاند و ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، کە ناوچەیەکی پارێزراو و دژە فڕینی دامەزراند. واتە بناغەی جیابوونەوە دانرا.. لەدوای ٢٠ ساڵ ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمیە(خۆبەڕێوەبردن) و بۆتە گەمەکارێکی سەرەکی لە ژیانی سیاسی وڵاتەکەدا. هەرگیز کوردستان هێندەی ئێستا نزیك نەبۆتەوە لە بەدەستهێنانی یەکێك لە دێرینترین و کۆنترین خەونەکانی خەڵکی کوردستان کە بریتییە لە سەربەخۆیی)).

لەم بازنەیەدا گۆڤارەکە بایەخێکی گرنگی بەو پێشکەوتنە سیاسیی و ئابوورییە داوە کە لە کوردستان هەستی پێدەکرێت، هەروەها جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە ئەو گەشە ئابوورییەی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، لەساڵی ٢٠١٠ بەرێژەی ٨٪ بووە لەساڵی ٢٠١٢ مەزندە دەکرێت ڕێژەی بەرهەمی خۆماڵی بگاتە ١٢٪، بۆیە بە پشت بەستن بەم ئامارانە و لە ڕوانگەی بۆچوونی پسپۆڕانی بانکی نێودەوڵەتیەوە ئەدای ئابووری لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان دوای مەنگۆلیا بە پلەی دووەم بێت، ئەمەش بە ئەدایەکی سەرسوڕهێنەر و ئاییندەیەکی مژدەبەخشی لە قەڵەم داوە، بەڵام گۆڤارەکە ئاماژە بەوەش دەکات ئەگەر بەوجۆرە سەیری ئەم کیانە

**لە حاڵەتی پێشێلکردنی دەستووردا دەبێت سەرۆك مسعود بارزانی بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکە بگەڕێت و هەوڵبدات زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات**




Iraqi Kurdistan Special Report

President Massoud Barzani with US Secretary of State Hillary Clinton on 28th January 2010 in Washington.

is fair and deft, as Masoud Barzani knows full well that all groups in Kurdistan have, in either ancient or recent history, been subjected to tyrannical rule from Baghdad, and are mostly delighted to see the historic dynamic thrown out. No official road map to independence exists in Erbil, but reading between the lines of the official discourse reveals that progress is well under way. President Barzani and his entourage remain, however, well aware that it would be suicidal to rush through independence. The President of the KRG knows that History itself will legitimize self-determination for Iraqi Kurdistan, as long as it is sensibly planned, and progresses calmly and patiently.

The cause is just, if only because of the centuries of oppression endured by the Kurds and other Kurdistani minorities. The objective reasons for the legitimacy of the independence campaign include acknowledgement of Saddam Hussein's crimes against Kurdistan's Kurds and Turkomen, as well as the persecution of Christians and Yazidis during the Ba'ath party rule, events which cry out for broad international recognition of an independent Kurdistan.

From a legal point of view, the process to classify the Al-Anfal campaign as genocide is already underway, with no need for action from the authorities in Erbil. In 2005, a tribunal found a Dutch national guilty of supplying chemicals used in the shelling of Halabja in 1987, denouncing the attack as an act of "genocide". The massacre of the martyred city's population was officially recognised as an act of genocide by the Iraqi Supreme Criminal Court in 2010. That same year, the Canadian Parliament passed a motion to classify the attack as a "crime against humanity".

Indeed, the international acknowledgement of Saddam Hussein's crimes against the Kurdistani population forms a major part of Erbil's case for a legitimate right to self-determination.

In parallel, President Barzani never ceases to repeat that Kurdistan will "never accept dictatorial power from Iraq", frequently accusing Nouri al-Maliki, the Iraqi Prime Minister, of wishing a return to centralised power as under Saddam. While the symbolic issue of acknowledgement of Saddam's crimes looks ready to conclude favourably, the most crucial issues in the independence process remain unresolved.

KIRKUK, OR THE GORDIAN KNOT

The "disputed areas" around Kirkuk, detailed in article 140 of the Iraqi constitution, remain the Gordian knot of Kurdistan's dilemma. The 2005 Constitution includes provisions for a census and a referendum "in Kirkuk and the disputed areas" before 31 December 2007, in order to see if the people would choose to be governed by the KRG. Almost five years after the deadline set by the constitution, Baghdad is yet to order a census, nor has it taken any steps to organise the planned referendum. Baghdad is trailing its heels, and Erbil is growing impatient.

For President Barzani, "*the solution to the Kirkuk problem can be found in article 140 and a referendum; if Baghdad*

**● وەرچەرخان لە کێشەی کورد دوای دروستبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان**

ئەگەر ڕاپەڕین و کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ بە بڕیاری دەستەجەمعی گەلی کوردستان دابنرێت بۆ پیادەکردنی دروشمی (کوردستان یان نەمان) ئەوا لەهەردوو ڕووداوی ڕاپەڕین و کۆڕەودا گەلی کوردستان بە کردەیی ئەو بڕیارەی جێبەجێ کردووە کە جارێکی دیکە ئامادە نییە بە ژێردەستەیی بژی و وڵاتەکەی داگیرکراو بێت، ئەم بڕیارە کە تەنیا لە بەشێکی کوردستان ٢٠ساڵ لەمەوپێش درا، بووە بناخە بۆ هۆشیارییەکی نەتەوەیی ئەوتۆ کە قۆناخێکی تاریکی لەمێژووی تێپەڕاند و سەرەتای قۆناخێکی نوێی پرشنگدار دەستی پێکرد، ئەوەشی ئومێدی لەسەر ئەم قۆناخە نوێیە پەیداکرد، خۆڕاگری خەڵك و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بوو کە توانیان لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو وێڕای هەموو کەموکوڕییەکان دروستبوونی شەڕی ناوخۆ، بەڵام ئەم هەرێمە بووە کیانێکی خۆبەڕێوەبردنی ئەوتۆ کە زۆر لە چاودێرانی سیاسیی بە دەوڵەتی ئەمری واقیع پێناسەی دەکەن یان باسی لێوە دەکەن، ئەگەر تائێرە ئەمە تێڕوانینێکی خۆماڵیانە بێت بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان، ئەوا جێگای خۆشحاڵیە کە ئێستا خەڵکی دەرەوە ڕۆژنامەنووس و توێژەران و ئەکادیمیەکان بەهەمان تێڕوانین

**ئیقراری نێودەوڵەتی بەو تاوانانەی سەددام حوسێن و ڕژێمەکەی دژی دانیشتوانی کوردستان پیادەیان کردووە. بەشێکی گەورەی پاساوەکەی هەولێر پێکدەهێنێت بۆ ئەوەی بیکاتە پاڵپشت بۆ مومارەسەرکردنی مافی شەرعی بڕیاردانی چارەنووس**

سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، لەمبارەوە گۆڤارەکە لە ڕاپۆرتە تایبەتەکەی لەسەر هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردۆتەوە، کێشەی کورد یەکێك بووە لە کێشە هەرە گەرم و مشتومڕ هەڵگرەکانی یاسای نێودەوڵەتی مۆدێرن لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا. یەکێك لە بەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان توانیویەتی سەربەخۆیی ئەمری واقیع بەدەست بهێنێت و لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، ئەم دامەزراوانەش لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوون، بەڵام دەسەڵاتەکانی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەدەستهێنا، بەڵام بەبێ ئەوەی بە ڕەسمی مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات. ئەم هەل و مەرجە یاسایی و سیاسیە بێ پێشینەیە دەرئەنجامی دۆخی دراماتیکی و سیاقی سیاسی و دیپلۆماتی شەڕی کەنداو بوو...بەپێی تیۆری یاسای گشتی نێودەوڵەتی، هەموو دەوڵەتێك بە قەوارەیەکی خاوەن سەروەری دادەنرێت کە دابەش نابێت، هەموو گرووپێکی نەتەوەیی- یان نەتەوەیەك- دەتوانن ببنە دەوڵەت ئەگەر ئەمە خواست و ئارەزووی ئەوان بوو. ئەمە ئەو مافەیە کە بە شێوەیەکی تەقلیدی پێی دەڵێت «مافی بڕیاردانی چارەنووس» و ئەمەش بەردی بناغەی بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا ڕوویدا. بەڵام هەرچۆنێك بێت، دوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای نەوەتەکاندا کە دوانزە دەوڵەتی نوێ سەروەریان بەدەستهێنا، بێ ئەوەی ڕاپرسیەکەی ڕەسمی ئەنجام بدرێت بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانانی چارەنووس، تێڕوانینەکان لەبارەی مانای مافی بڕیاردانی چارەنووس گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردا هات. هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، کوردەکان

بوونەتــە گەورەتریــن گروپی «ئیتنــی» یان «نەتەوەیی»ین لە جیهانــدا کە بێ دەوڵەتن. هەروەها کێشــەی کورد ئەو پرسە تەقلیدیەی وروژانــدووە کە چــۆن نەتەوەیــەك دەتوانێت لە ســیاقێکی جیوپۆلەتیکــی ئاڵۆزدا مافی بڕیاردانــی چارەنووس بەدەســت دەهێنن، کە ســێ کەلتــوری زاڵی ڕۆژهەڵاتــی نزیك و ناوەڕاست پێکدەگەن: کەلتوری تورك و عەرەب و فارس. هەروەها پرسی کەلتور و ناسنامە لە ناوچەیەکدا دەوروژێنێت کە بە ئاســانی لێیی تێناگــەن، ناوچەیەك کــە کەلتوری خێڵ زاڵە بەسەریدا.

دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردســتان لە عێراقدا (کە حاڵەتێکی تایبەتە)، ئێستا ئەوە ڕوونە کە زۆربەی زۆری کوردستانییەکان لە هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستان بە توندی پشتیوانی لە ڕەوتی خۆڕزگارکردن لە حکومڕانی بەغدا دەکەن. ئــەو پەیوەندیە کەمانەی لە نێوان بەغدا و هەولێــر هەیە- بە تایبەتی لــە پەیوەندیدا بە گرێبەســتە نەوتیەکان و ئەنجامدانی ڕاپرسی لەســەر «ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان» بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی پشتیوانی لە هەڵوێســتی سەرۆك بارزانی لە دژی بەغدا بکەن.

هەر لەســەرەتای ســاڵی ٢٠١٢ەوە، سەرۆك بارزانــی هەموو دەرفەتێکی قۆســتۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕاســتیە بە بیــری هەموو لایەك بهێنێتەوە کــە مافی بڕیاردانــی چارەنووس «مافێکی سروشتی خەڵکە و لەڕێی ئاشتی و گفتوگۆوە بەدەست دەهێنرێت.» ئەم هەڵوێستە هەڵوێســتێکی ڕەوا و ژیرانەیە. لەگەڵ ئەوەی لە هەولێر نەخشــەیەکی ڕێگای فەرمی نییە بۆ ســەربەخۆیی کوردســتان، بەڵام ئەگەر لە خیتابی ڕەسمی ورد بینەوە بەرەوپێشچوون بەدی دەکەین. سەرۆك بارزانی و کەسانی دەوروبەری دەزانــن هــەر پەلەکردنێك بۆ بەدەســتهێنانی سەربەخۆیی خۆکوشتنە. ســەرۆکی هەرێمی کوردستان دەزانێت مێژوو ڕەوایەتی و شەرعیەت بــە کوردســتانی عێــراق دەدات بــۆ ئەوەی مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنوس بکات، بە مەرجێك ئەم مافە بە هەســتیاریەوە پلانی بۆ دابنرێت و بە هێمنی و ئارامگرتنەوە کاری لەسەر بکرێت. بێگومان کێشەکە ڕەوایە، ئەگەر هــەر تەنیا لەبەر ئەوەش بێت کە کورد و نەتەوە کوردســتانییەکانی دیکە بۆ چەندین سەدە لە ژێر زەبری سەرکوتکاریدا بوونە.

ســەبارەت بەوەشــی کــورد چــۆن دەتوانێت نەخشــەیەکی ڕێگە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، گۆڤارەکە وای دەبینێت ئەو نەخشــەیە پێویستی بە هەنگاو هەڵگرتن و هەنگاوی کوردە بۆ ئــەوەی بتوانێت بەڵگەی تەواوی لەبەردەســت بێت بۆ ئــەوەی بتوانێت لەم ڕێگەیەدا بــەکاری بێنێت، بۆیە گۆڤارەکە هەوڵدان بۆ ناســاندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بەکورد ئەنجامدراون لە ژینۆساید بە هەنگاوێکی ژیرانە دەزانێت و لەمبارەوەو نووسیوویەتی: (لە ڕاســتیدا ئیقراری نێودەوڵەتــی بەو تاوانانەی سەددام حوسێن و ڕژێمەکەی دژی دانیشتوانی کوردســتان پیادەیان کردووە، بەشێکی گەورەی پاســاوەکەی هەولێر پێکدەهێنێــت بۆ ئەوەی بیکاتە پاڵپشــت بۆ مومارەســەرکردنی مافی شەرعی بڕیاردانی چارەنووس)).




**بە شوێنپێهەڵگرتنی ئەسکەندەری مەزن، پێدەچێت مەسعود بارزانی سەرقاڵی تیژکردنی چەقۆکەی بێت بۆ ئەوەی لەکاتی گونجاوی خۆیدا ئەم گرێ یاسایی و سیاسیە ببڕێت**

**● هەوڵەکانی بارزانی**
**بۆ بڕینی گرێ یاسایی و سیاسییەکان**

بەڕێز مەسعود بارزانی لەدیمانە تایبەتەکەی لەگەڵ گۆڤاری Lessentiel ئاماژە بەوە دەکات، ئەو بۆیە خواستی ئەوەبووە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە دەنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی متمانەی گەلەکەی بە سەرۆکایەتی ئەو بزانێت، بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩ زیاتر لە ٪٧٠ی خەڵکی کوردستان متمانەیان بە بەڕێز مەسعود بارزانی داوە بۆ ئەوەی لەم قۆناخە سەرۆکی کوردستان بێت، بەڵام خاڵی لەمە گرنگتر ئەوەیە کە بەپێی ئاکامی ڕیفراندۆمە نافەرمیەکەی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدراوە نزیکەی ٪٩٩-١٠٠ خەڵکی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستانداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان لەیەکەم هەنگاویدا بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکەکەی ئەوەیە یان دەبێت نەتەوەکەی ئازاد و سەربەخۆ بێت لە چوارچێوەی عێراق و بەپێی ئەو مافانەی لەدەستووری عێراقدا بۆی دیاریکراوە، یان دەبێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات کە نەتەوەکەی دەیدات، بۆیە لەهەردوو حاڵەتەکەدا بارزانی دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێك:

١- سەرۆك بارزانی دەبێت هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی دەستووری عێراق کە لەساڵی ٢٠٠٥ دەنگی پێدراوە. ئەم دەستوورە کە لانی کەمی داخوازییەکانی گەلی کوردستان جێ بەجێ دەکات تەنیا ڕێگەیە کە گەلی کوردستان وەك بەشێك لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە.

٢- یان ئەوەتا دەبێت سەرۆك مسعود بارزانی لە حاڵەتی پێشێلکردنی دەستووردا بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکە بگەڕێت و هەوڵبدات زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

کەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت سەرۆك مسعود بارزانی تاسەر ناتوانێت گەلەکەی ڕازی بکات بەوەی لەو دووڕیانە بمێنێتەوە، بەڵکو یان دەبێت دەستوور جێبەجێ بکرێت و عێراق ببێتەوە بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی، یان ئەوەتا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ڕاستیە تێبگات کە گەلی کوردستان جارێکی دیکە هاوولاتی پلە دوو و ژێر دەستی قبوڵ ناکات و ئامادەیە بڕیاری خۆی بدات، ئەوجا هەرچیەك دەبێت با ببێت.

سەبارەت بەم واقیعەی کە تیمی گۆڤاری Lessentiel خۆیان لەکوردستان بینوویانە، هەوڵەکانی ئێستای سەرۆك مسعود بارزانی بە هەوڵەکانی ئەسکەندەری مەزن دەچووێنن کە دەیەوێت هەرچۆنێك بێت ئەو گرێ سیاسی و یاساییانە تێپەڕێنێت کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم گەلی کوردستان بۆ بڕیاردانی لەسەر بڕیاری چارەنووس، لەمبارەوە نووسیوویەتی :(بە شوێنپێهەڵگرتنی ئەسکەندەری مەزن، پێدەچێت مەسعود بارزانی سەرقاڵی تیژکردنی چەقۆکەی بێت بۆ ئەوەی لە کاتی

**ئەوەی لەدەستووری عێراقدا هاتووە ئەگەر لۆژیکی سەرۆکێکی وەك بارزانی لەپشتەوە نەبێت و پشتگیری لە جێبەجێکردنی بەندەکانی نێو ئەو دەستوورە نەکات. ئەوا ئەو دەستوورەش ئەو کاغەزە ناهێنێت کە دەستوورەکەی لەسەر نوسراوە**


Iraqi Kurdistan Special Report

Discovering the gem of the Middle East

The autonomous region of Iraqi Kurdistan has offered the Kurdish people their first experience of self-administration, in an explosive diplomatic context. Twenty years after the withdrawal of the Iraqi administration and army, the country is asserting its place on the regional and international stage, offering an atypical model for the construction of a quasi-State in a complex geopolitical environment. For Iraqi Kurds, the autonomy of the KRG [Kurdistan Regional Government] crowns the long process of oppression and struggle, over many centuries, for self-government.

BY PIERRE LE BELLER

14 l'essentiel

گونجاوی خۆیدا ئەم گرێ یاسایی و سیاسیە ببڕێت)). هەروەها لەدرێـــژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە (لە ســـاڵی ١٩٢٠-نزیکەی سەدەیەك پێش ئێستا- لە پەیماننامەی سیڤەردا بەڵێنی کوردســـتانێکی خاوەن سەروەری بە کوردەکان درا، لەو کاتەوە، کوردستان ئەو دەرسە فێربووە کە هەمیشە پەیماننامەکان ئەو وەرەقەیە ناهێنن کە لەســـەری نووســـراون. چونکە لە ساڵی ١٩٢٣دا، واتە سێ ساڵ دوای پەیماننامەی سیڤەر و ٦٤ ساڵ پێش ئەوەی سەددام حوسێن فەرمانـــی گازبارانکردنـــی هەڵەبجە بدات، هێزی ئاســـمانی مەلەکی-بەریتانیا- بۆمبی کیمیاییان بەســـەر کوردستاندا باراند، ئەویش بۆ ئەوەی ئومێد بە دروستکردنی نەتەوەیەکی

**هەرێمی کوردستان ئەگەر لەم قۆناخە لە دیدی ڕۆژئاواوە پێشبینی ئەوەی لێ بکرێت دەبێتە پڵنگەکەی نێو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم ناساندنەش بۆ جیهان لەهەموو حاڵەتێکدا لە ئامادەی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی گرنگ دەچێت. کە لەلای گەلی کوردستان هیچ ڕووداوێك لە بڕیاردانی چارەنووس گرنگتر نابێت**

سەربەخۆ لاواز بکەن. لە پشتیوانیکردنی ئەم ستراتیجیەتەدا، وینستۆن چەرچڵ ئەم چەند وشە هەڵەشەیەی درکاند: «من لەو دوو دڵیە تێناگـــەم کە لە بـــارەی بەکارهێنانی غازەوە هەیـــە.(....) من بە توندی پشـــتیوانی لە بەکارهێنانی غازی ژەهراوی دەکەم لە دژی خێڵە نامەدەنییەکان.»

لێـــرەدا گۆڤارەکـــە پێمـــان دەڵێـــت ئەوەی لەدەستووری عێراقدا هاتووە ئەگەر لۆژیکی ســـەرۆکێکی وەك بارزانی لەپشتەوە نەبێت و پشـــتگیری لە جێبەجێکردنی بەندەکانی نێو ئەو دەســـتوورە نەکات، ئەوا ئەو دەستوورەش ئەو کاغەزە ناهێنێت کە دەستوورەکەی لەسەر نووسراوە.

### ● فەرەنسا و کورد

لەبەر ئەوەی ســـیڤەر شارێکی فەرەنسیە و ئەو پەیماننامەیەی تێدا مۆرکراوە کە ماف بە کورد دەدات دەوڵەتی ســـەربەخۆی هەبێت، لەمەش گرنگتر لە مێژووی نوێدا لەبەر ئەوەی جارێکی دیکە و لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆك فرانسۆ میتران و خانم دانیاڵ میتران ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا بۆ دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ کە لەدوای پەیماننامەی ســـیڤەرەوە بە گرنگترین بڕیـــاری نێودەوڵەتی بۆ کورد هەژمار دەکرێت، ئەوا هەموو کات تێڕوانینی کورد بۆ فەرەنســـا تێڕوانینێکی ئیجابیانە بووە و کورد فەرەنسای بە دۆســـتی خۆی زانیوە، سەبارەت بە پێوەندی نێوان کورد و فەرەنســـا گۆڤارەکـــە بەمجۆرە ئاماژەی پێکردووە: (مسعود بارزانی، فەرەنسا وەك یەکێك لە دەوڵەتە دەگمەنەکان باس دەکات کە هەمیشە دڵسۆز بووە بۆ کوردەکان. سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بە پەرۆش و شـــانازیەوە بـــاس لە پێوەندیی «تایبـــەت» دەکات لەگەڵ میتراندا، کە لەڕێی ئەوەوە و لە ســـەرەتاکانی ساڵانی نەوەتەکاندا کێشەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرەوپێشـــچوو. لە ساڵی ١٩٩٣دا، وەزیـــری دەرەوەی فەرەنســـا، ڕۆناڵد دامۆس بەڵێنیدا کە «کێشـــەی کورد کێشەیەکی جێی بایەخ و بەهادار دەبێت لای فەرەنسا.» هەروەها لەســـەردەمی نیکۆلا سارکۆزیدا پردی گرنگ لەنێوان پاریس و هەولێردا بونیاد نرا، بە تایبەتی کاتێك بێرنارد کۆشـــنەر وەزیری دەرەوە بوو. لە ساڵی ٢٠١٠دا، سەرۆك بارزانی لەلایەن سەرۆك سارکۆزیەوە لە پاریس پێشوازی لێکرا، ئەویش وەك یەکەم ســـەردانی ڕەســـمی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان. هەرێمی کوردستان ئەو ڕاســـتیەی لەبەرچاوە کە پێویستی بە پاڵپشتی سەنگین و دۆستی باوەڕپێکراو هەیە، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی بڕیاردانی چارەنووســـی ئەوەندەی مومکینە پشـــتیوانی بەرفراوانـــی لێبکرێت. هەرێمی کوردســـتانە خوازیارە فەرەنسا چەقی شانۆکە بگرێت لە پرۆسەی سەربەخۆبووندا)).

### ● کوردستان

**پێداویستیەکانی دەوڵەتی ئامادەکردووە**

لە سیاسەتی هاوچەرخی نێودەوڵەتیدا چەمکی دەوڵەت هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ڕاســـتە هەمـــوو نەتەوەیەك مافـــی خۆیەتی دەوڵەتی ســـەربەخۆیی خـــۆی هەبێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بیانووی جۆراوجۆر زۆر جار ئەم مافە بە هەندێك نەتەوە ڕەوا نابینێت یان پێیانوایە ئەگەر چەند نەتەوەیەك بتوانن لە چوارچێـــوەی دەوڵەتێکدا پێکەوە بژین باشـــترە لەوەی کە هەر نەتەوەیـــەك دەوڵەتێکی هەبێت و دەسکاری ســـنوورەکان بکرێت، بە تایبەتی بۆ ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەسکاریکردنی سنوورەکان وەك تابۆیەکی زۆر مەترسیدار سەیر دەکرێت، لەنێو ئەم ژینگە جیۆ سیاســـیە ئاڵۆزەدا کارێکی لەرادەبەدەر قورسە هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێت، بۆیە ئەزموونی ٢٠ ساڵی هەرێمی کوردســـتان بەمانەوەی بۆ ماوەی ١١ ســـاڵ وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع و دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشـــووی عێراقیش بـــە بڕیاردانی بە پێکەوە ژیانـــی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا، خەریکە وردە وردە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بـــەرەو ئەو قەناعەتە دەبات کە گەلی کوردســـتان لە عێراقدا و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، دەیەوێت بە گیانی پێکەوە ژیانی برایانە و ئارەزوومەندانە لەســـەر خاکی خۆی بـــژی و هەروەها گەلی کوردســـتان بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت نەتەوە جیاوازەکان هاریـــکاری یەکتری بن بۆ ئەوەی ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی پەرەپێدان و پێشکەوتن بەردەوام بێت و هەموو لایەك ســـوود مەند بن، وەك چۆن ئێســـتا نەتەوەکانی ناو فیدراسیۆنی یەکێتی ئەورووپا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکان کۆتایی پێبێت و پێکەوە لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێکدا پێکەوە بژین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم بۆچوون و قەناعەتـــە لەنێو نەتەوەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بەرامبەر بە کورد و چارەســـەری کێشەی کورد دروســـت نەبووە، لەوانەیە پێشتر دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەوڵیاندابێت بە شـــێوازی جۆراوجۆر گەلی کوردستان وەك گەلێکی ناشارستانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وێنا بکەن، بەڵام لەماوەی ٢٠ ســـاڵی ڕابردوو بە تایبەتیش لەدوای ســـاڵی ٢٠٠٣وە گەلی کوردســـتان بۆ جیهانی سەلماند ئەگەر بواری

**هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستیەی لەبەرچاوە کە پێویستی بە پاڵپشتی سەنگین و دۆستی باوەڕپێکراو هەیە و خوازیارە فەرەنسا چەقی شانۆکە بگرێت لە پرۆسەی سەربەخۆبووندا**




لەبەردەم بکرێتەوە و هاوکاری بکرێت لەتوانایدا هەیە ئەزموونێك پێشکەش بکات، کە دەوڵەت لەسەر بنەمای چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخ و پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەو حکومڕانی باش بونیاد بنێتەوە، هەربۆیە لەسەر ئەم بنەمایە گۆڤارەکە هاتووە لایەنە جۆراوجۆراوەکانی چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخی لەسەر هەرێمی کوردستان پیادەکردووە، لە راپۆرتە تایبەتەکەیدا، بە ناونیشانی تایبەت بە باری ئابووری و وەبەرهێنان و سیستەمی بانکی و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری باسکردووە، هەروەها تێڕوانینی ئایندەیی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەو جۆرە بەرجەستە کردووە، بەوەی کە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بایەخی سەقامگیری سیاسیی و ئەمنی کوردستان تێدەگەن، لەبەر ئەوەی نایانەوێت سەرچاوەی سەرەکی داهاتی کوردستان تەنیا داهاتی نەوت بێت، بەڵکو هەوڵیانداوە کە سەرچاوەی داهاتی هەمەجۆر بۆ هەرێمەکە دابین بکەن، ئەویش وەبەرهێنان لەهەموو بوارەکان، بە پیشەسازی کردنی گەشتیاری، ئەم لایەنانەی کە گۆڤارەکە هەڵوەستەی لەسەر کردوون و شاهیدی دانە لەسەر سەرکەوتنی چیرۆکی بونیادنانەوەی نەتەوە لە کوردستان، نەتەوەیەك کە بتوانێت لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەدا سەرکەوتوو بێت، شایستەی ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت.

**● ناساندنی پێچووە پڵنگەکەی چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

بەکارهێنانی وشەی پڵنگ بۆ گەشەی ئابووری خێرا، پێشتر بۆ ئەو گەشە ئابوورییە خێرایەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ژاپۆن، سەنگافورا، کۆریای باشور و تایوان) بەکارهاتووە، ئەو دەوڵەتانە بەگەشەی ئابووری خێرایان هەموو جیهانیان سەرسامکرد، بۆیە ناویان لێنان دەوڵەتانی پڵنگەکانی ئاسیا، گۆڤاری Lessentiel، کە بابەتێکی بەناونیشانی دۆزینەوەی گەوهەرەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەو گەوهەرەی کە خاوەنی دوو سەرچاوەی سروشتی گرنگە کە ئەوانیش (ئاو و پێترۆڵە) لەگەڵ ئەو گەشە ئابوورییە خێرایەی کە لەسەر ئاستی جیهان بە پلەی دووەم دێت، سەرنجی خوێنەرانی بەلای ئەوەوە ڕادەکێشێت، ئەم گەشەیە لە گەشەی پێچووە پڵنگێك دەچێت کە لەناو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەردەکەوێت، کە ناویشی لێناوە پێچووە پڵنگ لەبەر ئەوەی ئاستی گەشەی ئابووری هێندە خێرایە و لەهەندێك حاڵەتیشدا زۆر ڕێکخراو و سیستەماتیك نییە، وەك خۆیان ئاماژەیان پێکردووە، هێشتا بەتەواوەتی پایەکانی ئەم نەتەوە تازەیە نەچەسپیوەو پێویستی بەوە هەیە زیاتر بچەسپێت، واتە پێچووە پڵنگەکە ببێتە پڵنگێکی تەواو، هەرێمی کوردستان ئەگەر لەم قۆناخە لە دیدی ڕۆژئاواوە پێشبینی ئەوەی لێ بکرێت دەبێتە پڵنگەکەی نێو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ئاشکرایە ئاماژەکە بە شێوەیەکی مەجازی بۆ ئەوەی کە ئەو پڵنگە لە چیاکانی کوردستانەوە و لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی و پێشکەوتن سەرکردایەتی پرۆسەی پەرەپێدانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، ئەم ناساندنەش بۆ جیهان لەهەموو حاڵەتێکدا لە ئاماژەی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی گرنگ دەچێت، کە لەلای گەلی کوردستان هیچ ڕووداوێك لە بڕیاردانی چارەنووس گرنگتر نابێت.

**نەتەوەیەك کە بتوانێت لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەدا سەرکەوتوو بێت. شایستەی ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت**

ژمارە (٩٨) ■ ٢٠١٢/١٠/١



# دەوڵەت وەک پێداویستیەکی ئابووریی

**دەوڵەتسازی وەک چۆن پلانی بیرکردنەوەیەکە کە هەرسێ رەهەندی رابوردوو ئێستاو داهاتوو لەخۆدەگرێت، ئاوەهاش زادەی ئیرادەیەکی سیاسییە. هاوکات دەبێت ئەو ئیرادەیە هەڵقوڵاوی ئیرادەیەکی گشتی بێت. بۆیە دەوڵەت ئەگەرچی بۆخۆی سەربەخۆیە لە هاوڵاتیان، بەڵام پێویستی بەپشتگیرییان هەیە. بۆئەوەی پشتگیریش دەستکەوێت، دەبێت بەرژەوەندیی و گوزەران و بژێویی هاووڵاتیانی تێدارەنگبداتەوە. واتە دەبێت سیاسەتی «ئابووری هاووڵاتی» لە نەخشەڕێگاکانی بێت کە مەبەستیش لێی مافە مادییەکانیانە.**



نەوزاد جەمال*

تایبەت بۆ گوڵانی دەنووسێت

لەوانەیە لامان سەیربێت ئەگەر بڵێین: دەوڵەتسازی پێداویستییەکی ئابوورییە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئەگەر ئابوورییەکی سەرکەوتوو بەپێویستییەکی بونیادی دەوڵەت دابنێین، بەڵام دەوڵەت وەک بەرژەوەندیی ئابووری نەبینین. ئەمە بەتایبەت کاتێک دەردەکەوێت کە تێدەگەین بەرژەوەندیی ئابووری لە گەشەکردن و جووڵەدا بۆخۆی دەبێتە «دەوڵەت» وەک لەزمانی کوردیدا؛ دەوترێ کەسێک، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە! راستی ئەم گوزارەیە لێرەدایە کە سامان و توانای ئابووری یەکسانە بەتوانای دەستڕۆیشتن و فەرمانداری.

جگە لەوەی کە ئابووری لە دەوڵەتدا دەچێتە فۆڕمێکی دەستوورییەوەو بەپێی مافێکی یاسایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حسابی خۆی بۆدەکرێت. ئیدی لەبەرئەوەی دەوڵەت هەمیشە پشت بەئابووری دەبەستێت لەپێناو سەربەخۆیی و داکۆکیکردن لە قەڵەمڕەویی خۆی، هاوکات ئابووریش وابەستەیە بەهێزو کارایی دەوڵەتەوە لەپاراستن و هەڵسووڕانی کارای خۆیدا. چونکی ئەگەر هێمنی و ئاسایش نەبێت، ئابووری نەک هەرگەشە ناکات، بەڵکو دادەتەپێت. لێرەوە دەمەوێت باس لەکاریگەریی ئابووری لە دەوڵەتسازیدا بکەم، هاوکات باس لە کاریگەریی دەوڵەت بکەم لەسەر بواری ئابوری وەک هۆکاری چێکردن و دامەزراندنی.

## • ئابووری گوڕوتینی ئینتمای نیشتمانییە

ئاشکرایە دەوڵەتسازی وەک چۆن پلانی بیرکردنەوەیەکە کە هەرسێ رەهەندی رابوردوو ئێستاو داهاتوو لەخۆدەگرێت، ئاوەهاش زادەی ئیرادەیەکی سیاسییە. هاوکات دەبێت ئەو ئیرادەیە هەڵقوڵاوی ئیرادەیەکی گشتی بێت. بۆیە دەوڵەت ئەگەرچی بۆخۆی سەربەخۆیە لە هاووڵاتیان، بەڵام پێویستی بەپشتگیرییان هەیە. بۆئەوەی پشتگیریش دەستکەوێت، دەبێت بەرژەوەندیی و گوزەران و بژێویی هاووڵاتیانی تێدارەنگبداتەوە. واتە دەبێت سیاسەتی «ئابووری هاووڵاتی» لە نەخشەڕێگاکانی بێت کە مەبەستیش لێی مافە مادییەکانیانە. بۆئەوەی ئەو ئیرادەیە زاتییەی هاونیشتمانیان بگاتە ئاستی پشتیوانی و باوەڕبوون بەئینتمایەک کە پێش دەوڵەت و پاش بەرقەراربوونی دەبێتە خۆراکدەری سەرەکی خۆی. واتە لەپاڵ بیروباوەڕی «کوردایەتی و کوردستانی» دا هاونیشتمانیان پێداگیری لەدروستبوونی دەوڵەت بکات، لەبەرئەوەی بەپلەی یەکەم ژیانی بەندە بەدەوڵەتەکەوە. بۆیە هەرکەسێ هەستێکی هاوبەش و باوەڕی



نەبێت کەبەرژەوەندیی خۆیی، خێزانی و نیشتمانیی هەر لە دەوڵەتدا دەپارێزرێت، کۆڵەگەیەکی گرنگی دەوڵەت لەسەرپێ راناوەستێت. ئەمە جگە لەوەی شوناسی نیشتمانی لەناوەوەڕا کلۆر دەبێت، بیرۆکەی پرۆژەکەش شکستدەهێنێت.
ئیدی راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە باسکردنی «ئینتمای نیشتمانی»دا، دەبێت ئابووریی دەوڵەت لەئابووری هاووڵاتیان جیانەکەینەوە. چونکی تەنیا بە ئەفسانەی «ئێمە لێقەوماوترین» گەلین لەناوچەکەدا، هەموو رەگەزو پایەکانی ئینتمای گشتی چەکەرە ناکات، بەڵکو خۆراکی ئەو ئینتمایە چەندە هزرو بیری هاوبەشە، ئەوەندەش بێبەش نەبوون لە خێروبێری نیشتمان و پێکهاتە مادديیەکانی هێزو تواناکەیەتی. زەحمەتە ئێمە باس لە ئینتماو شانازیی تاکێک بکەین لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە هیچ مافێکی ماددی لەم نیشتمانەدا نەبێت کە دەیەوێت دەوڵەتی خۆیی تێیدا سازبکرێت. ئەمە راستییەکی بەڵگەنەویستە، با باوەڕیشمان نەبێت بە «بەڵگەنەویست» لە بواری سیاسەتدا!

## • ئابووری فاکتەری چێکردنی دەوڵەتە

وەک چۆن دەوترێت نەبوونی ئابوورییەکی بەهێزو جێگیرو دینامیکی، رێگرە لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتدا، ئاوەهاش رێخۆشکەرێکە لەسازکردنیدا. بۆیە، دەکرێت بڵێین: ئابوریی رایەخی دەوڵەتە. لەبەرئەوە، ئێمە ناتوانیین لەپرسی دەوڵەتسازی و هۆکارەکانی دروستنەبوونیدا فاکتەری ئابووریی لەبیرکەین. بێگومان ئابوورییەکی سەربەخۆ، یەکگرتوو، سەروەری دەسەپێنی، سەرووەریش بەرهەمی هێزە بەهەموو ماناکانیەوە. لێرەوە گرنگی فاکتەری ئابووریی شتێک نییە کە تازە پەی پێبرابێت، بەڵکو لە مێژەوە رۆشنبیرو نووسەرانی کورد باسیان لە گرنگیی ئابووری کردووە، بەتایبەت وەک فاکتەرێکی رێگر لەدروستنەبوونی دەوڵەتدا.
یەکێک لەو تێزانەی کەباس لە هۆکاری دروستنەبوونی قەوارەیەک، دەوڵەت دەکات تێزی »بە لەبەررۆیشتنی (نەزیفی) ئابووریی« مەسعود محەمەد»ە کە دەڵێت: «کوردستان بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە نێو سێ زلهێزەوە: «فارس و بابل و ئاشوورو دواتریش دەسەڵاتی رۆمەکان. هەریەکەیان بەروبووم و داهاتی کوردستانیان بەتاڵانبردووە، بۆیە بەرهەم و داهات لەناوخۆدا نەماوەتەوە تا ببێتە ماکی بنیاتنانی دەسەڵات وحوکمڕانی خۆیی. جگەلەوەی ئاوڕێژی رووبارو چەمەکانیش بەردەوام بۆ دەرەوەی خاکی کوردستان لەبەریان دەڕوات. بۆیە هیچ سەرمایە لەکوردستان پێکنەهات تا ئابوورییەکی خۆژێنەرو پشتبەخۆبەستوو پێبگات. ئاکامیش حوکمڕان لە قەوارەی دەوڵەتدا نەهاتەدی» (حاجی قادری کۆیی؛ ب. یەکەم٣٨٧-٣٩٥: ١٩٧٣).
هەڵبەت لێکدانەوەکەی مەسعود محەمەد وەڵامدانەوەیەکی هزری مێژووگەراییە مارکسیستەکانە بۆ لێکدانەوەی روونەدانی دەوڵەت لە کوردستان بەگەڕانەوە بۆ راڤەی چینایەتی. ئەگەرچی ئەم پێوەندی راستەوخۆی بەم بابەتەوە نییە، بەڵام درکپێکردن و دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکیی زیرەکی مەسعود محەمەد دەردەخات. لەو سۆنگەوە گلدانەوەی سەرمایەو وەگەڕخستنی لە ناوخۆدا، دەبێتە یەکگرتنی ئابووریی و بەهێزبوونی و دواجار سەربەخۆیی ئابووری و دەوڵەت. لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئابووریی بەمانای دەوڵەتداریش دێت، وەک چۆن دەوڵەتسازی بەمانای ئابوورییەکی سەربەخۆو پشتبەخۆبەستوو دێت. کەواتە داگیرکردنی کوردستان، واتە بەتاڵانبردنی ئابووری بووە.

## • ئەنجام

هەڵبەت رەهەندی سیاسی لە بەرژەوەندیی ئابووریدا دەبێتە پێوەندییەکی یەکترتەواوکەر. ئەم پەیوەستیەش لە دامەزراوەی دەوڵەتدا باشتر دەردەکەوێت. هەر بۆیە بەرژەوەندیی ئابووری لە سیاسی جیاناکرێتەوە، بەتایبەت لە دامەزراوەیەکی سیاسی وەک دەوڵەتدا تەواو ئاوێتەیە. هەڵبەت سەربەخۆیی، سەروەری بەواتایەک سەربەخۆیی و پشتبەستنە بەئابووریی خۆیی. لەبەرئەوە رزگاربوونی ئابووریش، دەبێت سەربەخۆیی لە فۆرمی قەوارەیەکی سیاسیدا بگەیەنێت. دیارە ئەمە دیالێکتیکی ئابووریی سیاسەتە کە ناکرێت لەبیریکەین. کەواتە وەک چۆن بەرژوەندیی زیندوومان هەیە لەدامەزرانی دەوڵەتدا، ئاوەهاش دەوڵەت بەرژەوەندییەکی ئابووریی گەورەیە بۆ هاونیشتمانیان. لەبەرئەوەش ئابووری رێخۆشکەرییەکی بنەڕەتیی ژیانییە، بەڵام ئەمە هەر بەدروشم و بانگەشە نییە، بەڵکو دەبێ بەرژەوەندیی ئابووری بەندبێت بەژیانی هەموو یەکێکەوە تا یەکخستن و یەکگرتنی ئابووریی و سیاسیی- دەوڵەت لە هاونیشتمانیاندا بێتەئاراوە. دواجار ئەو یەکبوونە ئینتما بەرجەستە بکات.

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر**



لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان دا:

ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی یەکێتی ئەورووپا بۆ عێراق:

# پشتیوانی من بۆ بارزانی و کوردستان لەبەر ئەوەیە جیاوازی نێوان هەولێر و بەغدا لە رادەبەدەرە



**ستۆران ستیڤنسۆن سیاسەتمەدارێکی ناسراوی سکۆتلەندییەو لەساڵی ١٩٩٩وە نوێنەرایەتی سکۆتلەندا دەکات لە یەکێتی ئەورووپا و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپایە بۆ عێراق و یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ناو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا، هەروەها سەرۆکی گرووپی دۆستەکانی ئێرانی ئازادە، پەرلەمەنتار ستۆران ستیڤنسۆن لەناو پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپادا چاودێری بارودۆخی عێراق لە نزیکەوە دەکات و لەگەڵ شاندی عێراق کۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی عێراق، هەربۆیە قسەکانی ستۆران ستیڤنسۆن ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپایە کە ئەویش جێبەجێکردنی دەستوور و بونیادی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵیە، هەربۆیە دوای ئەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق ئاڵۆز بوو و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق زیاتر بەرەو تاکڕەوی ملی ناوە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی توندی بەرامبەر وەرگرت، ستیڤنسۆن بەناوی شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاوە نامەیەکی پشتگیری بۆ هەڵویستی سەرۆك بارزانی نارد، بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی پەرلەمانی ئەورووپا بەرامبەر عێراق و بۆچوونیان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی عێراق، ئەم وتووێژە تایبەتەمان لەگەڵ ستۆران ستیڤنسۆن ئەنجامدا، بەڕێزی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**گوڵان:** بەڕێزتان وەك سەرۆکی شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بۆ عێراق، لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکەن و ئاگادارن کە پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا بە چ ئاستەنگێکدا تێدەپەڕێت و هەروەها ئاگادارن کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیران بەتەواوی هەنگاوی بۆ تاکڕەوی هەڵگرتووە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا عێراق بەم بارودۆخەوە بەرەو کوێ دەچێت؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** ئەمە پرسیارێکی باشە، لەبەر ئەوەی سبەینێ (مەبەستی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٢/٩/٢٥)یە، تەواوی ڕۆژەکە تەرخان دەکەم بۆ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەی ساڵانەی نێو پەرلەمان لەگەڵ شاندی ئەنجومەنەکەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی) عێراق، کە ئەوان بۆ دوو سێ ڕۆژە لە برۆکسلن، سبەینێ زنجیرەیەك کۆبوونەوە ئەنجام دەدەین، لەگەڵ خوانی نیوەڕۆ لە برۆکسل، بێگومان هەموو ئەم مەسەلانە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، هەموو ئەم مەسەلانە تا دوا ڕاددە گرنگن، کە جێی نیگەرانی قووڵی منن، هەموو ئەوەی من وتوومە وەك سەرۆکی شاندی پێوەندیەکان لەگەڵ عێراقدا، ئەوەیە کە عێراق پێویستی بە حکومەتی شەراکەتی نیشتیمانی (الوحدة الوطنیة) هەیە، حکومەتێك ئیعتیراف بە دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان بکات، جێی داخە کە ڕێککەوتنەکەی هەولێر بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە، زۆرێك لە بەشە سەرەکیەکانی ڕێککەوتنی هەولێر بە جێبەجێنەکراوی ماونەتەوە، وەزیرە سەرەکیەکانی، ناوخۆ، بەرگری و ئاسایش نەدراون بە ئەندامانی دیکەی حکومەت، بەڵکو هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆك وەزیران، نوری مالیکیدان، لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتێکی زۆر لە دەستی ئەودا بێت و ئەمەش تەندروست نییە بۆ دیموکراسی و من حەزدەکەم ئەمە بە درێژی لەگەڵ شاندی پەرلەمانی کە سبەێنی ئامادەی کۆبوونەوەکەم دەبن. موناقەشە دەکەم کە سبەینێ دێنە کۆبوونەوەکەم، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی ئەوەوە دەکەین کە چۆن بارودۆخەکە چارەسەر بکرێت. هەروەها ئەوەی جێی نیگەرانی قووڵی منە کە ئەوە



نزیکەی دە مانگ تێپەڕیوە بەسەر دوا سەردانەکەمدا بۆ بەغدا، کە دڵنیاکرامەوە لەوەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بڕیی کارەبای دابینکراو لە ٤ کاتژمێرەوە بە زوویی بۆ ١٢ کاتژمێر و دواتر بۆ ٢٤ کاتژمێر بەرز دەبێتەوە و بە خێرایی ئاوی خواردنەوە- شیرین- بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق دابین دەکرێت و سیستمی ئاوەڕۆی گونجاو دادەنرێت کە سەرجەم دانیشتووانی گوند و شارۆچکە و شارەکان لێی سوودمەن دەبن، ئێستا من ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە هیچ شتێك لەمانە ڕوویان نەداوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەرهەمی نەوت بۆ ئاستی ساڵی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە، ئایا هەموو ئەو پارانە بۆ کوێ دەچن؟ ئەگەر ئەو پارانە بۆ دروستکردنی دەزگا پێویستەکان و بۆ دابینکردنی ٢٤ کاتژمێری کارەبا و ئاوی شیرین و سیستمی ئاوەڕۆ بۆ هاووڵاتیە عێراقیەکان بەکارنەهێنرێت، ئایا ئەو پارانە بۆ کوێ دەچن؟ ئەمە مایەی مەترسییە بە لای منەوە. سبەینێ پەیامی من بۆ شاندەکە ئەوە دەبێت کە ئێمە لە ئەورووپا ئامادەی هاوکاریکردنین بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بەڵام دەبێت ئەوە لەسەر بنەمای حکومڕانی باش بێت، پێویستە ئەداکردنی حکومەتی

**عێراق پێویستی بە حکومەتی شەراکەتی نیشتیمانی (الوحدة الوطنیة) هەیە. حکومەتێك ئیعتیراف بە دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان بکات**

عێراق ئەرکەکانی ڕەنگدانەوەی یەکگرتوویی و یەکبوونی نیشتیمانی بێت، ئێمە سکاڵایەکی زۆرمان پێگەیشت لەبارەی دادگاییکردنی ئەم دواییەو حوکمی لەسێدارەدانی جێگری سەرۆك کۆمار، تاریق ئەلهاشمی، کە ئەمە شەرمەزارییەکی تەواوە، پاسەوانەکانی لەژێر ئەشکەنجەدا ناچارکران ئیعتیراف بکەن، یەکێك لە پاسەوانەکانی لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا، ئەم کردەوانە و زۆرێك لە حوکمەکانی لەسێدارەدان کە جێبەجێکران، بێ ئەوەی دادگاییەکی گونجاو بکرێن بەپێی ئەو ستاندارده یاساییانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیقرار کراون، ئەمە قابیلی قبوڵ نییەو ئێمە دەمانەوێت حکومڕانی باش جێی هەموو ئەمانە بگرێتەوە، ئەگەر نا ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو هاوکارییە ئابوورییەی کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئاییندەدا ئەورووپا بە عێراقی ببەخشێت.

**گوڵان:** بەڕێزت لە نامەیەکتدا کە بۆ بارزانیت نووسیووە، پشتگیری لە هەڵوێستەکانی بارزانی دەکەیت لە پرۆسەی سیاسی عێراقیدا، ئایا پیشاندانی ئەم پشتگیریە لەلایەن جەنابتەوە ڕەنگدانەوەی پشتگیری پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپایە لە پرۆسەی دیموکراتی لەعێراق و پشتگیری لە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** پشتیوانی من بۆ سەرۆك بارزانی- کە من لە چەند بۆنەیەکدا چاوم پێی کەوتووە- چەند جارێك لێرە لە برۆکسل و هەروەها لە کۆشکەکەی خۆی لە کوردستان، پشتیوانی من بۆ بارزانی و هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەیە کە جیاوازی نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها جیاوازی نێوان کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق لە ڕادەبەدەرە، لەبەر ئەوەی تیرۆر لە ناو کوردستاندا ڕوونادات، لەبەر ئەوەی حکومەتی کوردستان داڵدەی زۆرێك لە پەنابەرانی سەر بە هەموو کەمینەکانی داوە، لە نێویاندا، زۆرێك لە مەسیحییەکان، هەروەها بۆ عەرەب و تورکمانەکان و بۆ زۆرێك لە پەنابەران، ئەگەرچی ئەمە بارگرانی دەخاتەسەر ئابووری کوردستان، بەڵام ئەوان دەرگایان واڵاکردووە و ڕایانگەیاندوە کە پەنابەران شوێنێکی ئارام لە کوردستاندا دەبیننەوە، کە ناتوانن ئەمە لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەدەست بهێنن. ئابووری کوردستان لە گەشەکردندایە، من بە چاوی خۆم ئۆتێل و بازاڕەکانم بینی- کاتێك چووم بۆ هەولێر-واتە ژیانی ئاسایی لە کوردستاندا دەستپێکراوەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا حکومەتێکی دیموکراتی گونجاو کاروبارەکان بەڕێوەدەبات، هەروەها ئابووریەکی باش بەڕێوەدەبەن. ئەوان سنوورەیان بۆ تیرۆر داناوە بەهۆی ئەوەی پێشمەرگە سنوورەکان دەپارێزن. پێموایە هەموو ئەوانە دەرسێکن دەبێت بەشەکانی دیکەی عێراق لێوەی فێربن.

**گوڵان:** ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەست دەکرێت زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر دەکەنەوە، هەروەها هەست دەکرێت کە ئاستی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت، ئایا بوونی ئەم پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەی نێوان هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی یەکێتی ئەورووپا چۆن دەخوێنێتەوە؟

**ئەو ڕێککەوتنەی بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ئەمەریکا ئیمزاکرا لە هەولێر. لە دوای ئەو هەڵبژاردنەی جێی ناکۆکی بوو. ڕێککەوتنەکەی هەولێر بەردی بناغەی حکومەتە هاوپەیمانیەکە بوو. کە بڕیار بوو حکومەتی شەراکەتی نیشتیمانی بێت**

**ستۆران ستیڤنسۆن:** پێموایە ئەوە پێوەندییەکی بازرگانی تەندروستە، لەبەر ئەوەی پیاوانی کاری ئەورووپی پێیانوایە سەرمایە بەگەڕخستن لە کوردستاندا سەلامەتە، لە کاتێکدا وەبەرهێنان لە بەشەکانی دیکەی عێراق مایەی کێشەو گرفتێکی زۆرە، ئەویش بەهۆی ئاستی گەندەڵی و ئاستی توندوتیژی و نەبوونی پرۆسەیەکی قەزائی گونجاو، تاوەکو بەشەکانی عێراق پێکەوە کار نەکەن و وڵاتەکە پاك نەکەنەوە و نوێنەرایەتی هەموو لایەن و بەشەکان نەکەن و نوێنەرایەتی مافی کەمینەکان نەکەن، بە هەمان شێوەی نوێنەرایەتی کردنی زۆرینەی شیعە، واتە تاوەکو ئەمانە ڕوونەدەن، ئەوا وەبەرهێنەرانی ڕۆژئاوا زۆر نیگەران دەبن لەوەی وەبەرهێنان لە عێراقدا بکەن. من کاری خۆم لەوەدا دەبینم کە هانی ئەو پرۆسەیە بدەم، بەڵام ئەمە تا دێت زیاتر و زیاتر قورس دەبێت، کاتێك دەبینیت چالاکی یاخیگەری دەستی پێکردۆتەوەو چەندین خەڵك دەکوژرێن و کاری خۆکوژی دەکرێت و و نزیکەی هەموو هەفتەیەك کاری ئیغتیالات دەکرێت.

**گوڵان:** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زۆر بەتوندی بەرپەرچی سیاسەتەکانی نوری مالیکی داوەتەوەو تەنانەت ڕایگەیاندووە بەهیچ شێوەیەك تاکڕەوی خۆسەپاندنی مالیکی قبوڵ ناکرێت، لەم بوارەشدا لایەنە سیاسیەکانی عەرەبی و سوننە پشتگیری لە هەڵوێستەکانی بارزانی دەکەن، بەڕای بەڕێزت ئایا تاچەند بارزانی دەتوانێت لەم قۆناخەدا پرۆسەکە لەدەستی دیکتاتۆریەت ڕزگار بکات؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** بێگومان ئەو ڕێککەوتنەی بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ئەمریکا ئیمزاکرا لە هەولێر، لە دوای ئەو هەڵبژاردنەی جێی ناکۆکی بوو، ڕێککەوتنەکەی هەولێر بەردی بناغەی حکومەتە هاوپەیمانیەکە بوو، کە

بڕیار بوو حکومەتی شەراکەتی نیشتیمانی، بێت بە سەرۆکایەتی نوری ئەلمالیکی، بەڵام ئامـــاژەکان لە زیادبووندان کە ئەوە ڕوونادات، ئـــەوەش جێی نیگەرانیەکی قووڵە، لەبەر ئەوە پێموایە سەرۆك بارزانی دەتوانێت هەندێ دەرس فێری سەرۆك وەزیران، نوری مالیکی، بکات، بەوەی پیشانی بدات کە چۆن سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا سەری کێشا بۆ گەشەی ئابووری، سەری کێشا بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی دەرەکـــی بکرێت لەلایەن ڕۆژئـــاواوەو متمانە هەبێت بە ئاییندەی کوردســـتان، هەروەها ئەو ڕاســـتیەی کە تورکیا یەکێکـــە لە وەبەرهێنە دەرەکیەکان لە کوردســـتاندا، ئەوەی سەلماند کە دەکرێت تەنانەت ئەو لایەنانەشی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنـــە دژ و دوژمنت، ببنە دۆســـت و وەبەرهێنەری ســـەرەکی، ئەگەر هاتوو کەشـــە سیاسیەکەو کەشـــە ئابووریەکە سەقامگیر بوو.

**گوڵان:** ئێستا بە ئاشـــکرا هەستدەکرێت کە عەرەبی شیعەی عێراق خۆیان بەلای ئێراندا ســـاخکردۆتەوە، لەبەرامبـــەردا تورکیاش بە ئاشکرا پشتگیری عەرەبی سوننە دەکات، هەر بۆ نموونە ئێستا تاریق هاشمی لە تورکیاو لە بەغدا بڕیاری لە ســـێدارەدانی بۆ دەرکراوە، بۆیە مەســـەلەکە بەو جۆرە دەخوێنرێتەوە کە ئێـــران دەیەوێـــت ڕۆڵێکی کاریگـــەر لە ناو عێراقدا بگێڕێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە عێراق لەنێـــوان ئێران و تورکیادا چۆن کێشـــەکانی چارەسەر دەکات؟

**ستۆران ستیڤنســـۆن:** ئەمە پرسیارێکی زۆر باشـــە، لەبەر ئـــەوەی بەلای منـــەوە هیچ گومانێکـــی تێدانییە، کە ئەمـــە تێڕوانینی خەڵکانێکـــی زۆرە لە ئەوروپـــا و ئەمەریکا، بەڵام لە ئێســـتادا ئێران گەورەترین مەترسییە لەسەر ئاشتی لە ناوچەکەدا، هەروەها ڕەنگە گەورەترین مەترسی بێت لەسەر ئاشتی جیهان و لەســـەر هەر وڵاتێکی سەر ئەم هەسارەیە، حکومەتی ئێستای ئێران بە ئاشکرا پشتیوانی بەشار ئەسەد لە ســـوریا دەکەن و چەکی بۆ دەنێرن، لـــە هەوڵـــی بەرهەمێهنانی چەکی ناووکیـــدان و ئەوەش ڕوونە کـــە کاریگەری و دەستڕۆیشـــتوییان هەیە بەسەر سیاسەتی ســـەرۆك وەزیران نـــوری ئەلمالیکیەوە، ئەوە دۆخێکی تەندروست نییەو دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا مەســـەلەیەکە نابێت هیـــچ هاووڵاتیەکی عێـــراق قبوڵی بکات.

**ئێوە ڕێککەوتنی دەستووریتان هەیە بۆ دابەشکردنی داهاتی سەرچاوەکانی نەوت و گاز کە لە کوردستاندا پەرەی پێدەدرێت. پێموایە پێویستە بە دوادواچوون بۆ ئەم تەرتیباتە دەستووریانە بکرێت**

**گـــوڵان:** لەســـەر ئاســـتی پێوەندییـــە دیپلۆماتیەکانی نێوان هەرێمی کوردســـتان و ئەوروپا، هەســـت دەکەین سەردانەکانی بەڕێز بارزانی بۆ دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا زیادی کردووە و دەتوانیـــن بڵێین زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپای گرتۆتەوە، ئایا پێشـــوازی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا لەو ئاستە بەرزەدا لە سەرۆك بارزانی چۆن دەبینیت؟

**ســـتۆران ستیڤنســـۆن:** ئەوان بەڕێز بارزانی بـــە کەســـایەتییەکی بێئەنـــدازە گرنگ لە عێراقدا دەزانن، هەروەها وەك ســـەرکردەیەکی ئیقلیمی دەیبینن، کە ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردســـتاندا بـــەدی هێناوە، بەم شێوەیە، ئەوان بە دۆســـتایەتییەکی مەزنەوە لێـــی دەڕوانن و ســـەردانەکەی بۆ ئێرە جێی پێشوازی لێکردنێکی زۆرە.

**گوڵان:** بوونی ســـەرچاوەی گاز و نەوت لە هەرێمی کوردســـتان، هەرێمی کوردســـتانی کردۆتە دەوڵەتێکی خاوەن ســـەرچاوەی وزە، بەڕێزیشـــت دەزانی گاز و نەوتی کوردستان بەڕێگەی تورکیا بـــۆ ئەوروپا دەچێت، ئایا تاچەند نەوت و گاز، هەرێمی کوردستانی لە یەکێتی ئەوروپا نزیك کردۆتەوە؟

**ستۆران ستیڤنسۆن:** بە دڵنیاییەوە سەرچاوەکانی نـــەوت و گاز گرنگییەکی بنەڕەتیان هەیە، نـــەك هەر بۆ کوردســـتان، بەڵکو بۆ تەواوی عێراق، هەروەها ئێوە ڕێککەوتنی دەستووریتان هەیە بۆ دابەشکردنی داهاتی سەرچاوەکانی نـــەوت و گاز کە لـــە کوردســـتاندا پەرەی پێدەدرێت. پێموایە پێویستە بەدوادواچوون بۆ ئەم تەرتیباتە دەستووریانە بکرێت، واتە دەبێت لە نزیکەوە و لەســـایەی یاسای نێودەوڵەتیدا موتابەعەیـــان بکرێت. بەڵام ئەو ڕاســـتیەی کـــە ئێمە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو پشـــت بە هاوردەکردنی نەوت و گاز لە کوردستانەوە- لە ڕێی تورکیاوە- دەبەستین، ئەوە پیشان دەدات کە کوردســـتان چەند گرنگـــەو بە چاوێکی بەرزیشـــەوە لە ئابووری کوردستان دەڕوانرێت لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە.

**گوڵان:** مســـعود بارزانی هەفتەی ڕابردوو جارێکی دیکە لـــە ئیتاڵیا دووبارەی کردەوە، مانـــەوەی کورد لەگـــەڵ عێـــراق بەندە بە

**١٠ مانگ لەمەوپێش لە سەردانیێکمدا بۆ بەغدا بەڵێنیان پێدام، کارەبا لە ٤ کاتژمێرەوە بکەن بە ١٢ کاتژمێر. بەڵام وەك زانیاریم پێگەیشتووە هەر وەك خۆی وایە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەرهەمی نەوت بۆ ئاستی ساڵی ٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە. ئایا هەموو ئەو پارانە بۆ کوێ دەچن؟**

جێبەجێکردنی دەستوور، هەروەها بەندە بەوەی عێراق دیموکراتی بێت، ئێســـتا هەموو کەس دەبینێـــت کە حکومەتی بەغدا نە دەســـتوور جێبەجێ دەکات و نەدیموکراتیشـــە، ئەمەش مانـــای ئەوەیە بارزانی لـــە هەوڵی ئەوەدایە هەرێمی کوردســـتان لە عێـــراق جیابکاتەوەو دەوڵەتێـــك ڕابگەیەنێت، ئایـــا ئەگەر کورد دەوڵـــەت ڕابگەیەنێـــت، یەکێتـــی ئەوروپا هەڵوێستی چۆن دەبێت بەرامبەر ئەو دەوڵەتە تازەیە؟

**ســـتۆران ستیڤنســـۆن:** بێگومـــان ئـــەوە مەســـەلەیەکی تـــا دوا ڕاددە هەســـتیارە، من خەڵکی ســـکۆتلەندام و ســـکۆتلەنداش پێشـــنیاری ئەوەی کردووە لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕاپرســـی ئەنجام بدرێت و ئەو پرســـیارە لە خەڵکی سکۆتلەندا بکرێت ئایا دەیانەوێت لە بەریتانیا( شانشینی یەکگرتوو) جیا ببنەوە، پێموایـــە ئەوە بیرۆکەیەکـــی زۆر خراپەو من لەگەڵ ئەوەدا نیم سکۆتلەندا وەك نەتەوەیەك جیاببێتـــەوە. من دەزانم فشـــارێکی زۆر و پرسگەلێکی زۆر هەن کە کاریگەرییان لەسەر کوردســـتان هەیە، ئەوەش پرسێکی بێئەندازە هەستیارە و نائارامی و نیگەرانییەکی گەورە دەخوڵقێنێت لە هەموو دەوڵەتە دراوسێکاندا، بۆ نموونە ئێران و تورکیا، هەروەها لە بەشەکانی دیکەی عێراقیشدا، لە هەمان کاتدا، پێموایە مەسەلەیەکی مشـــتومڕهەڵگر و هەستیاری وەك ئەو مەســـەلەیە دوابخرێت تا ئەو کاتەی بەدەســـتهێنانی -ئەوەی مـــن داوام کردووە- حکومەتی شەراکەتی نیشتیمانی لە بەغدا، کارێکی مومکین دەبێت، کە بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی هەموو بەرژەوەندییەکانی عێراق بکات، بەو شێوەیە ئێمە خۆمان لە ناکۆکی و گرژی لادەدەین لە داهاتوودا.

# بێداربوونەوەی نەتەوەیەک

**دەڵێن بەهاری عەرەبی دەبێتە بەهاری کوردی، ڕوون نییە مەبەستی چاودێرو توێژەران لە واژەی بەهاری عەرەبی و کوردی چییە..!**

**هەندێ لایەنی هەرێمی باشووری کوردستان لە ساڵانی ٢٠٠٩ـ ٢٠١٠ەوە کەوتنە ناو وەهم و هەڵەی گەورەوە، وەها لێکیان دایەوە کە ئەو بەهارە عەرەبییە بە کوردستانیش دەگات.**

**مەبەستیان ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستانیش (وەکو ئەو لایەنانەی ئارەزوویان بووە) بە گژ دەسەڵاتی هەرێمدا دەچن، لە ناخیشەوە مەبەستیان لە دەسەڵات پێگەی بارزانی و پارتی بوو، ئێستاش هەندێك کەس هەر بەو شێوەیە فێرکراوەو ڕێنومایی بۆ دانراوە.**

**وەلێ من واژەی بەهار بە لایەکی دیکەدا پێشان دەدەم، کە بەهارێکی کوردی دەستی پێکردووە، ئەویش بێداربوونەوەی گشتگیری نەتەوەییە، کە چاوی بڕیوەتە ڕزگاری و سەربەخۆیی.**

**لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا بارزانی و پارتی و هاوپەیمان و دۆستانی لە ناوخۆو دەرەوە هەوڵی شایەنی جێگەی ستایشیان داوە بۆ گەیاندن و بڵاوبوونەوەو چەسپاندنی بیرۆکەیەکی جەوهەری ئەویش ئامادەسازیی نەتەوەیی کوردستانە بۆ ڕزگاری هەمیشەیی.**



فەلەکەدین کاکەیی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان وا دەکەوێتە سەر ڕێگەی دروستی سەرفرازی، هەرچەند لە ١٥ـ٢٠ ساڵی دواییدا دۆزی کوردستان لەسەر ئاستی فراوانی نێودەوڵەتی خۆی ناساندووەو؛ بووەتە فاکتەرێکی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، وەلێ نەتەوەی کورد لە ناوخۆدا تازە خەریکە بێدار دەبێتەوە.

کاری پارت و بزووتنەوەکانی هەرێمەکانی گشت کوردستان، تا ئێستا هەرئەوە بووە بەهۆی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی پەراوێزخستنی مەسەلەی کوردستان لە لایەن حکومەتەکانی ناوچەکەو جیهانەوە کەمتر دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە خۆکۆکردن و ڕێکخستنیان هەبووە.

لەمە بە دواوە، وا پێدەچێت، خەڵکی کوردستان وەکو نەتەوەیەك دێنە بێداری و بە خۆئاگایی ڕۆشنترەوە.

دیارە هەر ئەوەش بووە ئامانجی خەبات وبزاڤی جۆربەجۆری ئەم نەتەوەیە لە ماوەی نزیکەی دوو سەد ساڵی دواییدا.

دەڵێن بەهاری عەرەبی دەبێتە بەهاری کوردی، ڕوون نییە مەبەستی چاودێرو توێژەران لە واژەی بەهاری عەرەبی و کوردی چییە..!

ئەگەر ڕاپەڕین و هەندێك گۆڕانکاری وڵاتانی تونس و میسرو لیبیاو یەمەن بە بەهار بزانن، ئەوە هێشتا دیار نییە ئایا ژیانێکی خۆشی بەهارانە بۆ ئەم گەلانە دابین دەبێت یان نابێت..

ئەگەریش مەبەست لە بەهار تەنیا ڕاپەڕین و بەگژیەکداچوون و لادانی هەندێك دەسەڵات بێت، ئەوە تا ئێستا ئاشکرا نەبووە چ جۆرە سیستەمێکی باشتر دادەمەزرێنن!

هەندێ لایەنی هەرێمی باشووری کوردستان لە ساڵانی ٢٠٠٩ـ ٢٠١٠ەوە کەوتنە ناو وەهم و هەڵەی گەورەوە، وەها لێکیان دایەوە کە ئەو بەهارە عەرەبییە بە کوردستانیش دەگات.

مەبەستیان ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستانیش (وەکو ئەو لایەنانەی ئارەزوویان بووە) بە گژ دەسەڵاتی هەرێمدا دەچن، لە ناخیشەوە مەبەستیان لە دەسەڵات، پێگەی بارزانی و پارتی بوو، ئێستاش هەندێك کەس هەر بەو شێوەیە فێرکراوەو ڕێنومایی بۆ دانراوە.

وەلێ من واژەی بەهار بە لایەکی دیکەدا پێشان دەدەم، کە بەهارێکی کوردی دەستی پێکردووە، ئەویش بێداربوونەوەی گشتگیری نەتەوەییە، کە چاوی بڕیوەتە ڕزگاری و

سەربەخۆیی.

لە ٣.٢ ساڵی دواییدا بارزانی و پارتی و هاوپەیمان و دۆستانی لە ناوخۆو دەرەوە هەوڵی شایەنی جێگەی ستایشیان داوە بۆ گەیاندن و بڵاوبوونەوەو چەسپاندنی بیرۆکەیەکی جەوهەری ئەویش ئامادەسازیی نەتەوەیی کوردستانە بۆ ڕزگاری هەمیشەیی..

ئاشکراو زانراوە کێ و چ هێزو بۆچوونێکی سیاسی، بە شێوەی جۆراوجۆر، لە بیرۆکەی سەربەخۆیی دڵتەنگ و نارەحەت بوون و، چۆن چۆنی کەوتنە چەواشەسازی بۆ خنکاندنی ئەم بیرۆکەیەو نائومێدکردنی خەڵکی کوردستان!

دیارە ئەم دوو هەوڵدانە بوونەتە دوو لایەنی جیاواز، تا دێ لێك دوور دەکەونەوە، ئەوەش سرووشتی سەردەمەکەیە، تەوژمی ڕزگاری هەمیشەیی بەهێزترو فراوانتر بووە، بەوەی کە هەست و هۆش و خواستی هەرێمەکانی دیکەشی بزووواندووە، چ لە باکوور یان ڕۆژئاوا یا ڕۆژهەڵات.

وەرچەرخانێکی قوڵ و پتەو لە بیرو هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵکیدا ڕوویداوە، بەرەکەی دیکە، ئەوەی نەیاری سەربەخۆییە، ناتوانێت، بەڵکو نایەوێت ئەو وەرچەرخانە ببینێت!

ڕەوڕەوەی مێژووی گەلان هەمیشە وەها بووە، ئەوانەی لە بزاڤەکاندا دوا دەکەون دان بە پێشکەوتنەکاندا نانێن و تەنیاو تەنیا کەموکوڕی و لایەنە لاوازییەکان دەبینن..

یا لە ڕاستیدا ئارەزوویانە ئەو لاوازییانە هەر بمێنن! وەلێ ڕاستییەکانی ژیان شتێکی دیکەمان پێدەڵێن: کە ئەوەی ڕاست و ڕەوان و گونجاوی یاساو خواستە مێژووییەکانە، تا دوا ئەنجام هەر بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات.

ئەوەی بۆی دەچم جیا نییە لە پێشهاتەکانی سەرجەم بارودۆخی سیاسی ئەم وڵاتانەی

**ئەگەر مەبەست لە بەهار تەنیا ڕاپەڕین و بەگژیەکداچوون و لادانی هەندێك دەسەڵات بێت. ئەوە تا ئێستا ئاشکرا نەبووە چ جۆرە سیستەمێکی باشتر دادەمەزرێنن!**

گەلی کوردستانیان دابەش و داگیر کردووە.

لە سەرێکەوە دەوڵەتی سووریا هەڵتەکیوە، ئەوەی شارەزای ئەم وڵاتە بێت تێدەگات مانای چییە تەقینەوەی گەورەو جەنگی ناو شار بگاتە گۆڕەپانی ئەمەوییین و بارەگای ئەرکانی سوپای سووریا، واتە مۆتەکەی مەرگ بە قوڕقوڕاگەی ڕژێمی ئەو وڵاتە گەیشتووە.

ئەگەر جەڕیانی شەڕی ناوخۆ، بەم شێوەیەی ئێستا بڕوات، ئەوە شاری دیمەشق لەت لەت و وێران دەبێت، بەردی بەسەر بەردەوە نامێنێت، شارێکی جوان بوو، لە ڕووی شارستانییەوە دەڵێم، حەیف کە سیاسەتی ملهوڕانەی ڕژێمەکە بە ئەو دەردەی ببات!

گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوادا بە شێوەی تواناو شارەزایی خۆی بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی شارو دێهاتی ئەو هەرێمە کوردستانییەی گرتۆتە دەست، خەڵکی هەرێمی ڕۆژئاوا ئیتر دەست لەم دەسکەوتە هەڵناگرن،چ ڕژێمی سووریا بمێنێت یان نەمێنێت.

چاکترین و ڕاستترین سیاسەتی هەرێمی باشوور هەر ئەوە بوو کە سەرۆك بارزانی پشتیوانی لە ڕۆژئاوا کردو پارت و گرووپەکانی کۆکردەوەو تا ڕادەیەکی باش هێنانیە یەکخستن، بە ئاشکراش پشتگیریی بۆ خەباتی دیموکراتخوازیی گشت خەڵکی سووریا دەربڕی..

ئەوە لە کاتێکدا حکومەتی مالکی و هەندێك لایەنی کوردستانیی دۆستی ئەو بە پێی سیاسەتێکی ئیقلیمی پشتیوانیی نهێنی و ئاشکرایان بۆ ڕژێمی سووریا نیشانداوە بە واتایەکی دیکە مالکی و هاوپەیمانە کوردستانیەکانیی، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ڕژێمەکەی سووریاوە گرێداوە، کە کەوتنی مسۆگەری ئەو بە سلبی بە سەریاندا دەشکێتەوە! ئەوە دەرئەنجامێکی سادەی لۆژیکی ژیانە..

دەرکەوتن و چەسپانی مەسەلەی کوردی ڕۆژئاوا، بێگومان پاڵپێوەنەری بەهێزی تەوەرەی ڕزگاری و سەربەخۆییە، نوری مالیکی سەرەکوەزیرانی فیدراڵی عیراق چەندین جار مەترسی خۆی لە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دەربڕیوە، تەنانەت لەم دواییە وتی کە لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی سووریادا بارزانی دەوڵەتی کوردی ڕادەگەیەنێت.

**حکومەتی مالکی و هەندێك لایەنی کوردستانیی دۆستی ئەو، بە پێی سیاسەتێکی ئیقلیمی پشتیوانی نهێنی و ئاشکرایان بۆ ڕژێمی سووریا نیشانداوە، بە واتایەکی دیکە مالکی و هاوپەیمانە کوردستانیەکانیی، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ڕژێمەکەی سووریاوە گرێداوە**

خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ وەها نەبێت، ئەوە بێگومان کەوتنی ئەو ڕژێمە یان سەرکەوتنی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، کە خۆ بە خۆ نەتەوەی کوردستان لە ڕزگاری هەمیشەیی نزیك دەخاتەوە..

ئەوە تەنیا مالکی نییە کە ترساوە، بەڵکو مەترسیی مالکی گوزارشت لە مەترسیی لایەنی گەورەترو بچووکتریش دەکات، مەترسییەکە ئیقلیمیەو، مەترسیی هەندێك لایەن و گرووپی کوردستانی باشووریشە کە دەترسن سیاسەتەکەیان شکست بهێنێت، لە بەرانبەریشدا سیاسەتی بارزانی سەربکەوێت.

وەرچەرخانێکی دیکەی ئیجابی کوردستان هەوڵ و کۆششی پارت و هێزە سیاسیەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستانە، کە لێك نزیك دەبنەوەو دیالۆگ بە ڕێبازی پێوەندیی نێوانیان وەردەگرن. ئەوەش جۆرە بێداربوونەوەیەکە.

بێگومان جەختی زیاتریان پێویستە تا بەرە یان هاوپەیمانییەکی سیاسیی کوردستانی فراوان پێکبهێنن و ئامانجی درێژخایەنی خۆیان دابڕێژن.

دیارە حکومەتی ئێران خۆی لە چەندین کێشەی ئاڵۆزی ئیقلیمی و نێو دەوڵەتی ئاڵاندووە،کە نازانرێت چۆن و کەی لە ئەو کێشانە دەبێتەوە، بە هەرحاڵ چاوەڕوانین پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەلە بکەن لە پێکەوە دانیشتن و لێکحاڵیبوون و پێکهاتن و بەرچاو ڕوونی بەرانبەر داهاتوو. سەرهەڵدان و پێشکەوتنی مەسەلەی کورد

**بەهارێکی کوردی دەستی پێکردووە، ئەویش بێداربوونەوەی گشتگیریی نەتەوەییە، کە چاوی بڕیوەتە ڕزگاری و سەربەخۆیی**

**لە ٣٠ ساڵی دواییدا بارزانی و پارتی و هاوپەیمان و دۆستانی لە ناوخۆو دەرەوە هەوڵی شایەنی جێگەی ستایشیان داوە بۆ گەیاندن و بڵاوبوونەوەو چەسپاندنی بیرۆکەیەکی جەوهەری ئەویش ئامادەسازیی نەتەوەیی کوردستانە بۆ ڕزگاری هەمیشەیی..**

**ئاشکراو زانراوە کێ و چ هێزو بۆچوونێکی سیاسی، بە شێوەی جۆراو جۆر، لە بیرۆکەی سەربەخۆیی دڵتەنگ و نارەحەت بوون و، چۆن چۆنی کەوتنە چەواشەسازی بۆ خنکاندنی ئەم بیرۆکەیەو نائومێدکردنی خەڵکی کوردستان!**

**سەرەك وەزیرانی تورکیا تەیب ئۆردوگان ڕایگەیاندووە کە دوور نییە لە تەك پەکەکەو ئۆجەلاندا گفتوگۆ دەستپێبکات، ئەوە هەڵوێستێکی بوێرانەی ئاشتیخوازییە**

لەو هەرێمەدا سەرنجراکێش و سەرسامهێنەر دەبێت، چونکە هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوێدا بەرزو قووڵە هەرچەندە بە ڕواڵەت دیار نییە

لە سەرێکی دیکەوە باکووری کوردستان کتوپڕ، کەوتە بازنەی چارەسەرێکی ئاشتیانەی هیوا بەخشەوە، لەم ڕۆژانەدا هەم لە لایەن حکومەتی ئۆردوگان، هەم لە تەرەفی بەدەپەو کورد بە گشتییەوە، دەنگی تازەمان بەر گوێ دەکەوێت،سەرەك وەزیرانی تورکیا تەیب ئۆردوگان ڕایگەیاندووە کە دوور نییە لە تەك پەکەکەو ئۆجەلاندا گفتوگۆ دەستپێبکات، ئەوە هەڵوێستێکی بوێرانەی ئاشتیخوازییە، چونکە بە مانای دیالۆگە لەگەڵ تەرەفی سەرەکیی مەسەلەکە لە باکوور.

لە لایەنی خۆشییەوە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پەدەیە کە خاوەنی فراکسیۆنی کوردە لە پەرلەمانی تورکیادا ڕایگەیاندووە کە بۆ چارەسەری پرسی کورد داوای دیالۆگ لە ئاك پارتی و جەهەپە دەکات، دیارە کە ئاك پارتی گەورەترین پارتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەیە.

جەهەپەش گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە کە ماوەیەکە سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کورد گۆڕیوەو داوای چارەسەری دەکات.

کەشوهەوای دیالۆگ و خواستی ئاشتییانەی تورك و کورد لە خۆڕا نەهاتووەو، ئارەزووی چەند کەسێك نییە لەم پارتە یان ئەوی دیکە، بەڵکو نیشانەی وەرچەرخانێکی قووڵتری گشتییە، لە ئەنجامی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دێتە کایەوە..

حکومەتی ئەنقەرە بە چاوی خۆی بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و پێشکەوتنی مەسەلەکەی دەبینێت، و دەزانێت کە مەسەلەی گشتیی کورد لە سێ هەرێمدا: دان پێدا نان و دیالۆگە نەخاسمە کە ئەم مەسەلەیە لە سنووری ئەم وڵات و ئەو وڵات دەرچووە، بووە بە حەقیقەتی سیاسیی گرنگ لەم ناوچەیەدا کە بە بێ چارەسەر بوونی ئاسایش و و ئاشتی بەرقەرار نابێت، حکومەتی تورکیا زوو یان درەنگ دەبێت خۆی ڕابهێنێت لەسەر مامەڵەتی واقیعبینانە لەگەڵ مەسەلەی کورد لە سێ هەرێمدا پێکەوە کە چ لە بازنەی سنووری خۆیدا بێ یا لەسەر سنوورەکانی، لە مێژە چاوەڕوانین پەکەکەو بەدەپەو ئۆجەلان بەو بڕیارە بگەن لەگەڵ حکومەتی تورکیا بکەونە دیالۆگ و گفتوگۆی سیاسیی هەمەلایەنە، هەلومەرجی ناوخۆی گەلی کوردستان ئەوە دەخوازێت و ئامادەی ئەو جەریانەیە.

سەرۆکایەتیی هەرێمی باشوور هەمیشە ڕایگەیاندووە کە پشتگیری لە دیالۆگی ئاشتیانە دەکات و هەوڵیشی بۆ داوە.

ئێستا وەختی ڕاگەیاندنی ئاگربەسی تەواوی هەمەلایەنە لە تورکیادا هاتووە.

وەختی ئەوەیە هەردووڵا هەم حکومەتی تورکیا هەم پەکەکەو ئۆجەلان پێکەوە ئاگربەس ڕابگەیەنن و دەستبەجێ بەدیی بهێنن، تا زەمینەی گونجاوی دۆستانە بۆ دیالۆگی گشتی ئامادە ببێت. ئاشتی مەرجی سەرەکی و هەرە گرنگە بۆ ئەمڕۆی تورکیا، پەکەکە لە ئالی خۆیەوە ڕایبگەیەنێت

**کێ دەیزانی کە پێکێشانی دوو فڕۆکەی خەڵك هەڵگر بە دوو بورجی هەرە بڵندی نیویۆرك لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا ئەم هەموو گۆڕانکارییانە بەسەر نەخشەی سیاسی و ئابووری جیهاندا دەهێنێت!**

کە ئیتر چەك دادەنێت و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پرۆسەی دابنرێت.

بە لای منەوە (بەهاری کوردی) لێرەوە گەشە دەستێنێت، دوای سەرکەوتنی ئەم دیالۆگەو سەرکەوتنی ڕۆژئاوا ئەوە سێ هەرێمی کوردستان لە کۆت و زنجیری مێژوویی ڕزگاریان دەبێت، خۆ ئەگەر ئەوسا دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆی کوردستانیش پێك نەیەت، ئەوە ئەو سێ هەرێمە( لە داهاتووشدا ڕۆژهەڵات) دەتوانن فیدراڵیەتییەکی فراوان پێکبهێنن و ئازادیی هاتوچۆو بازرگانی و فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا بەر قەرار ببێت(هەرچەندە تا ماوەیەکی زیاتریش هەر هەرێمێك بۆ خۆی لە بازنەی سنووری نێو دەوڵەتی ئێستادا بمێنن)...

ئەو ئەگەرانە شیاون بێنە دی،ئەوانە حەزو ئارەزوو نین، هەرچەندە حەقیانە ئارەزووی وەهایان هەبێت، بەڵکو پێشهات و فاکتەری واقیعین. لەو ئەگەرانەن کە کەمو زیاد دێنە پێش..

بارودۆخی جیهان و وڵاتانی ناوچەکە بەرەو ئەو ئەگەرانە ئاڕاستە بووە، ئیتر ئەوە واقیعی ژیانە، ئەوانەی (مەترسی) یان هەیە لە ڕزگاری هەمیشەیی لە ناو خەڵکدا پێگەیان نامێنێت و لە بیر دەچنەوە..

لە تەك ئەو خوێندنەوەیەدا بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ، خۆ بە خۆ یادی دەوڵەتی (میدیا)م وەبیرکەوتەوە، وەکو بڵێی ئەو دەوڵەتە جارێکی دیکە بە شێوەی تر، زیندوو دەبێتەوە، ئەمجارەیان لە جیاتی ماد( میدیا) بە ناوی کوردستانەوە دەبێت..

وەك دەزانن دەوڵەتی میدیا کۆنترین کەیانی سیاسیی میدییەکانە کە باپیرەی نەتەوەی کوردن، واتە خەڵکی ئێستای کوردستان نەوەی ئەو کەسانەن کە لە جیۆگرافیای ئەمڕۆی کوردستان ژیاون، دیارە میدییەکان بەناوبانگترین ئەو میللەتانەن کە لێرەدا بوونە، و تا نزیکەی ٢٧٠٠ ساڵ پێش سەربەخۆبوونەو کەیانی خۆیان هەبووە.

سنووری دەوڵەتی ماد نزیکەی لە هەمان سنووری کوردستانی گەورەوە کە نەخشەکەیمان کێشاوە، ئەگەر هەمەدان و هەندێك ناوچە تا کەناری دەریای قەزوین( خەزەر)بخەینە سەر نەخشەی کێشراوی ئەمڕۆی کوردستانی گەورە ئەوە دەبێتە سنووری ئەو سەردەمەی دەوڵەتی میدیا.

هەرێمی باشووری کوردستان تا مهاباد و ورمێ و مەریوان و کرماشان دەکەونە ناو جەرگەی جیۆگرافیای دەوڵەتی دێرینەی میدیاوە..

کەوا بێت دانیشتووانی زۆربەی ڕووپێوی جیۆگرافیای کۆنی دەوڵەتی میدیا هێشتا لە نەوەکانی میدییەکانن..

بێگومان مێژوو و ڕابردوو فاکتەرێکی نەتەوەییە، هەرچەندە هەمیشە ناتوانێت ببێت بە هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتەکان، لە هەمان کاتیشدا دەزانین زۆرینەی گەلانی دنیا لەسەر خاکی باوو باپیران دەوڵەتی خۆیان ئاوا کردووەتەوە...

ئەگەر هەموو خاکەکەی جاران نەبووبێت ئەوە پارچەیەکیان گرتۆتەوە، هەندێك کێشەی ئێستای جیهان لە نێوان ئەو میللەت و نەتەوانە کە کێشەی ڕابردووی خاك و دەوڵەتیان یەکلا نەبووەتەوە. کێشەی ماددەی ١٤٠، کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە لەو بابەتە کێشانەیە،ئەگەر ماددەی ١٤٠ لەم بارودۆخەدا چارەسەر نەبێت کە زەحمەتە ببێ، ئەوە ڕەنگە لە ئەنجامدا ڕووبەرێکی فراوانتر لەوەی مادەی ١٤٠ بکەوێتە سنووری هەرێمی کوردستانەوە هەر دەشبێت وەها بێت..

چارەنووسی گەلان و دەوڵەتەکان وەك هی ئینسانەکانە بە ئاسانی دیار نابێت، بەرەو کوێ دەچێت، گۆڕانکاری هەموو جارێ تەنیا بە ئیرادەی سیاسیی خەڵك و دەوڵەت بەدی نایەت.

بەڵکو هەندێ جار ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی سروشت، یان کۆمەڵێکی بەشەری دەس دەخاتە نێو ڕەوڕەوەی چارەنووسەوە...

**ڕەوڕەوەی مێژووی گەلان هەمیشە وەها بووە. ئەوانەی لە بزاڤەکاندا دوا دەکەون دان بە پێشکەوتنەکاندا نانێن و تەنیاو تەنیا کەموکوڕی و لایەنە لاوازییەکان دەبینن..**

تەنانەت چارەنووسی دەوڵەتێك یان میللەتێك کە لە ڕووی جیۆگرافیشەوە دوورە لەو ڕووداوە بۆ نموونە کێ دەیزانی کە پێکێشانی دوو فڕۆکەی خەڵك هەڵگر بە دوو بورجی هەرە بڵندی نیۆیۆرك لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا ئەم هەموو گۆڕانکارییانە بەسەر نەخشەی سیاسی و ئابووریی جیهاندا دەهێنێت! کەم وڵات لە دنیادا هەیە کەمو زیاد بەر کاریگەریی تەقاندنەوەی بورجەکانی نیۆیۆرك نەکەوتبێت.

یا نەخۆشی کوشندەی بەربڵاو هەندێك جا وشکەساڵی و لافاوی زیاد چارەنووسی دەوڵەتەکان دەگۆڕێت..

یان کێ دەیزانی چارەنووسی شارەکانی موسڵ و بەغداو چۆنی لێدێت ئەگەر هاتوو وەك شارەزایانی بەنداوەکان دەڵێن ڕۆژێك بەنداوی موسڵ دابڕووخێت و لافاوێکی مەزن بەرپا بێت، شاری موسڵ بکەوێتە ژێر ئاوو بە هەڵسانی لافاوی دیجلە شاری بەغداو شارو شارۆچکەکانی ئەملاو ئەولای ڕووبارەکە تا شاری بەسرە بکەونە مەترسی جیدییەوە!!..ئەمە وەکو شارەزایانی ئەمریکی و عیراقی حیسابی بۆ دەکەن و بە ئەگەرێکی دەزانن.

یا دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران، ڕەنگە بە هیچ نەگات یان ڕەنگە چارەنووسی ئەو وڵاتە هەتا هەتایە بگۆڕێت و کاریگەریی تەواو بخاتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان..

کێ دەزانێ!

کێ دەتوانێ بە دروستی هۆکاری هەڵایسانی شەڕە گەورەکانی یەکەم و دووەم و کەنداوو هی تر بدۆزێتەوە! ئایا تەنیا حەزو ئارەزووی یەك دوو حوکمڕان و بەرپرس بووە، یان هۆکاری بەهێزتری پشت پەردەیان هەیە! خۆ هەر جەنگێکی گەورە نە بەس چارەنووسی وڵاتانی تێوەگلاو دەگۆڕێت، بەڵکو کاریگەریی سەلبی یان ئیجابی دەخاتە سەر چەندین وڵاتی دیکەی نزیك و دوور. ڕەنگە بوومەلەرزەیەکی هەرە توند و لافاوو تسۆنامی، وەك ئەوەی ژاپۆن بنەمای ژیانی میللەتێك بهەژێنێت..کۆچ و کۆچباری فراوانی کۆمەڵگەکان لەم کێشەرەوە بۆ ئەوی دیکە، لە ژێر کاریگەریی باری نەگونجاوی ژیان یا لەبەر هەر هۆکاری سروشتی چارەنووسی گەلان دەگۆڕێت..

کەواتە ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی سروشتی یا سیاسی و بەشەری گۆڕانکاری و وەرچەرخانی جۆربە جۆر بە شوێن خۆیدا دەکێشێت..

ئەم ڕووداوە مەزنانە میللەتان بێدار دەکاتەوە، بێگومان ئەوە جێگەی خەبات و هەوڵدان ناگرێتەوە، نابێت بە داماوی دابنیشین و چاوەڕوانی ڕووداوی مەزن بمێنین، بەڵکو بە هەوڵی خۆمان بدەین و هیواخوازین زۆربەی ڕووداوو پێشهاتەکانی ئێستاو داهاتوو بە سوودی چارەنووسی نەتەوەکەمان بگەڕێتەوە ئێمە ئەگەر هەبین و ئەرکی خۆمان بە جێ بگەیەنین. واتە لەسەرخاکی خۆمان هەبین..) ئەوە لە ئەنجامدا (( دەبین)) هیواو بیروبۆچوونمان ئەوە بێت کە ((ببین)).. لەسەر سەکۆی مێژوودا .. ببین.

# سیاسەتی ئاساییش لەکوردستان، لەنێوان هەستەوەریی هەندێ لایەن و پەرچەکرداری نێگەتیڤانەدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

تایبەت بۆ گوڵانی دەنووسێت

پەرلەمانی کوردستان یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان راگەیاند،حکومەتیش بەردەوامە لە جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی ئایینده که هاوشان بێت لەنێوان رێچکەی کارکردنی و رێبازی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمدا،بۆیە هەموو لایەك دەتوانن بەم راستییە ئاشنابن کە چۆن جۆرێکی پێشکەوتوو لە گونجان و یەکگرتنەوە هەیە لە نێوان ئاستی ئەداو توانای دەزگاکانی حکومەت و هەوڵ و کۆششەکانی لە بواری گەشەسەندنی گشتی و لەنێوان وەدیهێنانی زەمینەو کەشوهەوایەکی هێمن و سەقامگیر لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا،رەنگە چەند مانگێك بەسەر بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایش لەهەرێمدا تێپەڕی بێت، بەڵام لەم دواییەدا چەندین لێدوان و بەدواداچوون لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدراوە، بۆیە ناچارم لێرەدا منیش بیروبۆچوونی خۆم بخەمەڕوو.

لەبەرامبەر بڕیاری یاسای پەرلەمانی کوردستان و راگەیاندنی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایش لەهەرێمدا، زۆر کەس لێکدانەوەیەکی هەستیارانەیان بۆ ئەم بابەتە خستۆتەڕوو، بەتایبەتیش رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکادیمی و ناوەندەکانی توێژینەوە،کە هەندێکیان زۆر رەشبینانە و بە بیروبۆچوون و رای تایبەتیی پێشوەختە لەم ئەرکە گرنگە دەڕوانن،کە هەر ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر پێشکەوتن وزیاتر سەقامگیرکردنی کەشوهەوای پێشکەوتن لە هەرێمدا،کە زیاتر پێویستی بە کۆدەنگیی هەمووڵایەکە .

بۆیە ئەگەر سەیری ئەو خوێندنەوانە بکەین ئەوا دەنگێکی کەمە و بەم شێوەیەیە:

١- یان دەکەوێتە ژێرکاریگەریی شێواندن و گوشارەوە لە ئاکامی هەڵوێستی تەسکی سیاسیی وحزبیی پێشوەختەوە.ئەمەش مەرج نییە بەمەبەستی بێڕێزی و تانەلێدان بێت،بەڵام رەنگە لەبەر هۆشداری و وریاییەوە بووبێت و زێدەڕۆیی تێداکاربێت.

٢- یان ئەو دەنگە کەمانە دەرئەنجامی پاڵنەری سیاسیی بەرهەڵستکار بێت بە ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤانە کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەداو توانای بیناکردنی ئۆپۆزسیۆن یەکناگرێتەوە لە چوارچێوەی دامەزراوەی مەدەنی هاوچەرخدا، بۆیە ئەو دەنگانە تەنیا وەکو ئاستەنگێك لەبەردەم کاروانی فەراهەمکردنی ئاسایشدا دەوەستن.

لێرەدا و دوای ئەم پێشەکییە کورتە وا چاکترە

جەخت بکەینەوە لەسەر فراوانکردنی وێنەی راستیی پلانەکانی بنیادنان وپێشکەوتن،یەکێك لەو پلانانەش چارەسەری باری ئاسایش دەکات،لەگەڵ دابینکردنی بەرچاو روونی تاکو ئەو دەنگانەی کە راستییەکان دەشێوێنن چاك تێبگەن کە ئەوان دوچاری کێشمەکێش وململانێیەك بوونە کە پێویستە بە تێگەیشتن لە وردەکاریی ئەم لایەنە لەو بیروبۆچوونە نەخۆشەیان دووربکەونەوە، هاوکات وا پێویست دەکات گوێ لە بۆچوونە نێگەتیڤەکانیشیان بگیرێت تاکو لە کۆتاییدا خزمەتی ئەم رێبازە بکەن.مەبەستیش لێرەدا تەخوین کردنی بەرامبەر یان پەراوێزکردن بێت، بەڵکو بەهێزکردنی پرانسیپەکانی رێزگرتنە لەرای بەرامبەر و سوود لێوەرگرتنیانە،تەنانەت سوودوەرگرتن لە رای پێچەوانە و چارەسەرکردنی گرفتەکان بە شێوازی بابەتیانەو ئاشتیانە،دیارە ئەم ئەدا پۆزەتیڤەی حکومەتی هەرێم لە بەتەنگەوەهاتن بۆ کێشەو گرفتی رۆژانە یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی دامودەزگاکان لەبەر رۆشنایی پرۆسەی چاکسازی کە بەردەوام بۆ ئەم مەبەستە ئەکتیڤ کراوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و ئاوەدانکردنەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

پێداچوونەوە بە دەقی یاسای ئەنجومەنەکە دیدو وێنایەکی تێروتەسەلمان سەبارەت بە گرنگیی یاساکە پێدەبەخشێت کە بە هەنگاوێکی نموونەیی دادەنرێت لە بواری پاراستنی ئارامیی هەرێم وەکو ئەزموونی هەموو میللەت و دەوڵەتانی دیکەی جیهان، هاوکات بۆچوونی راستەقینەو سووربوونی سەرکردەکانی هەرێم روون دەکاتەوە لە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤانەی سیاسەتی ئاسایشدا،بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مەسعود بارزانی لە وتەکەیدا کە بەم بۆنەیەوە خوێندییەوە ئاماژەی بە پێوەندیی نێوان ئاسایش و گەشەپێدان و فراوانبوونی وەبەرهێنان کرد،کە لەلایەك ئاوەدانی و بیناسازی دەگرێتەوەو لەلایەکی دیکەشدا داواکانی هاووڵاتیانی هەرێم جێبەجێ دەکات لە دۆزینەوەی هەلی کارو سڕینەوەی حاڵەتەکانی بۆشایی کە رەنگە هۆیەك بن لە هۆیەکانی شێواندنی بارودۆخی جێگیر نەبوونی سەقامگیری وئاسایش،نموونەش بۆ ئەمە، ئەو رەوشە نالەبارەیە کە ئابووریی ناوچەکانی دیکەی عێراقی گرتۆتەوە، لە سایەی بەرقەرارنەبوونی ئاسایش، بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان.بۆیە کاتێك باس لە دۆسێی ئاسایش دەکەین،نابێت زۆر بە هەستەوەری مامەڵە لەگەڵ ئیدارەی ئەنجوومەنەکەدا بکەین،چونکە بەبەڵگە سەلمێندراوە کە تواناو کارامەیی خۆی بۆ هەموو لایەك دووپاتکردۆتەوە،پاشان راوێژکاری ئەنجومەنەکەو جێگرەکەی لە وتارەکانیاندا کە بە بۆنەی رێورەسمی دامەزراندنییەوە خوێندیانەوە ئاماژەیان بە ئەرك و ئامانج و پێوەندیی ئەنجومەنەکە بە هاووڵاتیانەوە کرد بە تایبەتیش لە بواری پاراستنی سەروماڵیان و نواندنی رێزو پێزانین و یەکبوونی ئامانجی هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی ئەنجومەنەکە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان.دیارە ئەو ئەرکە پیرۆزە گەورەیە تەنیا بە پۆلیس و سوپا و فراوانکردنی بازنەی گەشەپێدان و چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان فەراهەم و مەیسەر نابێت، بەڵکو پێویست بە هاوکاری و هەماهەنگیی سەرجەم حزب و هێزو لایەنانە دەکات،نەك بەربەست و ئاریشە بخەنە بەردەم ئەرك و کارەکانی ئەم ئەنجومەنە.

کوردستان لەم هەلومەرجە ناسکەدا لە هەموو لایەکەوە بە پیلان و نەخشەی دوژمنان دەوردراوە و ناحەزان لە تیرۆریست و مافیای رێکخراو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان درز بخەنە ریزی میللەت و وڵاتەوەو دووبەرەکیش لە نێوان چین و توێژەکاندا بخەنەوە، بۆیە وا پێویست دەکات هەموو تاکێك پەرۆشی ئەکتیڤکردنی هەوڵ و تەقەللاکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بن و ئاستی هۆشیاریی هەموولایەکیش بگاتە ئاستی وڵاتانی دیموکراسیخوازی دێرین.رەنگە وانەو موحازەرە و سیمینارە گشتییەکان و شێوازەکانی راگەیاندنی ئاسایش رۆڵیان هەبێت لە پتەوکردنی بنەماکانی هەرێمێکی خۆڕاگر لە کوردستاندا بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەگەر ئەو لایەن و هێزە سیاسییانە لەگەڵ یەکدی تەبا نەبن و جیاوازییان لە بیروڕاو بۆچوونە سیاسییەکاندا هەبێت و بەدیدێکی تایبەتەوە لە پرۆسەی ئاسایشی نیشتمانی بڕوانن، ئەوا زۆر پێویستە هەڵسەنگاندنیان بە پێوەری واقیعبینانەو پراکتیکیانە بێت نەك لە سۆنگەی ڕق و کینە بەرامبەر بە کەسەکان بڕیاری خۆیان لەمەڕ ئەم بوارە هەستیارە بدەن،هەر بۆیە نابێت وا تێبگەن کە مەسەلەی ئاسایش و پاراستنی هاووڵاتیان تەنیا نمایش کردنی قۆڵ و باسك و هێزی جەستەیی نییە یاخود ببێتە مایەی کێشمەکێش و بەدواداچوونێکی سەرپێی و راگوزەرانە، بەڵکو ئەم ئەرکە پیرۆزە خۆی لە خۆیدا دووپاتکردنەوەی هۆشیاریی بژاردەیەك و سەرکردایەتییەکی حزبی سیاسییە کە بە هەموو مانایەکەوە ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ دەگرێت.

من زۆر لێدوانم خوێندەوە کە خاوەنەکانیان پێیان وایە بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان، ئیدی وڵات بەرەو دەوڵەتێکی پۆلیسی هەنگاودەنێت و لەمەشدا دەوڵەتی پۆلیس بە بەرژەوەندییەکانی گەورە کۆمپانیا نەوتییەکانەوە گرێدەدات،دیارە ئەوانە بە یەك چاو سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن و چاوەکەی دیکەیان نووقاندووە،دەبێ ئەوەش بزانن کە ئاسایش ئەرکێکە لە ئەرکەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئەگەرنا هەموو دەستکەوتەکانمان بەرەوڕووی مەترسی دەبنەوە ئەگەر هاتوو بە دوای خەونی نەخۆش و رای چەوتی خاوەن ئەو لێدوانانە بکەوین. خاوەنی ئەم لێدوانانەش بۆمان دەردەخەن کە مەبەستیان ئەوەیە پێمان بڵێن بیناکردنی دەزگای ئاسایش راگرن و لێگەڕێن هەر چی روودەدات گرنگ نییە بە بیانووی داکۆکی کردن لە ئازادییەکان، بەڵام ئەوانە لەبیریان چۆتەوە کە ئەگەر ئاسایش نەبوو ئەو ئازادییانەش فەراهەم نابن و مافەکانیشمان لەدەست دەچن،هەموو وڵاتانی دنیاش ئەنجومەنی ئاسایشیان هەیە کە بە شێوەی نهێنی و بە پێی رێنمایی و یاسای تایبەت ئەرك و کارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

من پێموایە کە ئەوەی لە کوردستاندا دەیبینین لە کەشوهەوای ئاسایش و سەقامگیری هەمووی لە ئەنجامی سیاسەتێکی ساغ و کارامەی ئاسایشەوە وەدەست هاتوون، بۆیە ئەم ئەرکە زیاتر چالاك دەبێت ئەویش بە قایمکردنی بەرەی ناوخۆی کوردستان بەردەوامبوونی کاروانی چاکسازی و سوود وەرگرتن لە شارەزایی و پسپۆران لە ناوخۆو دەرەوەدا،دیارە زیاتر پتەوبوونی ئەم دەزگایەش هەوڵێکی زۆری هەمەلایەنانەی گەرەکە تاکو بواری ئاسایش و سەقامگیریی رەوشەکە لە کوردستان تۆکمەتر بێت. لەم بوارەشدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەدەرنین لە سوودوەرگرتن لەم ئەنجومەنە کە بەهەموو توانایەکی لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان و سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگادا دەبێت، ئەم ئەنجومەنە لە رووی ئەرك و کارەکانییەوە هەردەم پابەند دەبێت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و مۆرالەکانی دەزگا نیشتمانی و مرۆییەکان، لە کۆتاییدا پیرۆزبایی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە بەم هەنگاوە پیرۆزەی یاسای پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنەی دەرکرد.

---

**[*]توێژەری ئەکادیمی لە زانستە سیاسییەکان**
**سەرۆکی پەرلەمانی رۆشنبیریی عێراقی لە تاراوگە**

# بە تەواو بوونی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دهۆک هیڵی ئاسمانی دەبێتە بەدیلی هێڵی دەریایی





جۆنسۆن سیاویش ئەیۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بۆ (گوڵان):

# پرۆژەی حکومەتی ئەلکترۆنی ساڵی دادێ دەچێتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە

***گواستنەوەو گەیاندن بەدوو بواری گرنگی ئابووری هەرێمی کوردستان دادەنرێت و راستەوخۆ پێوەندییان بەژیان و بژێوی هاووڵاتیانەوە هەیە، رۆژ لەدوای رۆژ خواست و ویستی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەسەر پێشخستنی ئەم بوارانەو بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی و داشکانی نرخەکان زیاتر دەبێت، پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر هەرێمی کوردستان بەناوچەیەکی داخراو دادەنرا، بەڵام ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردستانی لەسایەی فرۆکەخانەکان و ئەنتەرنێت و هێڵەکانی تەلەفۆن و مۆبایلەوە بەرووی دەرەوە کراوەتەوە. وەنەبێت ئەم پێشەکی یە بۆ چوونە ناو بوارێکی وا گرنگ و ئاڵۆز بەو مانایە بێت کە بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن لەهەرێمی کوردستان بێ کەموکوڕی و گرفت نەبێت، لەقۆناغێکدا کە هێشتا ئاسمانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەو تەنانەت کارو پرۆژەکانی زۆر لەکۆمپانیاکانی گواستنەوەو گەیاندن بەمۆڵەت و رێنمایی ئەوانە ئەمە جگە لەوەی رێکخستنی ئەمبوارە کاری جیدی دەوێت، هەر ئەمەشە وایکردووە پرۆژەو کارەکان لەمبوارەدا هەنگاوی بۆ بنرێت، دەستکردن بەجێبەجێکردنی فرۆکەخانەی دهۆکی نێودەوڵەتی و دانانی بەرنامە بۆ دامەزرانی دەزگای فرۆکەخانەکانی هەرێم و هەنگاونان بەرەو پرۆژەکانی ترام و رێکخستنەوەی کاری کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئەنتەرنێت لەم چوارچێوەیەدا دێت.***

***سەبارەت بەم دوو بوارەی گواستنەوەو گەیاندن پرسیارمان لە جۆنسۆن سیاویش ئەیۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن کرد، بەراشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانیان داینەوە.***

**● فرۆکەخانەی دهۆکی نێودەوڵەتی**

سەبارەت بە دروستکردن و کردنەوەی فرۆکەخانەی دهۆکی نێودەوڵەتی کە دەکەوێتە نزیك رێگای سەرەکی نێوان قەزای سێمێل و زاخۆو چەند رۆژێك پێش ئێستا لە لایەن رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێورسمێکی شایستە بەردی بناغەی بۆ دانرا؛ جۆنسۆن سیاویش ئەیۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن گوتی:( گرنگیەکەی ئەو فرۆکەخانەیە کە بەئومێد و ئاسۆیەکی روونەوە لەلایەن رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانراو چووە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. لەوەدایە کە ناوچەی بادینان سنوورێکی بەرفراوان و ستراتیژی هەیە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە فرۆکەخانەی دهۆکی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ گەشەکردن و پێشخستنی بوارەکانی بازرگانی و ئابووری و گەشتیاری و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، لەلایەکی تر ئەم فرۆکەخانەیەی دهۆك تەواوکاری فرۆکەخانەکانی دیکەی کوردستانە و دەبێتە پاڵپشت بۆ فرۆکەخانەکان و هێڵی ئاسمانی و شەمەندەفەر لە هەرێمی کوردستان بگرە دەبێتە بەدیلی رێگای دەریایی، هاوکات ئەگەر هاتوو لە دوا رۆژدا لە هەرێمی کوردستان هێڵی شەمەندەفەری

ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دروستکرا، ئەوە لە باکورەوە بە تورکیا و ئەورووپا و لە ڕۆژهەڵات بە ئێران و لە خوارووە بە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و کەنداوی عەرەبی و ئوردن دەبەسترێتەوە، لەو کاتەدا هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوچەو شوێنێکی ستراتیژی جیهانی لە نێوان زۆر لە وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپا، ئێمە وەکو وەزارەت زۆربەی کارو ئیشەکانی فڕۆکەخانەکانمان دواخستوو بۆ دوای دامەزراندنی دەزگای فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایە دەرچووە و بەدامەزراندن و دەستبەکاربوونی دەزگای فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانیش هەموو کارو بەرنامەکانمان لەبواری فڕۆکەخانەو هێڵی ئاسمانی ڕێك دەخرێتەوەو ئەو بوارە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، هاوکات هەر لەم سەردانەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنووری پارێزگای دهۆك ڕایگەیاند کە لە شاری زاخۆ ناوچەیەکی ئازاد دادەمەزرێت

**فڕۆکەخانەی دهۆکی نێودەوڵەتی تەواوکاری فڕۆکەخانەکانی دیکەی کوردستانە**

کە ئەمەش پڕۆژەیەکە لە دەستکەوتەکانی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێم کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە).

● **پڕۆژە گەورەو ستراتیژییەکان**

وەزیری گواستنەوەو گەیاندن سەبارەت بەو پڕۆژانەی لەلایەن وەزارەتیانەوە لەم کابینەیەدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە گوتی: (وەزارەتەکەمان چەندین پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی لەبەرنامەیدایە لەوانە- پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەر کە پڕۆژەیەکی قورس و فراوانەو بودجەیەکی زۆری دەوێت قۆناغی یەکەمی ئەوە پڕۆژەیە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق کاری لەسەر کراوە، ئەویش بۆ تەواوکردنی دیزاین و دیراسەی بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە چەند پارێزگایەکی عێراقی بە هێڵی شەمەندەفەر ئەو پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەرەش قۆناغی یەکەمی بەم جۆرەیە، هێڵی شەمەندەفەری نێوان کەرکوك - سلێمانی و هێڵی نێوان کەرکوك - هەولێر و هێڵی نێوان موسڵ - هەولێر و هێڵی نێوان هەولێر - موسڵ - دهۆك - زاخۆ — تورکیا، ئەم پڕۆژەی هێڵەکانی نێوان ئەو شارانەی باسمانکرد پێش چەند ساڵێك کاری لەسەر کراو و دیزاینی هێڵی نێوان کەرکوك — سلێمانی تەواو بووە، لەم پڕۆژەیەدا بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێممان هەیە کە هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەی بەغدا بکەین بۆ ئەوەی ئەو هێڵی شەمەندەفەرانەی لە ناو چوارچێوەی پڕۆژەکەدایە دیراسەو دیزاینی بۆ بکرێت، چونکە ئەو هێڵی شەمەندەفەرانە و پڕۆژەکە تەنیا سوودی بۆ هەرێم نییە بەڵکو سوودی بۆ عێراقیشە. لە ڕێگای ئەو پڕۆژەوە هەرێمی کوردستان لە باشوورەوە بە کەنداوی عەرەبی و ئوردن و عێراقیش لە باکورەوە بە هەرێم و تورکیا و ئەورووپا دەبەسترێتەوە. هاوکات لە قۆناغی سێیەمی پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەر دەبێت بیرۆکەی بەستنەوەی قەزاو ناحیەو شارەکانی ناو هەرێم هەبێت و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەین و بە تەواو بوونی هەر سێ قۆناغی ئەو پڕۆژەیەی هێڵی شەمەندەفەر ئەوە هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ئابووری پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی هەنگاوێکی زۆر گەش و پێشکەوتوو دەنێت . هەروەها پڕۆژەیەکی تری گواستنەوەمان بۆ شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی هەیە ئەویش پڕۆژەی گواستنەوەی ترامە، ئەم پڕۆژەیەش بۆ شاری هەولێر دیزاینەکەی تەواو بووە و لە دهۆك هەندێ کێشە لەمبارەوە هاتە پێش بۆیە دواکەوت و لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا دیزاینی دهۆك و سلێمانیش بە دڵنیایەوە تەواو دەبن. بۆ جێبەجیکردنیش چاوەڕوانی بڕیاری کۆتاین کە بە ڕێگای وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت یان بە ڕێگای بودجە و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان جیبەجێ بکریت، جگە لەم پڕۆژەیەش پڕۆژەکانی دروستکردنی تەرمیناڵ لەشارە گەورەکان لەبەردەستدایە، لەم ماوەیەدا بۆ دروستکردنی تەرمیناڵەکان ڕێنمایی دەردەچێت و لەپاشان بە

**لە قۆناخی سێیەمدا هەوڵدەدەین قەزاو ناحیەکان بە ڕێگەی شەمەندەر بە شارەکان گرێبدەینەوە**

**بە دامەزراندنی دەزگای فڕۆکە خانەی هەرێمی کوردستان کارەکانمان باشتر ڕێکدەخەینەوە**

هاوکاری و هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار زەوی بۆ تەرمیناڵەکان تەرخان دەکرێت و لەم پڕۆژەیەشدا ئێستاکە بۆ شاری هەولێر دوو تەرمیناڵ چۆتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە).

● **پۆست کۆد لە سلێمانی و دهۆك**

سەبارەت بەپڕۆژەی پۆست کۆد لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردستان وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بە گوڵانی گووت: (وەکو قۆناغی یەکەم بۆ شاری دهۆك بەگشتی و بۆ ٢٠گەڕەکی شاری سلێمانی دوو گرێبەستمان بۆ پۆست کۆد واژو کردووە، بۆ شاری هەولێریش دروستکردنی دیزاینەکەی ئێستا بە زانکۆیەکی ئەڵمانی دراوە و لە ساڵی داهاتوو لە هەولێریش دەست بە دانانی پۆست کۆد دەکرێت، ئەم پڕۆژەیە بریتیە لە دانانی ژمارە لەسەر گەڕەك و هەر کۆڵان و ماڵێکیش ژمارەی تایبەتی خۆی دەبێت کە بەم سیستەمە هاتوچۆی پۆستە لە شێوە کۆن و کلاسیکییەکەوە رزگاری دەبێت و بە شێوەیەکی زۆر وردو هەستیار و دڵنیایەوە پۆستەکان هەر شێوەیەکی بێت بە ئاسانی و خێرایەکی بێ وێنە بە دەست هاووڵاتیان دەگات.

هاوکات چەندین پڕۆژەی ترمان هەیە وەکو سیتی پاس کە ئەوەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ خزمەتکردن بە هاووڵاتیان و شارەکانمان و ئەم پڕۆژەیە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەبێت و کاری ئێمە لەمبارەوە تەنیا سەرپەرشتی کردنە و یەکێك لەم کارە باشانەی لەم پڕۆژەیە دەکرێت گۆڕینی پاسە کۆنەکانە بە تازە، هەروەها بۆ سەرکەوتنی سەرجەم پڕۆژەکان ئێمە وەکو وەزارەت و حکومەتی هەرێم پێویستمان بە ماستەرپلانی گواستنەوەیە و بۆ ئەو پڕۆژەش بڕیار لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە و بڕیاربوو ئەو ساڵ ماستەرپلانی هاتوچۆی پایتەختی هەرێمی کوردستان دروست بکەین، بەڵام دوامانخست بۆ ئەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان لەیەکتر جیانەکرێنەوە).

● **کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت**

سەبارەت بەو ڕەخنەو گلەییانەی لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت هەیە



وەزیری گواستنەوەو گەیاندن گوتی: (گلەیی و گازاندە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەسەر کۆمپانیاکانی (فایبەر ئۆپتیك) هەیە کە هۆکارەکەشی زیاتر بۆ نەبوونی کێبڕکێ دەگەڕێتەوە و هەر ئەمەش وەیکردووە کە قۆرخکاری لەمبوارەدا هەبێت و ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین قۆڕخکاری نەمێنێت و ئەو سێ کۆمپانیایەی کار لە مۆبایڵ دەکەن ئازادبن لە هەر کوێدا خزمەتگوزارییەکانیان بخەنە خزمەت هاووڵاتیانەوە و لەبواری ئینتەرنێتەوە ئێستا ٢٨ کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان خزمەت دەکات و بۆ ڕیکخستنی ئیش و کارەکانی ئەو کۆمپانیانەی ئینتەرنێت ڕێنمای ئامادەکراوە تەنیا لەسەر پەسند کردنی ئەنجومەنی وەزیران ماوە و لە قەزاو ناحیەکان گلەیی لەسەر نەبوونی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت هەیە بۆیە بەپێی ئەو ڕێنمایانەی دەردەچێت دەبێت کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت تەنیا لەشارەکان کار نەکەن، بەڵکو دەبێت کارو ئیش و خزمەتگوزارییەکانیان بەبێ جیاوازی ببەنە هەموو قەزاو ناحیەیەك و ئێمە ڕێژەو ماوەی کارکردن لەسەر کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بەپێی ڕێنمایەکان دادەنین و دەبێت بەپێی ئەو ماوەو ڕێژەیە کارەکانیان جێبەجێ بکەن و هەبوونی خزمەتگوزاری فایبەر ئۆپتیك بنەماو هۆکاری سەرەکی کارکردنی ئینتەرنێتە، بۆیە بە ئیجباری دەبێت کۆمپانیاکانی مۆبایل کارو خزمەتگوزارییەکانیان ببەنە هەموو قەزاو ناحیەو شوێنێك بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیش وەکو شارەکان بە ناحیەو قەزاکان بگات و لەم کارو ڕێنمایانەی بۆ مۆبایل و ئینتەرنێت دانراوە زیاتر مەبەست خزمەتکردن و قازانج کردنی هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانە، لەلایەکی تر ئێمە ناتوانین گرێبەست لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکی فایبەرئۆپتیك واژو بکەین، چونکە ئەوە پێویستی بە کۆدە و ئەو کۆدەش لە دەسەڵاتی حکومەتی عیراقە، چونکە عیراق لە یەکێتی گەیاندی جیهانی ئەندامە لەبەر ئەوەی دەوڵەتە ئەم یەکێتیەش سەر بە(UN)ە و سەرپەرشتی گەیاندنی هەموو وڵاتانی دنیا دەکات و ئەوان کۆد بەکۆمپانیاکانی مۆبایڵ دەدەن، لەلایەکی تر کۆمپانیاکانی مۆبایل لەمەودوا ناتوانن بەبێ ڕەزامەندی ئێمە بە ئارەزووی خۆیان کۆڵان و شەقامەکانی ناو شارەکان هەڵکەنن و ئێستاکە لەم جۆرە کارانە ڕاگیراون و بۆ هەر کارێکیان دەبێت داواکاری پێشکەش بکەن، هەروەها ئێمە پێش ئێستا لە وەزارەت چاودیری کۆمپانیاکان ئینتەرنێتمان نەبوو، بەڵام ئێستاکە ئالیەتێك لە وەزارەت دانراوە بۆ چاودێری و ڕێکخستنی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت کە ئەمەش گۆڕانکاری باش لەمبوارەدا دێنێتەدی، هاوکات بۆ نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی سیمکارتی کۆمپانیاکانی مۆبایل بەو شێوەی ئێستاکە کە لە بازاڕ هەیە بەبێ فۆڕم و ناوونووسین و بۆ نەهێشتنی ئەو گلەییانە ئاگاداری فەرمی ئەو کۆمپانیانە دەکەینەوە بۆ ئەوەی حاڵەتی فرۆشتنی سیمکارت بەم شێوەی ئێستا نامێنێت).

**• تاوەرەکانی مۆبایل و رادیۆو تەلەفزیۆنەکان**

سەبارەت بەو گلەیی و رەخنانەش کە لەسەر دانانی تاوەرەکانی مۆبایل و رادیۆو تەلەفزیۆنەکان هەیە وەزیری گواستنەوەو گەیاندن گوتی:( ئێمە بۆ ئەو تاوەرانەو بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایل دوو ئیجرائاتمان هەیە و لیژنەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە تایبەتە بە تاوەرەکانی مۆبایل و ئێمەش لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری لیژنەیەکی هاوبەشمان بۆ تاوەرەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان هەیە و چەند دانیشتنمان کردووە بۆ دانانی ئەو تاوەرانەی کە دادەنرین کە شوێنەکە دەبێت چۆن بێت و بەرزی تاوەرەکان چەند بێت و چەند لە یەکتر دووربن و چەند لە قوتابخانەو نەخۆشخانەو شوێنی گشتی دووربن و کارکردن لەم ڕووەشەوە زۆر ئاسان نییە و بۆ دوارۆژیش بیرۆکەی ترمان هەیە، لەبارەی مەترسی و کاریگەری تاوەرەکان بەپێی زانیاری و لێکۆڵینەوەی زانستی تاوەرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان نییە، بەڵکو ئەوەی هۆکارو مەترسین تاوەرەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانە، چونکە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان پاوەریان زیاترە و کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، بۆیە ئێمە بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان پرۆژەمان هەیە و بەدوو قۆناغ جێبەجی دەکەین.

**بە دانانی پۆست کۆد هەر ماڵێك کۆد و ناونیشانی تایبەت بەخۆی دەبێت**

**پرۆژەی ترام لەهەولێر قۆناغی دیزاینی تەواو بوو**

# شیکردنەوەی سیاسی لەنێوان مەزەندەو پێشبینیدا



ئازا حەسیب قەرەداخی

دوو هەفتەجارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

***بەگشتی کەشی گومڕایی زاڵە بەسەر «شیکردنەوەی سیاسی»!! لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەندەی لەسەر بنەمای زانیاری و داتا و پێکهاتەی رووداوەکان و پێشهات و لێکەوتەکانی پێشبینی گەڵاڵە دەکات، سەدئەوەندە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و لاگیری کوێرانە مەزەندەی عاتیفی دەکات.***

***رەوشی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەو مانایە کە ژینگەی سیاسی خەڵکی کوردستانە بەم حاڵەتەوە دووچارە و تووشبوونەکەشی دروست و ساغڵەم نییە. چاوەڕوانی باشیشی لێ ناکرێ.***

شیکردنەوەی سیاسی تێگەیشتنی ورد و قووڵ و فرەڕەهەندی رەوتی رووداوی سیاسی و درککردنی هۆکار و پێشبینی کردنی دەرەنجامەکانیەتی.

بەم مانایە شیکردنەوەی سیاسی یەکەمجار پرسیار دەکات: چی رووی داوە؟ پاشان دەپرسێت: کێ و چی تێدایە ئەو رووداوە؟ دوای ئەوە دەپرسێ: بۆچی رووی داوە؟ دواجار دەپرسێ: چی لێ دەکەوێتەوە؟

کەواتە شیکەرەوەی سیاسی پێناسەی ئەو پرسە دەکات کە شی دەکاتەوە. ئاراستەکەی دیاری دەکات بەو مانایە کە هیچ رووداوێك بەرهەمی ئەو لەحزەیە نییە کە تێیدا روودەدات، بەڵکو دەرەنجامێکی ئاسایی کەڵەکەبوونی رووداوگەلێکی پێشترە لە رووی مێژووییەوە. هەروەها هیچ رووداوێك لەو لەحزەیەدا کە روودەدات کۆتاییشی نایەت، بەڵکو لەسەر ئەو ئاراستەیە، درێژ دەبێتەوە بۆ ئایندەو خۆیشی دەبێتە یەکێك لە هۆکارگەلی رووداوی رووداوی دیکە.

پاشان شیکەرەوە لە بازنەیەکی سیستماتیکدا توخم و رەگەز و بەشداران و پێکهاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی رووداوەکە کۆدەکاتەوە. زیاتر لەوەش هەموو ئەو رووداوە سیاسییانەی لەوەوە نزیکن یان ماوەیەك پێشتر یان هاوزەمان روویانداوە کۆیان دەکاتەوە و هەوڵ دەدات رایەڵی پێوەندییان لەگەڵ ئەوەی شی دەکاتەوە، بدۆزێتەوە.

شیکردنەوەی سیاسی عەقڵ لە سۆز و هەڵچوونی دەروونیی و لاگیریی کوێرانەو لە بڕیار و ئەحکامی رەها دوور دەخاتەوە. قسەیەك ناکات بە بەڵگە پشت راستی نەکاتەوە. لە تەك رای یەك توخمی رووداودا ناوەستێت و ئەوانی دیکە ناشارێتەوە. دەرگا لەسەر هەموو ئەگەرەکان دەکاتەوەو هەمووشیان وەکوو ئەگەری کاریگەر دەهێڵێتەوە، بەڵام تیشك و فۆکس دەخاتە سەر ئەوەیان کە لە هەموویان بەهێزترەو دەشێ بەپلەی یەکەم کاریگەر بێت، چ لە روودانی رووداوەکەدا، چی لە ئاڕاستەکەی و هاتنە ئارای لێکەوتە و دەرەنجامەکانی.

زمانی شیکرنەوەی سیاسی، زمانێکی زیادەگۆ نییە و قەوارەی رووداو لە خودی خۆی قەبەتر ناکات. زمانی شاعیرانە و ریزکردنی وێنەی شیعری و سۆزداری نییە بۆ رووداوی سیاسی. زمانی تەخوینی لایەك و بەفریشتەکردنی لایەك نییە. زمانی وتاربێژی و خوتبەدانی وروژاندنی خەڵك نییە لە دژی لایەك و بۆ لاگیری لایەك. بەڵکو زمانێکە خۆی لەتەك هەموو توخمەکانی رووداوەکەدا بە یەك مەسافە رادەگرێت تا کۆتایی شیکردنەوەکەی. مەگەر پێشوەخت گریمانەیەکی دانابێ بۆئەوەی پێی بگات، ئەوسا لە کۆتایی شیکردنەوەکەیدا هەموو بەڵگە و داتا و زانیارییەکانی بەو ئاڕاستەیەدا بەکاردەهێنێ کە گریمانەکەی بۆ داناوە.

ئەمما لە نێوانی «مەزەندەکردن» و «پێشبینیکردن»دا جیاوازی زۆرە. کرۆکی جیاوازییەکەیش ئەوەیە کە مەزەندەکردن پرۆسەیەکی عاتیفییە و پشت بە خەیاڵ و گێنگڵ دەبەستێ. کەچی پێشبینی زانستە و پشت بە داتا و ئامار و ئاماژە دەبەستێت. لەم سۆنگەیەوەیە کە دەگوترێ شیکردنەوەی سیاسی گووتاری وتارخوێنان نییە. بابەتی

رۆژنامەنووسیش نییە. شیکەرەوەی سیاسیش نە وتاربێژە و نە رۆژنامەنووس، تەنانەت وتارنووسی ناو رۆژنامەیش نییە. بەڵام دەشێت شیکەرەوەی سیاسی، بە وتارێك یان لێدوانێکی میدیایی رووداوێك شی بکاتەوە.

هاوکات حاڵی ئێستای فراوانبوونی بەشداری سیاسی خەڵك لە رێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لێك دەدرێتەوە و دەگوترێت، هەرچەندە شیکردنەوەی سیاسی زانستە و کەرەستە و مەنتیقی تایبەتی خۆی هەیە، وەلێ لە سەردەمی فەیسبووك و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، خەریکە هەموو خەڵك ببنە شیکەرەوەی سیاسی. ئەمەیش دەرەنجامی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. گرنگترین دەرەنجامە ئەرێنییەکانی ئەوەیە کە هەموو خەڵك بەشداری دەکەن لە شیکردنەوەی رووداوی سیاسیدا و زۆرترین را لەو بارەیەوە کۆدەبێتەوەو دەرەنجام بۆ بڕیاردەران ئاسانتر دەبێ کە بڕیار بدەن. مەترسیدارترین دەرەنجامە نەرێنییەکانیشی ئەوەیە کە بە رادەیەك پشێوی و قەرەباڵغی لە رووداوەکە کۆدەبێتەوە و ئەوەندە قسەی سۆزدار و لاگیر و ئایدیۆلۆژیانەی لەبارەوە دەکرێت کە دەرەنجام هەموو شیکردنەوەکان دەبنە «مەزەندە کردن» نەك «پێشبینی» کردن.

هەرچەندە شیکردنەوەی سیاسی تا رادەیەکی زۆر بابەتی و بێ لایەنانەیە، یان لانی کەم وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێت، وەلێ زۆر مەحاڵە شیکەرەوە و توێژەران لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە تەواوی بابەتی و بێ لایەن بن. ئەم خەڵکانە بەرهەمی ژینگەی پەروەردەیی و کولتووری کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیانن. خاوەنی کەرەستەی فیکری و ئامراز و رێبازی لێکدانەوەن. پێوەر و پێوانەیان هەیە بۆ پێوانە و کێشانەی رووداوەکان. ئامانجی دیاریکراویان هەیە. بەم پێکهاتە و تێگەیشتنەوە دەست دەکەن بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکان، بۆیە کاریگەریی ئەوانەیش لە دووتوێی شیکردنەوەکانیان و لە دەرەنجامەکاندا دەردەکەوێ. بەڵام دیسانەوە دەکرێ بازنەی بابەتی و بێلایەنی و زانستی ئەمان لە هی عەوامی خەڵك و وتارنووسی رۆژنامە و وتاربێژی عەقائیدی زیاتر بێ و پشتیان زیاتر پێ ببەسترێت.

بێگومان ئەوە پێشەکییەکی درێژ بوو بۆ بابەتێك کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم. بە حوکمی ئەوەی زانستی کۆمەڵایەتی بەگشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دواوەیە و هێشتا وەکوو ئەوەی پێویست دەکات گەشەی نەکردووە و مەرج و کۆڵەگەکانی نەچەسپیون، هەروەها خۆیشمان وەکوو کۆمەڵگا، کۆمەڵگای نەریتین و لە بیرکردنەوە و بڕیارماندا سۆز و لاگیری رۆڵی سەرەکی دەگێڕن، ژمارەی حزبی سیاسی زۆر زیاترە لە پێویستی کۆمەڵایەتیمان و لە ماوەی چەند ساڵێکیشدا رۆژنامە و کەناڵی میدیایی لە پڕ زۆر زیادیان کرد و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بە ورووژم کەوتنە بەردەست هەموو خەڵك، بۆیە لە ژیانی سیاسیماندا، بەر لەوەی شیکردنەوەی زانستی وەکوو پسپۆڕییەکی زانستی خۆی داکوتێت، حەشاماتێك لە رۆژنامەنووسان و خەڵك بەگشتی بوونە «شیکەرەوەی سیاسی»!!. شیکردنەوەی سیاسیش بووە کارو پیشەیەکی گشتی بەو مانایە نا کە رای گشتی بەشدارە لە بڕیار و دیاریکردنی ئاراستەی رووداوەکان، بەڵکو بەو مانایە کە لەناو قەرەباڵغی و تەپوتۆزی وتار و قسە و رای سۆزدارانە سەروبەری رووداوەکان دیار نامێنن.

هیچ زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم زۆربەی جاران، ئەوەی خەڵکی کوردستان تووشی دڵەڕاوکێ دەکات، خودی رووداوە سیاسییەکان نین، بەڵکو ئەو شیکردنەوانەیە کە بۆ رووداوەکان دەکرێن.

زۆرن ئەو رووداوە سیاسییانەی بەشێوەیەکی ئاسایی دێن و دەڕۆن و لەوانەیە هیچ ئاسەوارێکیش لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان جێ نەهێڵن. بەڵام کاتێ شیکەرەوان تێی دەورووکێن، وەها لەو رووداوە دەکەن ئیتر وەکوو بڵێی کۆتایی مێژووە و لەم لەحزەیە بەدواوە دەبێت لە چاوەڕوانی نغرۆبووندا، چرکەکان بژمێرین.

دیسانەوە زۆرن ئەو رووداوە سیاسییانەی ماوەیەکی زۆرە پێشەکییەکانیان دەرکەوتووە و توخم و هۆکار و ئاڕاستەکانیشیان روون بوونەتەوە و خەڵکیش لەتەکیاندا راهاتووە و تەنیا ماوەتەوە هەموو ئەوانە و چاوەڕوانییەکانی خەڵك لێکبدرێن و کۆبکرێنە و ببێتە ئەو روداوەی چاوەڕوان دەکرێت. کەچی کە رووداوەکە روودەدات شیکەرەوان وەهای شی دەکەنەوە وەکوو بڵێی هەر ئێستا و بێ پێشەکی و لەناکاو روویداوە و هەزار و یەك گومانی سەیروسەمەرەی دەخەنە پاڵ کە ئیتر چاوەڕوانییە ئاساییەکانی خەڵك بۆ رووداوەکە پووچەڵ دەکەنەوە و دووچاری حاڵەتێکی مەترسیداری دەکەن و لەناو گێژاوێك دڵەڕاوکێ و گوماندا نوقمی دەکەن و ناهێڵن وەکوو ئەوەی خۆی چاوەڕوانی دەکرد لە رووداوەکە تێبگات و پێشبینییەکانی لەسەر هەڵچنێت.

حەشامەتی شیکەرەوانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی دابەشبوونی پۆلە سیاسییەکان، دابەشن بەسەر حزب و رەوتە سیاسییەکاندا و لە سۆنگەی ئەو دابەشبوونەوە رووداوەکان شی دەکەنەوە و بۆ بەرژەوەندیی ئەو لایەنە یان رەوتە سیاسییە شی کردنەوەکانیان دەهۆننەوە کە لاگیری لێ دەکەن.

بەگشتی کەشی گومڕایی زاڵە بەسەر «شیکردنەوەی سیاسی»!! لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەندەی لەسەر بنەمای زانیاری و داتا و پێکهاتەی رووداوەکان و پێشهات و لێکەوتەکانی پێشبینی گەڵاڵە دەکات، سەدئەوەندە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و لاگیریی کوێرانە مەزەندەی عاتیفی دەکات.

رەوشی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەو مانایە کە ژینگەی سیاسی خەڵکی کوردستانە بەم حاڵەتەوە دووچارە و تووشبوونەکەشی دروست و ساغڵەم نییە. چاوەڕوانی باشیشی لێ ناکرێت.

پێویستە ئەم رەوشە شی بکرێتەوە، بنەما و مەرجی زانستی بۆ دابنرێت. سنوور و بازنەی بۆ دیاری بکرێت. لەوانەیش هەنووکەیی تر ئەوەیە کە حزبەکانی کوردستان فێر بن نەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو شیکردنەوە مەزەندەکەرانە و لەسەر ئەو بنەمایەش پەرچەکرداریان نەبێ. لانی زۆر بۆئەوەی رەوش و کەشی گشتی نەئاڵۆزکێ و پەشێوی نەنێنەوە، هەروەها لانی کەمیش بۆئەوەی ئەو جۆرە شیکردنەوانە لە شوێنی خۆیاندا بەتاڵ بکرێنەوە.

**زمانی شیکردنەوەی سیاسی، زمانێکی زیادەگۆ نییەو قەوارەی رووداو لە خودی خۆی قەبەتر ناکات، زمانی شاعیرانەو ریزکردنی وێنەی شیعری و سۆزداری نییە بۆ رووداوی سیاسی، زمانی تەخوینی لایەک و بەفریشتەکردنی لایەک نییە. زمانی وتاربێژی و خوتبەدانی وروژاندنی خەڵک نییە لە دژی لایەک و بۆ لاگیری لایەک**

**زۆرن ئەو رووداوە سیاسییانەی بەشێوەیەکی ئاسایی دێن و دەڕۆن و لەوانەیە هیچ ئاسەوارێکیش لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان جێ نەهێڵن. بەڵام کاتێ شیکەرەوان تێی دەورووکێن، وەها لەو رووداوە دەکەن ئیتر وەکوو بڵێی کۆتایی مێژووە**



# ئەسەد لاسایی میلۆسۆڤیچی کردەوە نەک گۆرباچۆف

لەدەسپێکی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی سوریا زۆربەی چاودێرانی سیاسیی لەو بڕوایەدابوون، بەشار ئەسەد زوو دەسەڵات بەجێدەهێڵێت ناگاتە ئەوەی پێشبینی بکرێت سوریا ببێتە گۆمی خوێن، لەمەش گرنگتر پێشبینییەکان بەوجۆرە بوون هەتا ئەگەر بەشار ئەسەدیش مل نەدات بۆ وازهێنان لەدەسەڵات، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بواری ئەوە نادات، میلۆسۆڤیچێکی دیکە دروست بێتەوە و وڵاتێك خەڵتانی خوێن بکات، بەڵام بەداخەوە هەموو مەزندەکان بە پێچەوانە دەرچوون، ئێستا نەك هەر لاسایی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ دەکات، بەڵکو ئەوەی ئەسەد بە گەل و وڵاتی سوریای دەکات، هەرگیز میلۆسۆڤیچ نەیتوانیوە بە یوگسلافیای پێشوو و کۆسۆڤۆی بکات، لەبەرامبەریشدا ئەوەی چاوەڕوان دەکرا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کۆتاییشدا بێت وەك چۆن دەستێوەردانی لە کۆسۆڤۆ و سربیا کرد و سنوورێکی بۆ میلۆسۆڤیچ دانا، بەڵام وا نزیکەی دووساڵە ئەسەد لە میلۆسۆڤیچ خراپتر دەکات و هەتا ئێستاش هیچ دەنگۆیەك نییە کە نە هێزەکانی ناتۆ نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ هەڵوێستێك بەرامبەر سوریا وەربگرن. تەنانەت شەڕ و پێکدادانەکانی حەلەب لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەنێوان چەکداران و سوپاکەی ئەسەد لەگەڵ ئەوەی کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆر شوێنی حەلەب بسووتێت و بەدەیان لاشەی کوژراو لە شەقامەکانی حەلەب بڵاو ببنەوە، بەڵام هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە و هیچ جووڵەیەکی نییە و لەمەش خراپتر ئەوەیە وەزیری بەرگری ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕژێمی ئەسەد جیگۆڕکێ بە چەکە کیمیاییەکانی دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەو ڕژێمە بگاتە حاڵەتێکی خراپ ئەوا بەبێ سێ و دوو ئەو چەکەش بەکاردێنی، بەتایبەتی ئەگەر شەڕ و شۆڕ بکەوێتە ناو



**نەك هەر لاسایی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ دەکات. بەڵکو ئەوەی ئەسەد بە گەل و وڵاتی سوریای دەکات. هەرگیز میلۆسۆڤیچ نەیتوانیوە بە یوگسلافیای پێشوو و کۆسۆڤۆی بکات**


**نزیکەی دووساڵە ئەسەد لە میلۆسۆڤیچ خراپتر دەکات و هەتا ئێستاش هیچ دەنگۆیەك نییە کە نە هێزەکانی ناتۆ نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ هەڵوێستێك بەرامبەر سوریا وەربگرن**

دیمەشق و مەترسی لەسەر ڕووخانی ڕژێمەکە دروست بێت.

**● سوپاکەی ئەسەد**
**هێشتا لە سوپای سوریای ئازاد بەهێزترە**

جیاوازی ڕژێمی بەعسی ئەسەد، لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سەدام ئەوەیە، کە ڕژێمی بەعسی سەدام ڕژێمی کەمینەی سوننە بوو، بەڵام ڕژێمی بەعسی ئەسەد ڕژێمی کەمینەی عەلەوییە کە بەشێکن لە مەزهەبی شیعە، هەربۆیە پێکهاتەی سوپا و ئەمن و موخابەراتی ڕژێمی سەدام حوسێن چۆن بوو، پێکهاتەی سوپا و ئەمن و موخابەراتی سوریا بەهەمان شێوەیە و، بەشێوەیەك مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە کە چارەنووسیان بەسترابێتەوە بە چارەنووسی ڕژێمەکەوە، ئەگەر ئەو ڕژێمە بڕووخێت، ئەوا چارەنووسی ئەوانیش چارەنووسێکی باشتر نابێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە بە وردی هەڵوەستە لەسەر خوێندنەوەی پێکهاتەی سوپا و ئەمن و موخابەراتی ئەو ڕژێمە و ئاستی داپلۆسینی دڕندانەی ئەو هێزە بکرێت کە ئێستا لەبەر دەستی ڕژێمەکەی ئەسەد دایە، لە بەرامبەردا ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی سوریا و ئۆپۆزسیۆنی عیراقی پێش ڕووخانی ڕژێم بکەین، ئەوا دیسان دەبینین کە ئاستی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە ئاستی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن باشتر نییە، چۆن ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نەیاندەتوانی ڕژێمی بەعسی عێراق بڕووخێنن، بەهەمان شێوە زۆر زەحمەتە کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەم پێکهاتەی ئێستایەوە بتوانێت کە ڕژێمی ئەسەد لە دیمەشق بڕووخێنێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر کورد لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا وەدەرنێین، ئەوا دەبێت خوێندنەوەی کوردی سوریا بۆ کۆی هاوکێشەکە وەك خوێندنەوەی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت لەپێش ڕووخانی ڕژێم و بەشداری لە ئەجیندای هیچ بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆندا نەکەن هەتا مافەکانی کورد دیاری نەکرێت، هەروەك چۆن سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق ئەو مافانەی بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەلماند، بەڵام ئێستاش ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت نەك پەشیمان دەبنەوە، بەڵکو کوردستانیش داگیر دەکەنەوە، لەم چوارچێوەیەدا گرنگە دەست بخرێتە سەر ئەو ڕاستیە هەتا هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی ئەوجا لەژێر چەتری نەتەوەیەکگرتووەکان بێت یان هاوپەیمانی ئەتڵەسی، یان هاوپەیمانییەکی ئارەزوومەندانە بێت بە سەرکردایەتی ئەمریکا یان فەرەنسا، ئەوا مەسەلەی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا کارێکی ئاسان نابێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ڕینۆد لیندرس ئوستادی پێوەندییە نیودەوڵەتیەکان و سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمستردام کرد، بەوەی ئایا تاچەند ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لەم بارودۆخەی ئێستا مومکینە؟ پرۆفیسۆر لیندرس بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە وتی:(پێش هەمووشتێك، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە دەڵێت ڕژێمەکەی سوریا لەژێر سەرکردایەتی بەشار ئەسەد بەرەو ڕووخان دەڕوات، لەبەرئەوەی من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، چونکە ڕاستە ڕژێمەکەی سوریا چەندین پاشەکشەی بینیوە بەشێوەیەك کە چەند ناوچەیەکی لەدەستداوە هەروەها شەرعییەتیشی لەدەستداوە، بەڵام وێڕای ئەوەیش ڕژێمەکەی ئەسەد هێشتا هەر لە دەسەڵاتدا ماوەو جارێ زووە بۆئەوەی بیخەملێنین پاش ڕووخانی چی ڕوودەدات، تەنانەت کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکانیش لەناویاندا تورکیاش ناتوانێت ئاراستەی ڕووداوەکان بخەملێنن، بۆیە بەڕای من ئەوەی بۆ ئایندەی نزیك پێشبینی دەکرێ ئەوەیە کە پێکدادانەکان بەردەوام بێت و بارودۆخەکان هەڵکشان بەخۆیانەوە ببینن و ئاستەکە دەگاتە ئەوەی کە هەردوو لایەن ئۆپۆزسیۆن و ڕژێمەکەی سوریا بجەنگن تا ئەو کاتەی کە تیایدا یەکێك لەلایەنەکان لە لایەنی بەرامبەر بەهێزتر بێت و ببێتە هۆی ڕووخاندنی لایەنەکەی دیکە، سەبارەت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی هێزی ڕۆژئاوا، بەڕای من مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا کە لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا پێکدێن دەستێوەردان ناکەن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری یان بۆ هاوکاری ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سوریا، ئەوان پێشوەختە هەڵستان بە سەپاندنی سزای ئابووری و ئابلۆوقە لەسەر سوریا و تاڕادەیەك پاڵپشتییان بە ئۆپۆزسیۆنەکەی سوریا پیشانداوە، بەڵام بەو ئاستە دەستێوەردانیان نەبووە بۆ ڕووخاندنی

ڕژێمەکە و بەش بەحاڵی خۆم گومانم هەیە لەوەی واشنتۆن مەبەستی هەبێت ڕژێمەکەی سوریا بڕووخێت، هۆکاری ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دەرئەنجامەکانی کەیسەکەی سوریا نادیارەو ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ کە کاریگەریی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبێت، لەوانەیە ڕەشبین بم لە بۆچوونەکانم، بەڵام تەنانەت گەر وڵاتانی ڕۆژئاوا مەبەستیشیان هەبێت بۆ دەستێوەردان، بەڵام هیچ نیشانەیەك نابینم لەو بارەیەی کە ڕۆژئاوا پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن بکات و یارمەتییان بدات بۆ پێڕووخاندنی ڕژێمەکە)).
قسەکردن لەسەر ئەوەی لەم قۆناخەدا ڕژێمی ئەسەد دەڕووخێت یان نە، ئەمە هیچ لەو



واسق هاشمی بۆ گوڵان:

## دوای ڕووخانی ئەسەد هاوپەیمانێتییە سێ قۆڵییە ستراتیژییەکەی نێوان ئێران و حزبوڵڵا و سوریا بەکۆتا دێت

مەسەلەیە ناگۆڕێت کە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد حەتمیە و مەسەلەکە تەنیا کاتە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئەو کاتە درێژە نەکێشێت وەك لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بینیمان ماوەی نزیکەی ١٢ ساڵی خایاند هەتا کار گەیشتە ئەوەی ئەمریکا بە تەنیا سەرکردایەتی هاوپەیمانییەکی ئارەزوومەندانە بکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەزموونی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراق، ئەزموونێکی تا بڵێی تاڵە و هەموو بینیمان هەتا ئەو ڕژێمە ڕووخا عێراقیەکان چەند نەهامەتیان بینی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت باس لەو گۆڕانکاریانە بکرێت کە مەزندە دەکرێت دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە ناوچەکە بێتە ئاراوە، سەبارەت بەم لایەنە

پرۆفیسۆر ڕینۆد لیندەرسن بەمجۆرە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە خستەڕوو کە مەزندە دەکرێت دوای ڕژێمەکەی ئەسەد بێنە دی و وتی: (بەهەرحاڵ با گریمانەی ئەوە بکەین کە ڕژێمی ئەسەد دەڕووخێت، ئەوە بێگومان لەوحاڵەتەدا یەکەم کاریگەری لەسەر ئێران دەبێت، ئێران تووشی پاشەکشەیەکی گەورە دەبێتەوە پاش ڕووخانی ڕژێمەکە لەبەرئەوەی دەیان ساڵە ڕژێمەکەو ئێران هاوپەیمانن و هەروەها لەلایەنێکی دیکەوە ڕژێمەکەی ئێران و کاربەدەستەکان بەڕاشکاوەیی ڕایانگەیاندووە کە پاڵپشتی لە بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی ئێستای سوریا دەکەن، لەبەر هەمان هۆکار پێموایە ڕووخانی ڕژێمەکە لەبەرژەوەندیی عەرەبستانی سعودیە دەبێت لەڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئێران و وڵاتانی سوننە لە ناوچەکە لەزمنیشیان عەرەبستانی سعودیە، پێموایە ئەم مەسەلەیە دەگۆڕێت، هەروەها پێموایە دەبێتەهۆی گۆڕینی هاوکێشەکە لە عێراقیشدا هەرچەندە ئێوە لە من باشتر لەم مەسەلەیە دەزانن، بەڵام هەموومان بیستوومانەو ئەوە دەخوێنینەوە کە سەرۆك وەزیرانی عێراق پیادەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکات و پاڵپشتی لە ڕژێمەکەی سوریا کردووە، لە لایەنێکی دیکەوە بێگومان ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر لوبنان دەبێت بەهۆی هاوپەیمانێتیەکەی نێوان حزبوڵڵا و ئێران و ڕژێمەکەی سوریا، بێگومان حزبوڵڵا لەم ڕووەوە بووکەشووشەی دەستی ئێران و یان سوریا نییە، بەڵام هاوکات حزبوڵڵا پشت بە سوریا دەبەستێت وەکو دەروازەیەکی لۆژیستی بۆ ئازووقە، بۆیە ئەگەر هات و حزبوڵڵا دەروازەی سوریا لەدەستبدات ئەوە ئەوکات حزبوڵڵا هەست بە مەترسی دەکات لەبەرئەوەی پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی سوریا ئەگەری ئەوە دەکرێت دوژمنەکانی حزبوڵڵا لە لوبنان لەدژی بجووڵێنەوە و هەروەها لەوانەیە ئەمریکاو تاڕادەیەك ئەوروپایش هەلەکە بقۆزنەوەو بارەکە بە گونجاو بزانن بۆئەوەی حزبوڵڵا سڕبکرێت یان لغاوگیری بکەن، یان هەوڵی ئەوە بدەن حزبوڵڵا چەك بکەن، هەربۆیە لەوانەیە حزبوڵڵا لەو حاڵەتەدا هەست بەو مەترسییانە بکات و وەکو کاردانەوەیەك لەوانەیە جووڵانەوەیەکی پێشوەختەی هەبێت و ئەو دەست بە جەنگ بکات بۆئەوەی ڕێگە بە کەس نەدات نزیك چەکەکەی بێتەوە و دەستێوەردانی بزاوەکەی بکات، هەر بۆیە بە کورتی زۆر شت ئەگەری گۆڕینیان هەیە، لەبەرئەوەی سیاسەتی هەرێمی جیاوازیی تێدایە، لەبارەی ڕژێمەکەی سوریاش بۆیە پاش نەمانی ئەو ڕژێمە ئەوە

هاوکێشەی ناوچەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ بەرلەئێستا ئەوە دەگۆڕێت و لەوانەیە هێزی نوێ دروست بێت لە ناوچەکە)).

### ● هاوکێشەی ناوچەکە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد

ئەگەر لە ناونیشانی ئەم ڕاپۆرتەوە ئەو پرسیارە بوروژێنین، ئایا ئەو بارودۆخەی دوای ڕووخانی میلۆسۆڤیچ لە بەلکان هاتە ئاراوە بە ڕووخانی ئەسەد هەمان گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە ئاراوە؟ ئەم بەراوردکارییە ئەگەر لە ڕووکاردا بەرەو ئەوەمان بەرێت کە لەڕوویەکەوە ڕەفتارەکانی ئەسەد و میلۆسۆڤیچ لەیەکتری دەچن، ئەوا ئەمە مانای ئەوەنییە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بەلکانی



ڕینۆد لیندرس بۆ گوڵان:

## هیچ نیشانەیەک نابینم لەو بارەیەی کە ڕۆژئاوا پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن بکات و یارمەتییان بدات بۆ پێڕووخاندنی ڕژێمەکە

دوای میلۆسۆڤیچ ڕوویاندا، دوای ئەسەدیش هەمان گۆڕانکاری دووبارە بێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێشبینییەکان تا ئاستیکی زۆر بۆ کورد هاوشیوەی کۆسۆڤۆ بێت و مەزندەکان بەوجۆرەن چۆن دوای نەمانی میلۆسۆڤیچ کۆسۆڤۆ بووە دەوڵەت، لەوانەیە دوای ڕووخانی ئەسەدیش بارودۆخێکی وا بێتە پێشەوە کوردستان بەرەو دەوڵەت هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام لەلایەکی دیکە کە ئەگەر لەسەر ئاستی دیموکراتی و جێگرەوەی ڕژێمی دوای ئەسەد قسە بکەین، ئەوا لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەتا ئیستا نەیتوانیوە نەخشەی ڕێگەی خۆی بۆ دوای ڕژێمی ئەسەد بە تۆکمەیی بخاتە بەردەستی جیهان، ئەوا مەترسی لەسەر

ئەم خاڵە و سیستمی جێگرەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد جێگەی گومان و پرسیار کردنە، بە تایبەتی ئەگەر لایەنێکی ئیسلامی سیاسی جڵەوی بارودۆخی سوریا بگرێتە دەست و مافی نەتەوە و ئایینەکان و مەزهەبەکانی دیکەی سوریا لەبەرچاو نەگرێت و سوریا بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی نەخوازراو پەلکێش بکات، لەم حاڵەتەدا ئەو مەترسیە دێتە ئاراوە کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی میلۆسۆڤیچ لە سربیا ئەو مەترسیانە بوونی نەبووە، سەبارەت بەو مەترسیانە پرسیارمان لە موفید جەزائیری ڕۆژنامەنووس و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی کرد، ئەویش بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (ئەگەر کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق وەربگرین، بێگومان سوریا و عێراق دوو دەوڵەتی دراوسێی یەکن و لەچەندین ڕووەوە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە ئەوە شتێکی سروشتییە کە هەر شتێك لە هەر یەکێك لە وڵاتەکاندا ڕوویدات کاریگەریی لەسەر وڵاتی دیکە هەبێت، بەڵام خاڵی گرنگ لە کاریگەری گۆڕانکارییەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی کێ جێگەی ڕژێمی ئەسەد دەگرێتەوە، ئێمە هەمیشە پاڵپشتیمان نواندووە و بانگێشتمانکردووە لەبارەی مافی گەلی سوریا بۆ گۆڕینی ڕژێم، بەڵام وتوومانە پێویستە گۆڕینەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانە بێت، گەلی سوریا مافی خۆیەتی بەشێوەیەکی دیموکراسییانە ڕژێمێکی نوێ هەڵبژێرێت، هەروەها بەرهەڵستکاریمان هەبوو لەبارەی هەموو جۆرەکانی دەستێوەردانی بیانی و پرچەك کردنی لایەنەکانی کەیسەکە لەبەرئەوەی پرچەك کردن ئەگەری ئەوەی هەیە لەکۆتاییدا ببێتەهۆی وروژاندنی شەڕێکی ناوخۆیی کاولکار و لەوانەیشە لەئاکامدا ڕژێمێك بگاتە دەسەڵات کە بە خواستی گەلی سوریا نەبێت و بەشێوازێکی دیموکراسییانە هەڵنەبژێردرێت، بەڵکو بەزەبری هێزی چەکداری خۆی بسەپێنێت لەبەرئەوەی لایەنی براوەی جەنگ هەمیشە خۆی دەسەپێنێت، لەلایەنێکی دیکەوە مەترسی هەیە لە هەڵکشانی نفوزی قاعیدە و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە، بەخشینی چەك و دەستێوەردان یاریدەدەر نییە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی و مەدەنی کە زۆرینەی هێزە سیاسییەکان و زۆرینەی گەلی سوریا لەخۆبگرێت)).

ئەوەی موفید جەزائیری لێی دەترسێت مەسەلەی جێگرەوەی دوای ڕژێمی ئەسەدە، بەڵام واسق هاشمی چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسیی و سەرۆکی گرووپی دیراساتی ستراتیژیی عێراقی ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی دیکە سەیر دەکات و پێیوایە کە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کۆی هاوکێشە سیاسییەکە دەگۆڕێت، لەمبارەوەو لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (کەیسی سوریا مەترسیی زۆر گەورەی لێ دەکرێت و ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەری لەسەر زۆربەی وڵاتەکان هەبێت، بەڕای من کەیسی سوریا لەهەموو کەیسەکانی دیکەی بەهاری عەرەبی جیاوازە، لەبەرئەوەی سێ مەسەلەی زۆر گرنگ لە کەیسەکەی سوریا-دا هەیە، یەکەمیان: چەمکی هاوسەنگیی هێزەکان کە لەساڵی ١٩٩١ەوە لەدەستماندادوە، ئێوەیش لەوە بەئاگان کە هەر لە ١٩٤٥ەوە تاکو



**موفید جەزائیری بۆ گوڵان:**

## بەخشینی چەك و دەستێوەردان یاریدەدەر نییە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی و مەدەنی کە زۆرینەی هێزە سیاسییەکان و زۆرینەی گەلی سوریا لەخۆبگرێت

١٩٩١ ململانێ و شەڕی سارد هەبوو لەنێوان لایەنی سۆڤێتی و لایەنی ئەمریکی، بەڵام پاش ١٩٩١ دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، ئەمریکا خۆی بووە سۆپەر پاوەری بێ هاوتا لە بەڕێوەبردنی جیهاندا، ئەمڕۆش لە هەوڵی ئەوەدایە دووبارە ڕۆڵی سۆڤیەتی پێشان بگێڕێت و هاوسەنگی دروست بکاتەوە، بۆ ئەمەش لەسەر کەیسی سوریا ئەو هاوسەنگیە دروست بکاتەوە، وەك دەشبینین هەتا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە هیچ بڕیارێك لەبارەی سوریا دەربکات، لەئاکامیشدا هەوڵدان هەیە بۆ دابینکردنی چەك و کەرەستە بۆ ڕژێم و هەروەها بۆ ئۆپۆزسیۆنیش لە سوریا، مەترسیی دووەم: کێشانەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەوپێیەی کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاسایشی ئیسرائیل، بەڵام لەهەمووی مەترسیدارتر بەڕای من مەسەلەی هیلالی شیعی و سوننی-یە، تەنانەت گەر وڵاتانی کەنداو بێت یاخود ئێران، چەندین وڵات هاندەرن بۆ هەڵگیرسانی شەڕی تایفەگەری، بۆیە من پێموایە کە وڵاتان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم مەسەلەیە، بۆنموونە عێراق و تورکیا و ئێران و لوبنان و ئوردن، سەبارەت بە هەڵوێستی فەرمی حکومەتی عێراق من پێموایە دەبێت حکومەتی عێراق بە لۆژیکانەتر مامەڵە لەگەڵ کەیسی سوریا بکات، لەم قۆناخەدا من وای دەبینم ڕۆژەکانی ئەسەد لە دەسەڵات دیاریکراوە، بەڵام تا ئەو ڕۆژە دیاریکراوانەش تەواو دەبن، ڕووبارێك خوێن لە سوریا دەڕژێت، هەربۆیە بەڕای من پێویستە بە حیکمەت و بە هێمنی لەم مەسەلەیەدا بجووڵێینەوە. ئەوجا ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بارودۆخەکە چۆن دەبێت؟ من پێموایە دوای ڕووخانی ئەسەد چاوەکان دەکەونە سەر ئێران، لەبەر چەندین هۆکار، یەکەمیان: هاوپەیمانێتییە سێ قۆڵییە ستراتیژییەکەی نێوان ئێران و حزبوڵا و سوریا بەکۆتا دێت، سوریا هێڵی بەرگریی پێشەوەیە، بۆیە پێموایە ئیدارەی ئەمریکی و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەوڵیان دەبێت بۆ لەرزۆککردنی کاروبارەکانی ناوخۆیی ئێران لەڕێگەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، ئەگەری لێدانێکی ئیسرائیلی – ئەمریکی هەیە، لەئاکامیشدا مەترسی دەکەوێتە سەر ناوچەکە بەتەواوەتی، سەبارەت بە عێراق لەبەر ئەوەی هاووڵاتیان بەشێوازی دیموکراتیانە دەتوانن دەسەڵات بگۆڕن، ئەوا لەوانەیە عێراق تارادەیەك باشتر بێت و کەمتر کاریگەری لەسەر بێت، سەبارەت بە تورکیا لەگەڵ ئەوەی تورکیا خۆی بە وڵاتێکی دیموکراتی دەزانێت، بەڵام لەبەرامبەر کوردی تورکیا دیموکراتی نییە، بۆیە لەوانەیە کێشەی بۆ دروست بێت، سەبارەت بە کوردیش لە تەواوی ناوچەکە، من وای دەبینم کوردەکان هەوڵیان دەبێت بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان لە ناوچەکە لەبەرئەوەی من پێموایە کە کوردەکانیش خاوەن ماف و ئازادین هاوشێوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، هەربۆیە گۆڕانکارییەکان کاریگەریی زۆری لێدەکەوێتەوە و هەڵبەتە ئەو گۆڕانکارییە ئوردون-یش دەگرێتەوە، پێموایە کە گۆڕانکاری زۆر بە هێزەوە ڕوو لە ناوچەکە دەکات)).

# زانکۆ ئەهلیەکان و چەند تێبینیەک



**ڤینۆس فایەق**

**دوو هەفتە جارێك دەینووسێت**

لەبەر ئەوەی پێشتر لە یەکێك لە زانکۆ ئەهلیەکان ساڵانێك وەکوو بەرپرسی پێوەندیەکان ئیشم کردوە زۆر خۆم بەدوور دەگرت لەوەی لەم بارەیەوە هیچ بنووسم، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك پێویست بوو ئەم چەند تێبینیە تۆماربکەم. یەکەم ئێستا مشتومڕی ئەوە لە ئارادایە سەرۆکایەتی هەرێم کار بکات بۆ ئەوەی زانکۆ ئەهلیەکانی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری کوردستانەوە دانیان پێدانراوە، وەزارەتی رۆشنبیری بەغداش دانیان پێدا بنێت.

پێدەچێ مەسەلەکە وابەستەبوونی هەرێمە بە تەعلیمات و یاساکانی بەغداوە، لەکاتێکدا ئەوە واقیعەو ناتوانرێ نکووڵی لێبکرێت، تەنانەت ساڵی ٢٠٠٨ وەکوو نوێنەری زانکۆیەکی ئازاد و ئەهلی لە هۆڵەندا لە میانەی سەردانەوەمدا بۆ کوردستان، بە ئامادەبوونی دکتۆرە شوکریە رەسول کە ئەو کاتە ئەندام پەرلەمان بوو، چاوم بە دکتۆر ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵای ئەو کات کەوت و زۆر بە ڕوونی وتی ئەوان وابەستەی بەغدان و کەی وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغدا دانی بەو زانکۆیانەدا نا، ئێمە کێشەمان نامێنێت.

بەهەرحاڵ من ئەتوانم زیاتر لەبارەی زانکۆ ئەهلیەکانی دەرەوەی کوردستان قسە بکەم کە بەزمانی عەرەبی و هەندێکیان بە کوردی خوێندکاری کورد و عەرەب وەردەگرن بەرانبەر بە بڕێك پارەی ساڵانەو بە سیستەمی خوێندنی لە دوورەوە دەخوێنن و کۆتایی ساڵ یان لە ماڵەوە یان ئەگەر لە رووی جوگرافیەوە لە بارەگای زانکۆکەوە نزیك بن، دەچن لە بارەگای زانکۆکە تاقیکردنەوەکان بکەن. ئەوەی دەمەوێت زیاتر لەسەری بدوێم، خودی زانکۆکان نییە، بەڵکو ئەو کەسانەن کە روو لەو زانکۆیانە دەکەن بۆ خوێندن، زۆربەیان لەبەر هۆی سیاسی یان ئابووری یان تایبەت بەخودی خۆیانەوە لە رابردوودا نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن، هەروەها لەبەر ئەوەی زمانی ئەو وڵاتەی دەرەوە باش نازانن تا تیای بخوێنن، بۆیە روو لەوجۆرە زانکۆیانە دەکەن. زانکۆکەش لەبەرانبەردا ساڵانە بڕێك پارەیان لێوەردەگرێت و مامۆستایەکیان بۆ دەستنیشان دەکات سەرپەرشتی خوێندنەکەیان بکات. هەتا ئێرە مەسەلەکە تاڕادەیەك ئاساییە. بەڵام ئەوەی بەلامەوە ئاسایی نییە و هێشتا پێم قووت نادرێت، ئەوەیە کەوا زۆر کەس روو لەو جۆرە زانکۆیانە دەکەن، ئیمکانیەتیان هەیە بڕە پارەکە دەدەن، بەڵام هیچ مەرجێکی خوێندکارییان تێدانییە، زۆریان وەکو چاولێکەری و بە سوود بینین لەو ئاسانکاریە زۆرانەی بۆیان دەکرێ و بەسوود بینین لەوەی کە هیچ لێپرسینەوەیەکی رووبەڕوو نییە لەلایەن مامۆستاکەیەوە و دواجار پارەیداوەو بە پرەنسیپی کڕین و فرۆشتن بڕوانامەکەی دەست دەکەوێت، پاشان هەر ئەمانە ئەچنەوە کوردستان و بڕوانامەیەکی گەورە و گرانی بەکالۆریۆس، ماجستێر یان دکتۆرا لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە و لە زۆربەی دامەزراوە و رێکخراو و لایەنەوە پێشوازییان لێدەکرێت و ئیشی باشیان دەستدەکەوێت و زۆربەی جاریش بەو بڕوانامەیە ئیشی حزبی وەردەگرن و لە حزبەکەدا گەورەدەبن.

لە کاتێکدا ئەو چەند ساڵەی کە لەو زانکۆیە ئیشم دەکرد، چەندجارێك کە یەکێك بووم لەو کەسانەی لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا چاودێریی خوێندکارەکانم دەکرد، تیایاندا بوو کە تەمەن و نیوی منی هەبوو و کەسایەتی ناسراو بووە، بەڵام کتێبەکەی لەبەینی رانیدا دادەنا و لە کتێبەکەوە دەینووسیەوە. بەخۆم چەندین لێکۆڵینەوەی ماستەرو دکتۆرام بینیوە کە بەهای وتارێکی نووسەرێکی تازەپیاکەوتووی نەبوو، تەنانەت خاڵ و فاریزەی نەزانیوە بەکاربێنێت و، بە دانسقە پەراوێزی داناوە، جگە لەمانە لێکۆڵینەوە هەیە کە بڕوانامەی دکتۆرا و ماجستێری پێ وەرگیراوە کە سەدی حەفتا و هەشتای لە ئەنتەرنێتەوە کۆپی و پاستە کردوە. ئێستاش پیتێکی دالیان داناوە و ئیشی باشیان دراوەتێ، لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان لە رێگەی حزبەکانەوە بوونەتە بەرپرس یان ئیشی باشیان پێ دەستکەوتوە..

بە بڕوای من حاڵی زانکۆ ئەهلیەکانی ناو کوردستان رەنگە بەیەك پلە باشتربێت، ئەویش ئەوەیە کە خوێندن تیایاندا بە سیستەمی رووبەڕووە، ئەگەرچی ئەوانیش بۆ هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگانییە بە یەکسانی، بەڵام لە خراپترین حاڵەتیدا هەبوونیان باشترە و دیاردەیەکی شارستانیە، ئەگەرچی تاچەند زانکۆکە ئەبێت مەرجەکانی خوێندنی باڵا پەیڕەو بکات، دەبێت خوێندکارەکانیش بەهەمان شێوە هەموو مەرجەکانی خوێندکارێکی جیدیان تیابێت کە ڕێز لە خوێندن و زانست دەگرن. لە کۆتاییشدا مەسەلەکە تەنیا دانپیانانی رەسمی نییە بە بڕوانامەکانیاندا، چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا خوێندکارەکە بڕوانامەکە وەردەگرێت، گرنگ جیدیەت و رەچاوکردنی مەرجە زانستیەکانە لە دەرچوواندنی خوێندکارەکان.

# گۆڕانی پێوەندییەکانی نێوان ئیسلامیی پرەگماتی و ئیسلامیی سەلەفی

ناڕەزاییەکانـــی ئـــەم دواییەی جیهانی ئیســـلام بەرامبەر بەو فلیمەی کە بەشێکی کەمی لە یوتیۆپ بڵاوکراوەتەوەو تێیدا ســـووکایەتی بەئیســـلام کراوەو هێرش کردنە ســـەر باڵیۆزخانەو کۆنسوڵگەرییەکانی ئەمریکاو چەند وڵاتێکی ئەوروپی، نیشـــانی دەدات کـــە خەریکە لە وڵاتانی بەهـــاری عەرەب پێوەندیی نێوان دوو ڕەوتە سەرەکییەکەی بزاڤی ئیسلامی، واتە ئیســـلامییە پرەگماتییەکان و ســـەلەفییەکان، بەرەو پێکدادان و ڕووبەڕووبونەوە دەچێت.

بـــۆ ئیســـلامییە پرەگماتیکییەکان، گەیشـــتن بەدەسەڵات لەوڵاتانی بەهاری عەرەب دەرفەتێکە بۆ سەلماندنی شایستەیی و توانایان لەحوکمڕانیدا، بەڵام سەلەفییەکان لەم گۆشەنیگایەوە سەیری مەسەلەکە ناکـــەن و پێیـــان وایە گەیشـــتنی ئیســـلامییەکان بەدەســـەڵات دەرفەتێکە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی بەموســـڵمانکردنەوەی کۆمـــەڵ و خۆراپســـکاندن لەکاریگەرییەکانـــی شارســـتانێتی ڕۆژئـــاواو چڕکردنەوەی خەبات لەدژی ئەمریکا.

ئیســـلامییە پرەگماتییەکان، بەتایبەتی گرووپی ئیخوان موسلمین لەمیسرو بزووتنەوەی نەهزە لەتونس، نکوڵی لەوە ناکەن کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆیان و سەلەفەییەکان لەیەك سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە، بەڵام ئەوان لەســـەلەفییەکان زۆرتـــر بەتەنگ ئەوەوەن کە مەرجە پێویستەکانی سەرخستنی ئەزمونی حوکمڕانیی ئیسلامی فەراهەم بکەن و زۆرتر باوەڕیان بەوەیە کە گەیشتن بەدەسەڵات پێش هەر شتێك لێپرساوێتییەکی گەورەیەو پێویستی بەسەقامگیرییە.


ئەگەرچـــی ئیســـلامییە پرەگماتییـــەکان و ســـەلەفییەکان یەکدەنگن لەســـەر سەرزەنشت کردنی فلیمەکـــەی دژ بەئیســـلام و دەربڕینـــی ناڕەزایی، بەڵام ڕووداوی وەك هێرش کردنە سەر باڵیۆزخانەکان و دروست کردنی پشـــێوی لەوڵات و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا، بۆ پرەگماتییەکان مایەی بەختـــەوەری نییە چونکە هـــەم کاریگەریی خراپ لەسەر ڕەوشـــی ئابوریی وڵاتەکانیان بەجێ دێڵێت و هەم ڕەوشی ئاسایشی ناوخۆ دەشڵەژێنێت. ئیسلامییە پڕەگماتییـــەکان پەی بەوەش دەبـــەن کە وروژاندنی هەســـتی ئاینی لـــەدژی ڕۆژئاوا، ســـەلەفییەکان وەك پاڵەوانی شـــەقام نیشـــان دەدات و ڕق نەك هەر دژ بەڕۆژئـــاوا دروســـت دەکات، بەڵکو هەروەها دژ بەو ئیســـلامییانەش کـــە بەهەڵبژاردن گەیشـــتوون بەدەسەڵات. لەناوەڕاستی ئەیلولدا ئیخوانەکانی میسر وازیان لەســـازکردنی خۆپیشـــاندان لەدژی فلیمەکە هێناو بڕیاریان دا تەنیا بەشێوەیەکی ڕەمزی بەشداری لەناڕەزایـــی دەربڕینەکانی مەیدانـــی تەحریر بکەن. خیرەت شاتر جێگری ڕابەری گشتیی ئیخوان هێرش کردنە ســـەر باڵیۆزخانەی ئەمریکای بە ((ناڕەوا)) داناو لەبرووســـکەیەکدا بۆ ڕۆژنامـــەی ((نیویۆرك تایمس))وتی: ناکرێ لێپرساوێتیی ئەم فلیمە بخرێتە ئەستۆی حکومەت و گەلی ئەمریکاوە.

شێواویی ڕەوشی ئاسایش لەبەرژەوەندیی ئیسلامییە پرەگماتیکییەکانـــدا نییە چونکە کاریگەریی خراپ لەسەر ئابووری بەجێ دێڵێت. بەڵام سەلەفییەکان گوێ نادەنە ئەم مەسەلەیە. هیچ کام لەمیسرو تونس وڵاتی نەوتی نین و لەهەردووکیاندا گەشتوگوزار بەشێکی گرنگـــی داهات دابین دەکات. ئەمە بەم مانایە دێت کە لێرە بەدواوە، ڕادەی وەبەرهێنان لەم دوو وڵاتە بەرەو کزی دەچێت و داهاتی گەشتوگوزاریش دادەبەزێت. ســـەلەفییەکان لەبنەڕەتدا دژی گەشتوگوزارن وەك بوارێکی دابینکەری داهات و پێیان وایە گەشتوگوزار بەبێ لادان لەبنەما ئاینییەکان نابێت. لەتونس هێرشی سەلەفییەکان بۆ سەر ئوتێلێکی گەشتیاری لە سیدی بووزید ڕەنگە ســـەرەتای هەوڵدان بێت بۆ وێرانکردنی گەشتیاری. سەلەفییەکان حزبی نەهزە بە کەمتەرخەم دەزانن و وای دادەنێن کە ئەم حزبە پێداویستییەکانی گێڕانەوەی ئیســـلامگەرایی دابین نەکـــردووە. لەم سۆنگەیەوە سەلەفییەکان تائێستا پەلاماری چەندین بـــارەگای حزبی نەهزەیان لەچەند شـــارێکی تونس داوەو سوتاندوویانە. سەرۆکی بزووتنەوەی نەهزە ڕاشد غەننوشی بەئاژانسی فرانس پرێسی ڕاگەیاندووە کە ســـەلەفییەکان ((مایەی هەڕەشەن نەك هەر بۆ سەر نەهزە بەڵکو بۆ سەر ئازادییە گشتییەکان و ئاسایشی وڵاتیش)). لەمیسر هەموو خۆپیشاندانە توندوتیژەکان و ئۆپەراسیۆنەکانی هێرش کردنە سەر باڵیۆزخانەکان دەستی حزبی ئەســـالەو حزبی نوریان تێدایە کە دوو حزبی سەلەفین.

ئەگەر ئەم ڕەوتە لەســـەر ئەم هەنگاوانەی ئێستا بەردەوام بێـــت، ڕەنگە لێـــك نزیکبونەوەیەکی زۆرتر لەنێوان ســـەلەفییەکان و ڕێکخراوی قاعیدە دروست ببێت، بەتایبەتی کە خەریکە پرەنســـیپە تیۆرییەکانی هـــەردوولا بەرامبەر بە ئیســـلامییە پرەگماتییەکان و ڕۆژئـــاوا دەبێت بەیەك. لەهەلومەرجی ئێســـتادا، قاعیدەو ســـەلەفییەکان لەقازانجیاندا نییە ئەزمونی ئیخوان لە میسرو ئەزمونی نەهزە لە تونس سەرکەوتن بەدەســـت بێنن. ئەمەش هانیـــان دەدات تەنگ بەم دوو ئەزمونە هەڵچنن و کێشـــەیان بۆ دروست بکەن. ئەمە نیشانی دەدات کە ســـەلەفیەت وەك ڕەوتێکی خاوەن ســـتراکتۆرێکی ئایدیۆلۆژیی پشت ئەستوور بەتوندوتیژیـــی ســـوننەگەرایی، لەگەڵ هیچ ڕەوت و بۆچوونێکـــی دیکەدا ناژێـــت. ئەمەش تەنیا یەك مانای هەیە، ئەویـــش ئەوەیە کە قۆناغی ململانێی نێوان ئیســـلامیی پرەگماتی و ئیسلامیی سەلەفی دەســـتی پێکردەوەو ئـــەم ململانێیـــەش بەدڵنیاییەوە ململانێیەکی سەخت و توندوتیژ دەبێت.

**سەلەفییەکان پێیان وایە گەیشتنی ئیسلامییەکان بەدەسەڵات دەرفەتێکە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی بەموسڵمانکردنەوەی کۆمەڵ و خۆراپسکاندن لەکاریگەرییەکانی شارستانێتی ڕۆژئاواو چڕکردنەوەی خەبات لەدژی ئەمریکا**

**ئیسلامییە پرەگماتییەکان، بەتایبەتی گرووپی ئیخوان موسلمین لەمیسرو بزووتنەوەی نەهزە لەتونس، نکوڵی لەوە ناکەن کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆیان و سەلەفەییەکان لەیەك سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە**



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

# ئەو یەکە نیشتەجێیانەی دروست دەکرێن پشکی (٥٠٪)ی بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی حکومەتە و پشکی(٥٠٪)ی بۆ هاووڵاتییانی ئاساییە

- لە دوای دوو مانگی دیکە هەموو یەکەکانی ٢٠١٢ دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە
- ماوەی دانەوەی قستەکە نابێت لە ٢٥ ساڵ کەمتر بێت و پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ دەتوانرێت یەکەکە بفرۆشرێت
- لە بودجەی تەرخانکراوی ساڵی ٢٠١١دا لە شاری(هەولێر ٣٧٢ یەکەی نیشتەجێبوون و دهۆک ٢٨٠ یەکە و سلێمانی ٦٢١ یەکە و گەرمیان ٦٩ یەکە ) دروست دەکرێت





نەهرۆ ئەکرەم بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەو نیشتەجێکردن بۆ(گوڵان):

# یەکەکان بەبێ پێشەکی دەدرێن بەو کەسانەی کە داهات سنووردارن و خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ نین

• • •

**یەکەکانی نیشتەجێبوون بووەتە ئەو پرسەی کە قسەوباسێکی زۆری لەبارەوە دەکرێت، بەتایبەت بۆ ئەوانەی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان نییە، ئەم بابەتە راستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە، لەچەند ساڵی رابردووشدا ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە دروست کرا بەهۆی بازرگانیکردن پێوەی نەتوانرا بەپێی پێویست رۆڵیان لەکەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون هەبێت، هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمجارە لەرێگای پرۆسەیەکی تازەوە یەکەی نیشتەجێکردن بۆ هاووڵاتیان دروست دەکات بەتایبەتی بۆ خەڵکی داهات سنووردار و کەمدەرامەت ئەمەش شان بەشانی ئەو یەکە نیشتەجێیانەی کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان بەهاوکاری و پاڵپشتی سندووقی نیشتەجێکردن دروست دەکرێت.**
**بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەووردەکارییەکان ؛ چەند پرسیارێکمان لە نەهرۆ ئەکرەم بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کرد کە لەم راپۆرتەدا پوختەی وەڵامەکانی دەخەینەڕوو.**

• • •

**• کێبڕکێ بۆ سوودمەندبوون لە یەکەکان نابێت**

سەبارەت بەو قۆناغ و شێوازانەی لەلایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەبواری دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون گیراونەتەبەر، نەهرۆ ئەکرەم بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وتی: لەدوای ئازادیی عیراق و بوونی پشکی بوودجەی حکومەتی هەرێم لە بودجەی گشتیی عیراقدا بەپێی ئەو بودجەیە و ئەو بڕەی بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن تەرخان دەکرا،یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دروست کراوە، لەپاشان حکومەت پێی باش بوو بەپێی بەرنامە و یاسایەك پرۆسەی یەکەی نیشتەجێکردن بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست بکات بەتایبەتی بۆ خەڵکی داهات و دەرامەت سنووردار کە ئەمە شان بەشانی ئەو یەکەی نیشتەجێیانەی کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان بەهاوکاری و پاڵپشتی سندووقی نیشتەجێکردنە، چونکە لەکاتێکدا ئەو یەکەی نیشتەجێیانە بەپاڵپشتی دەستەی وەبەرهێنان دروست دەکرێن لە ئاستی خواستی خەڵکی هەژارو داهات سنووردار نییە).



**حکومەتی هەرێم بڕی ٤٩ ملیار دیناری بۆ دروستکردنی ١٢٧٠یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان کردووەو لە بوودجەی ساڵی ٢٠١٢شدا ٢٠٠ملیار دینار بۆ دروستکردنی ٥ هەزار یەکە و ٥٠ ملیاریش بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی ئەو پڕۆژانە تەرخانکردووە**

•••

**لەکاتی وەرگرتنەوەی فۆڕمەکاندا تەنیا داواکاریی ئەو هاووڵاتیانە ڕەچاو دەکرێت کە خەڵکی یا دانیشتووی ئەو شوێنەن ( شار، قەزا، ناحیە) کە یەکەکانی لێ دروست دەکرێت و ئەمانەش بە بەڵگەنامەو پشتگیریی پێویست و پسوولەی خۆراک دیاری دەکرێت**

•••

**نرخی یەکەکان لەسەر بنەمای خەرجیی کۆتایی تێچووی ڕاستەقینەی یەکەکانە لەگەڵ خستنە سەری خەرجیی کارگێڕی و سەرپەرشتیاریی پڕۆژەکە بە ڕێژەی (١٪) دەبێت**

•••

**ئەو کەسەی ئەو یەکانە وەردەگرێت پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ دەتوانێت یا بۆی هەیە یەکەکەی بفرۆشێت، بەمەرجێک هەموو قستەکانی لەسەری ماوە بیداتەوە**

•••

**ئەو کەسانەی لە یەکەکان سوودمەند دەبن لەکاتێکدا یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی(خاوەنی پێداویستی تایبەت) بێت، ئەوە نهۆمی زەمینی پێ دەدرێت**

•••

**لە شارەکان یەکەکان لە شێوەی باڵەخانەی فرە نهۆمین و لە قەزاو ناحیەکان باڵەخانەی سێ نهۆمین و خانووش دەبێت**

•••

**یەکەکان بێ پێشەکین و وەرگرتنی نرخی یەکەکان بەشێوەی قستی مانگانەیە یا ساڵانە دەبێت**

### ● ڕێنمایی و پێوەرەکانی دابەشکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون

سەبارەت بەوەی هیچ یاسایەك بۆ دروستکردنی یەکەی نیشەجێکردن لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە دەرچووە بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وتی:( یاسایەك بەهاوکاری پەرلەمانی هەرێم داڕێژرا لەژێر یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٨و ڕەشنووسی یاساکەش بە هاوکاریی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ئامادە کراوە و لەپاشان ڕەوانەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان کرا و لەوێشەوە پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی پەسند کرا، ئەو یاسایەش یاسای دابینکردنی خانوو و یەکەی نیشتەجێ بوونە بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بۆ خەڵکی داهات سنووردار. بەپێی یاسایی ژمارە (٧)ی ٢٠٠٨ ئەو خەڵکە داهات سنوورداره ناتوانن بە هیچ شێوەیەك پێشەکی بدەن و لەو کاتەشدا سوودمەند نەدەبوون بۆیە یاسای ژمارە (٧)ی ٢٠٠٨ بەیاسای یەکەمین هەموارکراوی ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠١١ بۆ هەمان مەبەست دەرچوو لە یاسا هەموارکراوەکەدا پێش هەموو شتێك ئەو خاڵە هەڵگیرا کە دەڵێت ئەوەی لەو یەکانە سوودمەند دەبێت، دەبێت پێشەکی بدات، خاڵێکی دیکە لە یاساکە بڕیاری لەسەردرا کە سندووقی نیشتەجێکردن دروست بکرێت و ئێستا سندووقەکە دروست کراوە، هەروەها لە یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٨ لە ماددەی (٩) و لە یاسای ژمارە (١٦) لە ماددەی (٧)دا ئاماژە بەوە دەدات کە لایەنە پێوەندارەکان لە حکومەت لەسەریان پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاساکە دەربکەن وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن کە لایەنێکی سەرەکیی پێوەندارە کە دەبێت ئەو یەکە نیشتەجێیانە دروست بکات، بۆیە ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن چەند ڕێنمایی و پێوەرێکمان دانا کە خۆی لە هەشت تەوەر دەبینێتەوە کە هەر تەوەرەیەکیش چەند خاڵ و بڕگەی گرنگ و پێوەستن بە یاساکەو هاووڵاتیانی سوودمەند لە یەکەکان، لێرەدا هەندێك لە خاڵی تەوەرەکان وەکو نموونە دەخەینەڕوو:

تەوەرەی یەکەم: لە ڕینماییەکان دەڵێت:( سوودمەند لەو یاسایە کێیە و ئەرکی جێبەجێکردن دەکەوێتە سەرکێ؟، سوودمەند لە یاساکە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە کە خێزاندارن یا بەخێوکەری خێزانن و داهاتیان سنوورداره و تا ئێستاکە نەبوونەتە خاوەن یەکەیەکی نیشتەجێ و ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکە بەپلەی یەکەم لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنە، هەروەها لەم تەوەرەیەدا باسی ئەوە دەکات کە دەبێت وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاکان زەوی بۆ ئەو یەکانە دابین بکەن بەبێ بەرامبەر و ساڵانە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی داراییەوە بودجە بۆ دروستکردنی یەکەکان تەرخان دەکات).

لەتەوەرەی دووەمی ڕێنماییەکان: مەرجە سەرەکییەکانی پێشکەشکردنی داواکاریی هاووڵاتیان دەخاتەڕوو کە بەم مەرجانەی خوارەوە دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن و سوودمەند بن:

١- سوودمەند لەم پڕۆژیە دەبێت هاووڵاتی هەرێمی کوردستانی عیراق بێت و تێیدا نیشتەجێ بێت.

٢- خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ نەبێت (خانوو بێت یا شوقە).

٣- ئەو هاووڵاتیانەی داواکاری پێشکەش دەکەن دەبێت پێشتر لە هیچ پڕۆژەیەکی تری نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان سوودمەند نەبووبێت، هەروەها خاوەنداریەتی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ نەبێت.

٤- سوودمەند نەبووبێت لە پێشینەی خانووبەرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

واتە بەهەبوونی ئەو چوار مەرجەی ئاماژەمان پێدان، ئەوە هاووڵاتی داهات سنووردار دەتوانێت لەکاتی دابەشکردنی فۆڕمەکان، فۆڕم پڕ بکاتەوەو بەشدار بێت لە کێبڕکێدا بۆ سوودمەندبوون لە یەکەکانی نیشتەجێ و کێبڕکێیەکەش خاڵبەندی تێدا ڕەچاو دەکرێت و خاڵەکانیش لەسەر ئەو بنەمایانەوە دادەنرێت کە لە تەوەرەی حەوتەمی ڕێنماییەکاندا باس کراوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

١- چەند ساڵە هاوسەرگیری کردووە، بۆ هەر ساڵێکی هاوسەرگیری خاڵێکە و لە ٥خاڵیش زیاتر نییە، واتە ئەگەر ماوەی هاوسەرگیرییەکەی ٢٠ساڵیش بێت ئەوە تەنیا ٥ خاڵی بۆ دادەنرێت.

٢- ژمارەی هەر ئەندامێکی خێزانێك یەك خاڵی بۆ دادەنرێت و تا (١٠) خاڵ، ئەگەر خێزانێك ١٢یا١٤ کەس بن هەر ١٠خاڵ هەژمار دەکرێت.

٣- بەڕەچاوکردنی پێوەرەکانی بڕگەی شەشەمی ئەم ڕێنماییە ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکانی خێزانێك لە ژیاندا نەمابێت (٢) خاڵی سەربار وەردەگرێت.

بۆ زانینی ئەو وردەکارییانە فۆڕمێك لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ئامادە دەکرێت و پێش شەش مانگ لە تەواو بوونی یەکەکان بەسەر هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی داهات سنووردار دابەش دەکرێت.

### ● دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون

تەوەرەی سێیەم: یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەوەیە کە بەشێوەی قۆناغ و لە چوارچێوەی بودجەی دابینکراوی ساڵانەدا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ژمارەیەك یەکەی نیشتەجێ لە

شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکات و لەسەر ئاستی هەرێم ڕایدەگەیەنین و لەسەر ئەو بنەمایەشەوە پشکی پارێزگاکان دیاری دەکرێت و وەزارەت هەماهەنگی دەکات لەگەڵ پارێزگاکان بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە ژمارەی پێویست لە یەکەکان لە ناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکانی سەر بەسنووری پارێزگاکان بە مەبەستی دیاریکردن و دابەشکردنی پشکەکان.

هەروەها وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بانگەواز دەکات بۆ وەرگرتنی داواکارییەکان بەمەبەستی فرۆشتنی یەکەکان بەو هاووڵاتییانەی مەرجەکان و پێوەرەکانی سوودمەندبوون لەم یاسایە دەیانگرێتەوە و ناوەندەکانی وەرگرتنەوەی داواکارییەکان لە لایەن یەکە ئیدارییەکانەوە دیاری دەکرێت و بۆ هاووڵاتیان ڕادەگەیەنرێت بەمەبەستی پێشکەشکردنی داواکارییەکان و بەرامبەر بەوەرگرتنی فۆڕمەکە پسولەو کۆدی تایبەت بە هاووڵاتییەکان دەدرێت بۆ دڵنیابوون لە جێگیربوونی مافی کێبڕکێ و فەراهەم کردنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت هاووڵاتیان لەسەر بنەمای خاڵبەندی و ڕیزبەندکردن. هەروەها لەکاتی وەرگرتنەوەی فۆڕمەکاندا تەنیا داواکاری ئەو هاووڵاتییانە ڕەچاو دەکرێت کە خەڵکی یا دانیشتووی ئەو شوێنەن ( شار، قەزا، ناحیە) کە یەکەکانی لێ دروست دەکرێت و ئەمانەش بە بەڵگەنامەو پشتگیریی پێویست و پسوولەی خۆراك دیاری دەکرێت، بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەڵگەنامەو پشتگیری تەواو و دروستیان نەبێت پشتگوێ دەخرێت و دەرفەتی کێبڕکی بۆ سوودمەندبوون لە یەکەکان نابێت و ئەو یەکە نیشتەجێیانەی دروست دەکرێت پشکی (٥٠٪)ی هەر ناوچەو شوێنێك بۆ کارمەند و فەرمانبەرانی حکومەتە لە دەوام بەردەوام بن یا خانەنیشین بن هەردوو جۆری دەگرێتەوە و پشکی(٥٠٪ )ی بۆ هاووڵاتیانی ئاساییە.

**● نرخ و ماوەی دروستکردنی یەکەکان**

بریکاری وەزیر باسی لە تەوەرەی چوارەمی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ سوودمەندبوونی هاووڵاتیانی داهات سنووردار ڕوونکردەوەو وتی: لە تەوەرەی چوارەمی ڕێنماییەکان ئاماژە بە ماوەی دروستکردن و نرخی یەکەکان و شێوازی وەرگرتنەوەی قستەکان و بەناوکردنی یەکەکان کراوە کە بەشێك لە خاڵەکانی ئەو تەوەوەرەش بریتین لە: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بە مەبەستی دروستکردنی یەکەکان لە کاتی دیاریکراودا بەشێوەیەك لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی دروستکردنی یەکەکان تا ئەو کاتەی ڕادەستی هاووڵاتیان دەکرێت نابێت لە دوو ساڵ تێپەڕێت، هەروەها نرخی یەکەکان بەمەبەستی فرۆشتنی بە هاووڵاتیانی سوودمەند لەسەر بنەمای خەرجی کۆتایی تێچووی ڕاستەقینەی یەکەکان لەگەڵ خستنە سەری خەرجیی کارگێڕی و سەرپەرشتیاریی پرۆژەکە بە ڕێژەی (١٪) دەبێت و، یەکەکان بێ پێشەکییە و وەرگرتنی نرخی یەکەکان بەشێوەی قستی مانگانەیە یا ساڵانەیە و ماوەی دانەوەی قستەکە درێژخایەنەو نابێت لە ٢٥ ساڵ کەمتر بێت و ئەو کەسەی ئەو یەکانە وەردەگرێت پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ دەتوانێت یا بۆی هەیە یەکەکەی بفرۆشێت بەمەرجێك هەموو قستەکانی لەسەری ماوە بیداتەوە و کەسی سوودمەندبوو تا ١٠ ساڵ دەبێت خۆی لەیەکەکە نیشتەجێ بێت و ناتوانێت بیفرۆشێت یا بەکرێی بدات.

**● شێوازی دروستکردنی یەکەکان و دیاریکردنی نەخشەکانیان**

تەوەرەی پێنجەمی ڕێنماییەکان بریتییە لە شێوازی دروستکردنی یەکەکان و دیاریکردنی نەخشەکانیان کە لە شارەکاندا یەکەکان لە شێوەی باڵەخانەی فرە نهۆمین و لە قەزاو ناحیەکان باڵەخانەی سێ نهۆمین و خانووش دەبێت، بەڵام بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە ڕووبەری زەویی باڵەخانەی فرە نهۆمی پەسند ترە و ئەو کەسانەی لەم یەکانە سوودمەند دەبن لەکاتێکدا یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی(خاوەنی پێداویستی تایبەت) بێت ئەوە ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندییە دەکرێت و نهۆمی زەمینی پێ دەدرێت.

**● دابەشبوونی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەهەرسێ پارێزگا**

سەبارەت بەوەی تا ئێستاکە هیچ بودجەیەك بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بەپێی ئەو یاسایە بۆ خەڵکی داهات سنوودار تەرخانکراوە و هیچ پرۆژەیەك دەستی پێکردووە بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن وتی: هەر لەکاتی یاسای یەکەمین هەموارکراوی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بەدابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی داهات سنووردار لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی خۆیدا بڕی ٤٩ ملیار دیناری بۆ دروستکردنی ١٢٧٠یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان کرد و لەسەر بنەمای دانیشتوان و پێویست بەسەر هەر سێ پارێزگا دابەش کرا و ئەو یەکانە لە ناوەندی پارێزگاکان بە شێوازی باڵەخانەی سێ نهۆمی دروست دەکرێن و لەم ژمارە یەکانەدا شاری(هەولێر ٣٧٢ یەکە و دهۆك ٢٨٠ یەکە و سلێمانی ٦٢١ یەکە و گەرمیان ٦٩ یەکەی ) بەرکەوتووە، جێبەجێ کردنی ئەم یەکانە لە هەر سێ شار دەستی پێکردووە، بەڵام لە بودجەی ساڵی ٢٠١٢دا ٢٠٠ملیار دینار بۆ دروستکردنی ٥ هەزار یەکە تەرخانکراوە و ٥٠ ملیاریش بۆ دروستکردن و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان ئەو پرۆژانە تەرخانکراوە، واتە پرۆژە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی ناو پرۆژەی یەکەکان وەکو تۆڕی دابەشکردنی ئاو ئاوەڕۆ و ڕێکخستن و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان لەسەر ئێمەیە و گەیاندنی سەرچاوەی خزمەتگوزارییەکان وەکو ئاو و کارەبا و دروستکردنی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی دەکەوێتە سەر وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان و ئەو پرۆژەی یەکەکانی ساڵی ٢٠١٢ش کە قەزاو ناحیەکانیش دەگرێتەوە لە قۆناغی جیاجیادان، بۆ نموونە یەکە هەیە لە قۆناغی دیزاین و تەندەرینە و پرۆژە هەیە بە بەڵێندەر دراوە بۆ جێبەجێکردنی و لە هەر شوێنێکیش لە کارو پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوونەکان دواکەوتن هەبێت هۆکاری سەرەکیی گرفتی دابینکردنی زەوییە، گەرچی لە دوای دوو مانگی دی هەموو یەکەکانی ٢٠١٢ش دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

هاوکات لە بەرنامەدایە لە بوودجەی ساڵی ٢٠١٣ش ٥ هەزار یەکەی دیکە بۆ هاووڵاتیانی داهات سنووردار دروست بکرێت، هەر بۆیە ئەوەی لە حکومەتی هەرێم و ئەو بەرنامەیە تۆکمەیە چاوەڕوان دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەزمەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو بە تەواوی قەیرانی نیشتەجێ نامێنێت بەمەرجێك بەو شێوەی ئێستاکە بودجە دابین بکرێت و ڕەچاوی کات و ساڵەکان و گۆڕانکارییەکان بکرێت بەتایبەتی لە نرخی کەرستەی بیناسازی و کارەکانی دیکەی جێبەجێکردنی پرۆژەی یەکەی نیشتەجێیەکان.


**● دانانی سندووقی نیشتەجێکردن**

سەبارەت بە دانانی سندووقی نیشتەجێکردن بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن وتی: لەهەمان ئەو یاسایەی کە دەرچووە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیانی داهات سنووردا ئاماژە بەوە دەدات کە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن سندووقێکی نیشتەجێکردن دروست بکرێت بۆ بەردەوامی بەپرۆسەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ و ئەو بودجەی بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێکردنەکان تەرخان دەکرێت لەگەڵ ئەو قستانەی لە هاووڵاتیانی سوودمەندبوو وەردەگیرێتەوە دەخرێتە ناو ئەو سندووقەوە بۆ بەکارهێنانی درووستکردنی یەکەی دیکەی نیشتەجێکردن واتە سندوقەکە بۆ ڕێکخستنی سیستەمی دارایی پرۆژەی درووستکردنی یەکەی نیشتەجێیە بۆ هاووڵاتیانی داهات سنووردار و ئەو سندووقە ئێستاکە دروستکراوەو ڕێنمایی بۆ ئەو سندووقە دەردەچێت بۆ ئەوەی دەستبەکاربێت و دەستەیەکی کارگێڕیشی بۆ دادەمەزرێت.

# ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەرەو یۆبیلی زێڕینی هەنگاو دەنێت




## ڕادیۆیەکی نیشتیمانی، بە سەداکەی هەموو پارچەکانی کوردستان کۆ دەکاتەوە



## سەکۆیەک بۆ گەیاندنی داوا و داخوازییە ڕەواکانی میللەتی کورد




## ڕادیۆی دەنگی کوردستان پێوەندییەکی بنەمایی پێکهێنا بۆ ناساندنی واتاکانی ئازادیی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردیی

لە گەرمەی دەســـتپێکردنی شۆڕشـــی مەزنی ئەیلوول، ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەك فێرگەیەك بوو بـــۆ گۆشـــکردن و پەروەردەکردنی ڕۆحی بەرەنـــگاری و بەرخودانی کورد، لە ژینگەیەکی پڕ لە داگیـــرکاری و دیکتاتـــۆری ئەوکاتەی عیراقدا کە کەمترین مۆراڵـــی مرۆڤانەی تێدا دەدۆزرایـــەوە، لـــە وڵاتێکدا کە ترادیســـیۆن و پرەنســـیپەکانی پـــەروەردەی خەڵکـــی بەهۆی دەسەڵاتە شـــۆڤینیەکانی حەرەس قەومیەکان و هاوشـــێوەکانیانەوە پڕ بوو لە تۆمارەکانی شـــەڕ و گرتن و کوشـــتنی بێتاوانان، بە تایبەتیش لە بەرانبەر خەڵکی کوردســـتان کە ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکان عیراق بە هەنجەتی بێ کرۆك و بێ بنەما شەرعیەتیان بە تاوانەکانیان لە دژی کورد دەدا، لەو کاتانەدا ڕادیۆی دەنگی کوردســـتان پێوەندییەکـــی بنەمایی پێکدێنێ بۆ ناســـاندنی واتاکانـــی ئازادیی تاك و کـــۆی کۆمەڵگەی کوردیی، هەر بەو نەفەســـەوە دەستی بە پەخش کردووەو ئێســـتاش لـــەم ســـەردەمە جەنجاڵە و لەم دنیا تێکچڕژاوەی پڕ لـــە بەرژەوەندخوازی وڵاتانی دنیادا ســـەداو دەنگـــی ئەم ڕادیۆیە بە شـــێوازێکی ســـەردەمیانە بژارەکانی بەردەستی زۆر بـــوون و بە شـــێوەیەك گەشـــەی کردووەو بەرنامەکانی بۆ بیســـەرانی زرنگ و خەڵکانی تینوو بە ســـەربەخۆیی و ڕزگاریی یەکجارەکی نیشـــتمانەکەیان پەخش و بـــڵاو دەکاتەوە، هەر چۆن پێشـــتریش تاکە مینبەری گەیاندنی پەیام و هەواڵەکانی شـــۆڕش بـــووەو لە نێو جەرگەی شۆڕشـــێکی مەزنیشـــدا لە دایکبووە، لەگەڵ دەســـتپێکی کارەکانیدا تا بە ئەمڕۆمان دەگات و بـــە تێپەڕبوونی قۆناغە جیاجیاکان هەمیشـــە ســـەکۆی گەیاندنی داوا و داخوازییە ڕەواکانی میللەتی کورد بووە.

● **دەزگایەك بۆ ناســـاندنی هەیبەتی گەلێکی ستەملێکراو**

لـــەم ڕۆژانەدا ٤٩ ســـاڵ بەســـەر تەمەنی ئەم ڕادیۆیە تێپەڕی و بەرەو یۆبیلی زێڕینی هەنگاو دەنێت ئەمەش بـــۆ ڕادیۆیەکی کوردی مایەی شانازییەکی گەورەیە، ســـەبارەت بە گەیاندنی هـــەواڵ و زانیارییەکانی نوێی ســـەردەمیش بە خێراییەوە لەلایـــەن دەنگی کوردســـتانەوە، لەو ســـەردەمەی ئێســـتادا کە ڕووداو و هەواڵەکان زۆر بە خێرایی و ڕاستەوخۆیی دەگوازرێنەوە بۆ بیسەر و بینەران، (سالار عوسمان) بەڕێوەبەری گشـــتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان وتی: ئێمە لە دەنگی کوردســـتان وەك بەشـــێك لە میدیای کـــوردی، هەوڵمانـــداوە خۆمـــان بگونجێنیـــن لەگەڵ ئەو پێشـــکەوتنەی ئێستا هەیە، بۆیە لە ڕێـــگای تۆڕی پەیامنێرانمانـــەوە کە لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردســـتان هەن، هەواڵ و ڕووداوەکان بەخێراییەوە بە گوێگران دەگەیەنین،

بۆ ئەم مەبەستە بەپێی میکانیزمێك هەر سەرە سەعاتێك هەواڵەكان بەشێوەیەكی زیندوو بڵاو دەكەینەوەو هیچ دەنگوباسێك نییە كە بەبێ پەیامی پەیامنێران تێپەڕێت، جگە لەوەش ئەگەر هەواڵێك یان ڕووداوێكی لەناكاو هەبێت ئەوا ئێمە زووتر بڵاومان كردۆتەوە.
ئەم مامەڵەیە لە دەنگی كوردستان بەشێوەیەكی باش بەڕێوە دەچێت بە ڕەچاوكردنی وردی زیاتر لە راستی و دروستی هەواڵەكان، چونكە ئێمە بەر لە خێرایی بڕوامان بە پرەنسیپێكی گرنگتر هەیە ئەویش بریتییە لە پرەنسیپی راستگۆیی، بۆیە هەمیشە هەوڵمانداوە راستگۆیی بخەینە پێش خێرایی، چونكە رادیۆی دەنگی كوردستان هەم لە دوێنێی خەباتی خۆی لە شاخ و هەم لە ئێستادا بە راستگۆیی ناسراوە و هەمیشە بە راستگۆیی هەواڵ و رووداو و زانیارییەكانی گواستۆتەوە و نەكەوتۆتە نێو هەڵەوە، ئەم نەكەوتنە نێو هەڵەیەی دەنگی كوردستان بۆ ئێمە مایەی شانازییە و بەردەوام كاری لەسەر دەكەین.

**● مینبەرێك بۆ دەنگی هەموو كوردستانیان**

دەنگی كوردستان سەردەمێك مایەی ئیلهام بەخشی پێشمەرگە و تاكە سەرچاوەی گەیاندنی پەیامی سەركردایەتی كورد بوو بە گەلی كوردستان، لەم سەردەمەی ئێستادا دەنگی كوردستان چۆن توانیویەتی بە هەمان نەفەسی پێشمەرگایەتی كاری خۆی ئەنجام بدات، لەم بارەیەوە سالار عوسمان پێیوایە ((حەقیقەتێك هەیە كە پێویستە باس بكرێت ئەویش ئەوەیە كە رادیۆی دەنگی كوردستان لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانكارییە سیاسی و كەلتووری و تەنانەت تەكنۆلۆژیەكانیش كە لە كوردستان هەیە وەكو دوێنێی خۆی گۆڕاوە، ئەمە بە مانای ئەوە نییە كە گۆڕین لە رووخساردا كار لە ناوەڕۆك بكات، ناوەڕۆك وەكو خۆی ماوە كە بریتییە لە بەرگری كردن لە نەتەوەیەك، میدیایەك بەرپرسە و رەسەن و سەنگینە، میدیایەك هەمیشە لەگەڵ دۆزی رەوای گەلەكەی خۆیەتی، بەڵام بە گۆڕان و نوێ بوونەوە وگونجان لەگەڵ ئەو سەردەمە، ئەوەی لە دەنگی كوردستان ئەنجام دەدرێ بڕوا بوونە بە مەسەلەی نەتەوەیەك، هەروەها راستییەك هەیە كە دەبێ ئاماژەی پێبكەین ئەویش ئەوەیە هەوڵ دەدرێ و كارێكی زۆر دەكرێ بۆ ئەوەی رادیۆی دەنگی كوردستان لە ئۆرگانی بوون و زمانحاڵی بوون دەرباز بێت و ببێتە رادیۆیەك هەموو كوردستانیان بە هی خۆیان بزانن، بۆیە هەوڵمانداوە جگە لەوەی بەرگری لە پارتی دیموكراتی كوردستان بكات لە كاتی پێویست بەتایبەتی لە قۆناغە زۆر گرنگەكان، بەڵام لە كاتە نۆرماڵ و ئاساییەكاندا دەنگی هەموو خەڵكی كوردستانە و جێگای هەموو بیروڕا جیاوازەكانی تێدا دەبێتەوە و دەرفەت بۆ هەموو ئەوانی دیكە دەڕەخسێنێ رای خۆیان دەربڕن، ئەگەر ئێمە بتوانین دەنگی كوردستان بكەین بە رادیۆی هەموو خەڵكی كوردستان و خەڵكیش بە رادیۆی خۆی بزانێت، ئەوا ئێمە دەبین بە خاوەنی رادیۆیەكی نیشتیمانی گەورە، ئەمەش خەونێكە بەردەوام لە خەیاڵدانی ئێمەدایە كە دەنگی كوردستان بگەیەنینە هەر چوار پارچەی كوردستان و كوردانی هاندەران و لە یەك چركەساتدا لە هەولێر و قامیشلۆ و مهاباد و ئامەد گوێی لێبگرن، بۆ من و ئەوانەی لە دەنگی كوردستان كار دەكەین ئەمە هەمیشە خولیایەكە و هەوڵ دەدەین بە جددی كاری بۆ بكەین.

**● بەرەو یۆبێلی زێڕینی**

دەنگی كوردستان بەرەو یۆبێلی زێڕینی هەنگاو دەنێت ئەمەش بۆ میدیای كوردی بە گشتی دەستكەوتێكی مێژووییە لەم بارەیەوە وتی: ئێمە دەنگی كوردستان بەو شێوەیە دەبینین كە تەنیا رادیۆیەك و ئۆرگانی حزبێك و مینبەرێكی میدیاییش نییە، بەڵكو ئەگەر مێژووی دەنگی كوردستان بخوێنینەوە هەندێك جار وەكو قوتابخانەیەك دێتە بەرچاو، هەندێك جار لێرەو لەوێ وەك مینبەرێك ورادیۆی دایك ناوزەد دەكرێت، چونكە ساڵێكی تر تەمەنی دەبێتە پەنجا ساڵ ئەمەش لەكاری میدیای بەرپرسی نیشتیمانی كوردستانی ئەرشیفێكی گەورەیە بۆ هەموو میدیاكانی كوردستان نەك تەنیا بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان و تەنانەت بەشێكە لە كلتووری سیاسی و شۆرشگێڕی و میدیایی لە كوردستان، كەواتە دەنگی كوردستان لە چوارچێوەی میدیایەكی حزبی دەترازێ و دەچێتەو نێو ئەرشیفی نەتەوەیەك وەكو قوتابخانەیەك وێنای خۆی دەكات و لەدوا جاریش دەبێتە بەشێك لە شانازی میدیا لە سەرتاسەری كوردستان، ئەگەر ئێمە بمانەوێت رادیۆیەك بێت لە ئاستی رادیۆیەكی نیشتیمانی گەورە، پێویستە لە سەرەتاوە دەست بە داڕشتنەوەی ئەم رادیۆیە بكەین لەرووی تەكنیكی، سیاسی، توانای ماددی، ستافەوە، پێگەیاندنی كادری نوێ، بیناو كەرەستەكانی بەشێوەیەكی گشتی، پێڕاگەیشتن بە هەموو پارچەكانی كوردستان و تێكەڵ كردنی هەموو پارچەكانی كوردستان، بە رەچاو كردن و پاراستنی تایبەتمەندێتی باشووری كوردستان، هەموو ئەمانە ئەجێندای كاری فراوان و بەشێك لە بیركردنەوە و خەیاڵ و خولیای ئێمەن كە راشكاوانە دەڵێم لە توانای ئێمەدا نییە بە تەنیا، رووی دەمم لە سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێم كە لەم هەنگاوەدا هاوكارمان بن، رووی دەمم لە سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان و هەموو لایەنەكانە لە ئێمە بگەن كە دەمانەوێ ببین بە خاوەن رادیۆیەكی لەم ئاستە دیارە مەبەستێك هەیە مەبەستەكەش ئەوەیە كە كورد شایەنی ئەوەیە رادیۆیەكی هەبێت لە هەموو پارچەكانی كوردستان گوێی لێ بگیرێت، رادیۆی دەنگی كوردستان نزیكترین تایتڵ و باشترین ئەدرێسی گەیشتنە بەم ئومێدە، واتە لە هەموو رادیۆكانی دیكە شایەنترە بۆ ئەوەی ئەم شانازییە پێ ببردرێ، دیسان دەیڵێمەوە ئەمە كار و داوای ئێمەیە و ئومێدەوارم هەموو لایەنەكان هاریكارمان بن.



(سالار عوسمان) بەڕێوەبەری گشتی رادیۆی دەنگی كوردستان:

## لە خەیاڵدانی ئێمەدایە كە دەنگی كوردستان بگەیەنینە هەر چوار پارچەی كوردستان و كوردانی هاندەران و لە یەک چركەساتدا لە هەولێر و قامیشلۆ و مهاباد و ئامەد گوێیان لێبێت